# پێشەنگ ۱۵

ئەدەبی، فەرهەنگی، هونەری، رۆشنبیری

19 ساڵ لەمەوبەر لە وەها رۆژانێك دا بوو كە هەزاران كەس لە باشترین منالانی ئەم دەڤەرە پاش چەندین ساڵ دیلی و یەخسیری و ئازار لە دادگای چەند چركەیی دا ئێعدام كران. لەو ساتەوە هەتا ئێستا كە بە بەشداری بنەماڵە و هەڵسوراوانی بزوتنەوە كۆمەلایەتیەكان لە گوڵزاری خاوەران رێز لە یاد و بیرەوەری ئەو ئازیزانە دەگیرێ ...

دنیایەكی كە تێیدا ژیان بەسەر دەبەین، ئەوەندە سەروەتمەندە كە نیازی بەكاری منالان نەبێت. خاوەنی ئەوەندە كەرەسە و ئیمكاناتە كە بتوانێ برسێتی، نەداری، و "كۆیلەیی منالان"ی پێ لەڕیشەوە هەڵتەكێنێ. بەلام، كێشەی سەرەكی خودی نیزامی سەرمایەداریە ...

رێز وخۆشەویستیی چێگوارا لەپاش چل ساڵ لە مەرگی لەناو زۆربەی خەڵكی ولاتانی جۆراوجۆردا هەنوكەش زیندووە و لە پەرەسەندن دایە كە ئەو خۆشەویستییەش سەرچاوەگرتوو لە هەوڵ و فیداكارییەكانی ئەو سۆسیالیستە پارتیزانە لەپێناو بنەبڕكردنی ستەم و چەوساندنەوە و بەدیهێنانی ژیانێكی شیاوی ئینسان بۆ هەژاران و بێبەشانی جیهانە ...

وشە، شێعر، شاملوو، ئەمانە چۆن تەعبیر بكەین؟ شاملوو گەورە شاعیری دەیە چل بەرەو ژووری ئێران بە حەق وشەی لە ناو وشەدا تواندووە ...

# پێشەنگ ژمارە: 15

**هاوینی 1386ی هەتاوی**

خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد ساڵحی

سەرنووسەر: سەعید ئەمانی

دەستەی بەرێوەبەر:

بێستون

ناسر حەقپەرەست

شورش محەمەدی

کەریم ئەمانی

رووبەرگ و مونتاژ: هیوا عەبدی

ئیمەیل: (peshang2@msn.com)

تەلەفون:

07701934573
07701567854

نرخ: 1500 دینار / 1000 تمەن

بۆ ئاگاداری خوێنەران:

- کەڵك وەرگرتن لە بابەتەکانی پێشەنگ بە ئامارژە کردن بە سەرچاوە ئازادە.
- ناوەرۆکی بابەتەکان تەنها نوسەرەکانی لێی بەرپرسیارن.

| ناوی بابەت: | نووسەر یان وەرگێر: | لاپەرە: |
|---|---|---|
| **وتار:** | | |
| ڕێز دەگرین لە ناوت بە سرودی "دەشتی خاوەران"! | و: بێستوون | 5 |
| "رۆژی جیهانی منالآن، و کۆیلە کەم تەمەنەکان" | ئا: سەعید ئەمانی | 7 |
| "گیڤارا"، قارەمانێکی جاویدان، لە چلەمین ساڵیادی مەرگی دا | ئا: پێشەنگ | 10 |
| کاری سزای ئێعدام نەک سڕینەوەی بە تەنها مرۆڤێک.. | ن: ناسر حەقپەرەست | 15 |
| قسەو باسێک سەبارەت بە هونەری کرێکاری | و: کەریم ئەمانی | 19 |
| بەجیهانی کردن کەلێنە چینایەتییەکان زیاتر دەکات | ن:واندانا شیوا ـ و:سمکۆ نوری | 24 |
| ڕەساڵەتی وشە لە شێعرەکانی شاملوودا | ن: محەممەد تەرەغە | 29 |
| مێژووی رۆژی جیهانی مندالآن و بیرۆکەی ... | ئا: کەریم ئەمانی | 37 |
| **پروشە:** | | |
| "من هیچ پێویستیەکم بە ئاسمان نییە... | ئا: پێشەنگ | 40 |
| ئاشتی لەگەڵ ئەدەبیاتی ئەمریکادا | ن: سوهرابی مەلا ئاوارە ـ و: شەماڵ | 44 |
| بیرەوەریەکانی زیندان | ن: ف. ئازاد | 46 |
| "من قینم لە ڕێبەر بوونە" ... | و: سەباح مرادی | 52 |
| جیهانێکی جیاواز | ن: شۆڕش محەممەدی | 54 |
| عەشق | و: هێمن ئەمانی | 56 |
| **چیرۆك:** | | |
| دەیەمین ڕۆژی مەدرەسە | ئا: پێشەنگ | 60 |
| مشکەکان شەوانە ئەخەون! | ن: ولفگانگ ـ و:بیستون | 63 |
| بیابان | ن: ناسر حەقپەرەست | 66 |
| چەند کورتە چیرۆکێک بۆ منالآن | و: شۆرش محەمەدی | 69 |
| **شێعر:** | | |
| چەند شێعرێکی بیانی | و: م. تەرەغە | 73 |
| "تۆرانی زەردەخەنە" | ن: سەعید ئەمانی | 74 |
| "ئەستێرە بە سێدارەوە" | ن: فەریبا مەرزبان ـ و: پەیمان | 76 |
| منالی سەر شەقام | و: دەریا | 77 |
| چند شێعرێکی ڕازان | | 79 |
| نامەیەک لەناخەوە | ن: شەماڵ | 80 |
| "ژیان ئێوارەیەکی پاییزیە" | ن: هەژیر نینا | 81 |



بابەت و بەرهەم، سەرنج و پێشنیارەکانی خۆتانمان بۆ بنێرن.
"پێشەنگ"

# دوو پازدە ژمارە لە دوو دەورەدا

خوێنەری ئازیز! تۆ ئێستا سەرگەرمی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژمارە 15ی گۆڤاری پێشەنگی. ژمارەیەکی کە لە باری چەندایەتیەوە هەوڵەکانی دەستەی بەڕێوەبەر و دڵسۆزانی ئەو گۆڤارەی گەیاندە ئاستی کارێك کە پێشتر لەلایەن هاوڕێیانمان لە نێوکانونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان، و لە دەورەی یەکەم دا، بە سەمەریان گەیاندبوو. واتە، ئێستا دەتوانین بڵێین ئەمە ژمارە 30 ی گۆڤاری پێشەنگە لە چاپ هاتۆتە دەر. و جێی خۆیەتی بە ڕێزەوە سەرنجی ئەو هەولانە بدەین و بەش بە حاڵی خۆمان شانازی پێوە بکەین.

ژمارە 15ش کۆمەڵێك بابەتی هەمەڕەنگی لە ئامێز گرتووە کە بەشێك لەو بابەتانە، بە هۆی گرنگی و جیهانی بونیان، لە ساڵدا، رۆژ و بۆنەی تایبەتیان بۆ دیاری کراوە. یان، سەبارەت بە گەورەیی کارەساتەکەی، لە ناوچەیەك، یان لەلایەن چینێکی کۆمەڵایەتیەوە، یادیان دەکرێتەوە. وەك: قەتڵیعامی زیندانیانی سیاسی لە ئێران، لە ساڵی 1367ی هەتاوی دا، ڕووداوێکی کە لە ماوەی چەند مانگ دا بە هەزاران کەس لە زیندانیانی ئازادیخواز، چەپ و کۆمۆنیستی، لەو پەڕی وەحشیگەری دا لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە، تێدا کۆمەڵ کوژ کرا. رۆژی جیهانی منالان، رۆژێکی کە لەلایەن تێکۆشەرانی لایەنگری لە مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافی منالان بە تایبەتی و رێکخراو و ناوەندە ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبەکانەوە، لە ڕێ و ڕەسمی جۆراو جۆردا، تیشك دەخرێتە سەر هەل و مەرج و شێوەی ژیانی بە شێکی بەرچاو لە منالانی چینی دەستکورت و کەم داهاتی کۆمەڵگای بەشەری، منالانێکی کە نیزامی سەرمایەداری بە گشتی و سیستمی بازاری ئازاد بەتایبەتی کردونیەتە کۆیلەی کرێگرتە و لە پێناو بەهرەی زیاتر دا ژیانی لێکردون بە دۆزەخ.

ساڵیادی گیانبەخت کردنی یەکێك لە سیماناسراوەکانی گۆڕەپانی خەباتی کۆمۆنیستی و یەکسانی خوازانە، یار و یاوەری گەلانی ژێر دەست، ئێرنێستۆ چەگوارا، کە ئێستا بۆتە سومبولی خەبات و خۆڕاگری لە لای توێژی ناڕازی لە نەزمی مەوجود.

رۆژی جیهانی بەرەنگار بونەوەی سزای ئێعدام، سزایەك کە لەلایەن دەسەڵات دارانێکەوە بەسەر قوربانیەکانی دا دەسەپێ کە خۆیان سەبەبکاری سەرەکی هاتنە ئارای مناسباتێکی چەوسێنەرانە و چینایەتین کە دەبێتە کانگای مەترسیدارترین جەنایەتەکان و هەر ئێستا توێژێکی بەرین لە ئەندامانی کۆمەڵگای بەشەری، بە هەست کردن بەم ڕاستیە، سەرگەرمی خەبات و بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ ئەم حوکمە نامرۆڤانەیەن.

گۆڤاری پێشەنگ، بە ئاوڕدانەوە لەو بۆنەو ڕووداوانە، بەش بە حاڵی خۆی، دەیەوێ دەنگی بخاتە پاڵ دەنگی هەموو ئەو رێکخراو، ناوەند و کەسایەتیانەی دەیانەوێ سەمەرەی هەوڵ و تێکۆشانیان ئاوەژووکردنەوەی مناسباتی نیزامی سەرمایەداری و چینایەتی مەوجود بێ و دەستەبەر بوونی ئیمکاناتی ژیانێکی ئینسانی بۆ گشت دانیشتوانی سەر گۆی زەوی.

***

# ڕێز دەگرین لە ناوت بە سرودی "دەشتی خاوەران"!

و. لەفارسییەوە: بێستوون

19 ساڵ لەمەوبەر لە وەها رۆژانێك دا بوو كە هەزاران كەس لە باشترین منالآنی ئەم دەڤەرە پاش چەندین ساڵ دیلی و یەخسیری و ئازار لە دادگای چەند چركەیی دا ئێعدام كران. لەو ساتەوە هەتا ئێستا كە بە بەشداری بنەماڵە و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە كۆمەڵایەتیەكان لە گوڵزاری خاوەران ڕێز لە یاد و بیرەوەری ئەو ئازیزانە دەگیرێ.

ئەمساڵیش سەرباری هەڕەشە و گوشاری كار بە دەستانی حكومەتی بۆ سەر بنەماڵەی ئەم گیان بەختكردووانە حەشیمەتێكی زیاتر لە 500 كەسی لە دایكان و باوكان و هاوسەران، هاوڕێیانی ئەم ئازیزانە بۆ جارێكی تر و لە ژێر چاودێری دەیان مەئموری ئاسایش و هێزی ئینتزامی و سەرەڕای خەندەكێكی قووڵ كە بە بیانووی راكێشانی ئاو لە بەردەم دەرگای چوونە ژوورەوەی گوڵزار لێدرابوو، وە تەپۆڵكەیەكی دروست كردبوو، پاش تێپەڕ بوون لە خاكڕێژەكان، لە دەروازەی پشتەوە چووینە ناو گوڵزارەكە ئێمە چەند كەسێك بووین كە زووتر لە ئەوانی دیكە گەیشتینە جێ. ئەم هەستەمان هەبوو كە بە هۆی هەڕەشەكانی پێشووترەوە ئەمساڵ كەمتر بەشداری بكەن. بە خێرایی چەند كەس لە لاوان لە بەردەم دەرگاكە حازر بوون بۆ ئەوەی خەڵكەكە و دایكان و باوكانی گیان بەختكردوان رێنوێنی بكەن. پاش كەمێك شایەتی هاتنی بنەماڵەكان و دایكان و باوكانی كۆست كەوتوو بووین، كە سەرەڕای بە ساڵ دا چوونیان و هەبوونی خەندەك و تەپۆڵكەش، بە سیمای لێبڕاوانە و چەپكە گوڵەوە، هاتنە ناو گوڵزارەوە، هەر بە گەیشتنیان بۆ گوڵزاری خاوەران، دەستیان كرد بە خاوێن كردنەوەی شوێنەكان و بە



دانانی چەپكە گوڵەكان و وێنەی گیان بەختكردوان، پارچەیەكیان بەم ناوەرۆكەوە هەڵواسی:" بەڕێز بێ یادی شەهیدانی 1367". بنەماڵەكان بە روویەكی گەشەوە پێشوازیان لە بەشدار بووان دەكرد و یەكتریان لە ئامێز دەگرت. بێ راوەستان و بەردەوام وێنە و فیلمی بەشدار بووانیان هەڵدەگرتەوە. یەكێك لە باوكانی كۆست كەوتوو كە تەمەنێكی بەسەر بردبوو بە دیتنی ئەم بارودۆخە وتی:" ئەمانە بیر دەكەنەوە بە لێدانی خەندەك دەتوانن رێگە لە هاتنی ئیمە بگرن". مەسەلەی گاڵتە جاڕانە ئەوە بوو لەم نێوەندە دا مەئمورێكی هێزی ئینتزامی هاتە پێشەوە و وێڕای سلاّو و دەربڕینی پرسەی خۆی وتی:" تكایە چونكە لۆدێرێك قەرارە كار بكات بەر لە سەعاتی 10 رێ و رەسمەكە تەواو بكەن كاتێك بەشدار بووان هیچ سەرنج و گرینگییان پێ نەدا، بە سەر لێشێواوییەوە لە ئێمە دوركەوتەوە. دواتر یەكێك لە بەشدار بووان كە خۆی پێشتر زیندانی سیاسی بووە و سەر بە بنەماڵەی گیان بەخت كردووان بوو وتی:" ئەوانە هەموو ساڵێك بەرنامەیان بۆ ئێمە بووە. لە مردووی خۆشەویستانیشمان دەترسن. هەڵبەت دەبێ بترسن، چونكە مەرگی ئەوان بە شانازی

و جەسووری بوو". یەکێکی تر وتی:" منداڵەکان مان لە پێناو مرۆڤایەتی و ماف و حەقیقەت دا گیانیان لە دەست داوە. ئەوان گیانیان لە رێبازی ئازادیدا بەخت کرد. ئەوان چیان لە ئێمە دەوێ؟ بەڵام من هەموو ساڵێك دێم، ئەگەر گەرەکیانە ئێمەش ئێعدام بکەن، بێ باکم. ئێمە هیچ ترسێکمان نیە". لە پاش ئەم قسانە چەند کەسێك بابەتی لەم جۆرەیان خوێندەوە. یەکێك لە



بەشدار بووان وتی: ئێمە دەبی یە کگرتوویی مان هەبێ، ئەو سەردەمەی کە ژمارەیەك، منداڵ، هاوسەر، خوشك و برا و هاوڕێیانیان لە دەست داو ولە ژێر گوشاردا بوون، ئەوانی تر کارێکیان نەکرد بەڵام ئێستا کە بارودۆخەکە زۆر گۆڕاوە و هەر کە رووداوێك روودەدات هەموو کەس، هەستی هاودەردی خۆی دەردەبڕێ، ئەو لە درێژەدا وتی زۆربەی ئەو خۆشەویستانەی لە خاك دا نووستوون، کەسانێك بوون کە چەندین ساڵ بە سەر حوکمی زیندانییەکەیان دا تێ پەڕ ببوو، ژمارەیەك لەو خۆشەویستانە لە دەرەوەی گرتووخانەکان بوون کە سەر لە نوێ دەست بەسەر کرانەوە.

یەکێکی تر لە بەشداربووان خوازیاری پێ ڕاگەیشتن و موحاکەمە کردنی بەڕێوەبەران و کار بەدەستانی ئەم جینایەتە بوون. وتەی بەشداربووان لە رێ و رەسمی ئەمساڵدا زۆر لێبڕاوانەتر لە ساڵانی پێشوو بوون. هەموو کەس بێ باکانە قسەی دڵی خۆی دەکرد و سەرباری هەڕەشە و گوشارەکانیان، هیچ ترس و دڵە راوکێ یەکیان نەبوو.

وەك هەر ساڵێك دەستە و کۆمەڵی سروود بێژ بە دەوری خاوەران دا دەسوڕانەوە و سروودی، "رێز لە خاکی پاکی دەشتی خاوەران دەگرین"، بڵێسە داوی یە لە چەمن، ئەنترناسیونال و چەندین سروودی تریان خوێند.

بە تەواوی شوێنەکەمان جێ نەهێشتبوو کە لۆدێرەکان گەیشتنێ هاوکات ژمارەی هێزەکانی ئاسایش زۆرتر دەبوون. لە کاتی چوونە دەرەوەدا نە گەیشتبووینە سەر جادەکە کە یەکێك لە خوێندکارانیان گرتوو بە لێدان و ئازاردان سواری ماشێنیان کرد. دواتر یەکێکی تریشیان گرت و هەر لەو کاتەدا هێزی فاتیمەی کۆماندۆ بۆ دەست بەسەر کردنی ژنەکان گەیشتنە جێ. هەتا ئەو کاتەی لەو شوێنە بووین شاهیدی دەست بەسەر کردنی 3 کەس بووین.

هەموو ساڵێك کاتی چوون بۆ خاوەران شاد و دڵخۆشین و دابڕان لەم شوێنە گەلێك دژوارە و پەژارەیەك سەر تاپامان دادەگرێ.

چونکە هۆگرییەکی لە ڕادەبەدەرمان بە گوڵەکانی پەڕ پەڕ بووی خاوەرانەوە هەیە. چونکە ئامانج و بیری ئەوان، ڕێگەمانە. رووخساری وێنەکانیشیان ئۆقرەی نیە و هاواری ئازادی و ڕزگاری و خەبات دەچڕن.

سەرچاوە: مانگ نامەی بەزر

***

# " رۆژی جیهانی منالآن، و کۆیلە کەم تەمەنەکان "

ئا : سەعید ئەمانی

دنیایەکی کە تێیدا ژیان بەسەر دەبەین، ئەوەندە سەروەتمەندە کە نیازی بەکاری منالآن نەبێت. خاوەنی ئەوەندە کەرەسە و ئیمکاناتە کە بتوانێ برسێتی، نەداری، و "کۆیلەیی منالآن"ی پێ لەڕیشەوە هەلتەکێنێ. بەلآم، کێشەی سەرەکی خودی نیزامی سەرمایەدارییە. ئەمە یاسای بنەڕەتی سەرمایەداری، یاسای زێدەبایی یە، کە منالآن دەکێشێتە ژێر کارەوە و دەیانکاتە کۆیلەی حەقدەست و دەیانچەوسێنێتەوە.

رۆژی هەشتی ئۆکتۆبر بەرانبەر بە شانزدەی ڕەزبەر ڕۆژی جیهانی منالآنە. ئەم رۆژە بۆنەیەکە سالآیانە بۆ ڕێزگرتن لە ماف منالآن لە سەرتاسەری دنیادا جێژن و ئاهەنگی جۆراوجۆری بۆ وەرێ دەخرێ. ئەمسالّ لە هەل و مەرجێك دا بە پیر ئەم رۆژەوە دەچین کە لە دنیای بەڕوالەت مۆدێڕن و پێشکەوتوودا نەداری و برسیەتی، چەوساندنەوە، هەلآواردن و نابەرابەری، دەستدرێژی جنسی، بەرێوەبردنی سزای ئیعدام و شەلاق، شەڕ و کوشت و کوشتار، تەوهین و سووکایەتی پێکردن، هەروا ژیانی مرۆڤەکانی گەمارۆ داوە. لەم نێوانەشدا ئەوە منالآنن کە کەوتوونەتە ناوجەرگەی ئەم هەل و مەرجە بێسەرەوبەرەی، سەمەرەی نیزامی سەرمایەداری یەوەو قورسایی بەرداشی ئەم بارودۆخە رۆژ لە رۆژ زیاتر خەریکە ژیان و گوزەرانی ئەم توێژەبێ دەسەلآت و بێ پشتیوانەی کۆمەلآگای بەشەری دەهاڕێ. منالآن، یەکەم قوربانیانی شەڕ و ئاوارەین و نەهامەتیەکانی بارانی بۆمب و موشەکەکانی دروستکاروی دەستی ئینسانی لە خۆ بێگانی سەردەم، بەر لە هەرکەس، ئاڕاستەی بەرژەوەندیەکانی ئەم توێژەیە. ئەگەر بمانەوێ

ئاماژە بە نمونەکان بکەین چارەنووسێکی کە ئێستا منالآنی عێراق، ئەفغانستان، فەلەستین و باقی ولآتانی شەڕ لێدراوی دنیا تێیدا قەراریان گرتووە و رۆژانە هەل و مەرجی فەلآکەتباری ژیانیان، بە شێوەی هەوالّ و ڕاپۆرتی جۆراوجۆر، لاپەڕەی رۆژنامەکانی دنیا دەڕازێنێتەوە، بەرچاوەو هیچ پاساوێك هەلّناگرێ.

منالآن بەئاشکرا بوونەتە کۆیلەی کرێگرتە لە سەرتاسەری دنیادا. ئەم "کۆیلە هەرزان باییانە" لە هەموو شوێنێك دەبیندرێن، لە باکوورەوە تا باشوور و لە ڕۆژهەلآتەوە تا ڕۆژئاوا. ئەم کرێکارە، یان باشترە بلێین، ئەم کۆیلە بێ داروبار و لاوازانە گشت کارخانە و مەزراکان، کارگای قالّی بافی و کانەجۆراوجۆرەکانیان پڕ کردووە و لە بارودۆخێکی گەلێك دژوار و نامرۆڤانە و تاقەتپڕوکێن دا، لە بەیانیەوە تا درەنگانی ئێوارە، سەرگەرمی کار کردنن.



"ڕێکخراوی نێو نەتەوەیی کار" ILO، ژمارەی ئەم کرێکارە کەم تەمەنانە، ژێر چواردە سالّ،ی بە باتر لە 400 چوارسەد ملیۆن کەس داوەتە قەلّەم. بەلآم ئەمە، بە هیچ شێوەیەك گشت ڕاستیەکان ئاشکرا ناکات.

تەنانەت کارناسانی خودی ئەم ڕێکخراوەیەش دانیان بەوەداناوە کە ژمارەی منالانی کار دەکرێ سێ تا چوار بەرابەری ئەم ڕێژەیە بێت. دەوڵەت و خاوەنکارەکان، دەستکەوتێکی زیاتریان لە شاردنەوەی ژمارەی کۆیلە هەرزان بایی و کەم تەمەنکانیان و بێسەروسەدا چەوساندنەوەیان دەچێتە گیرفانەوە تا ئەوەی بێن و ئامارێکی ڕاستەقینە بدەن بە دەستەوە.

کرێکارانی کەمتەمەن لە ئەندۆنزی توتن، لە سریلانکا چای، لە برێزیل قاوە، و لە میسر گوڵی یاسەمەن دەچیننەوە. لە هێند، ئەڵماس دەتاشن. و لە لێوارە پسان و بەرینەکانی پرۆدا، تەلا دەشۆنەوە. ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تەنیا لە هێند نزیک بە 70 تا 115 ملیۆن مندال خراونەتە ژێرکاری کۆیلانەی کرێگرتەوە. "کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پاکستان، HRCP، کرێکارانی منالی ئەم ولاتەی بە 12 ملیۆن مەزندە کردووە، کە نیوەیان لە خوارتەمەنی 10 ساڵیەوەن. بەلام، بە پێچەوانەی بۆچوونە باوەکان، دیاردەیەکی "کۆیلە هەرزان باییەکان" تایبەت بەولاتانی ناسراوبە دنیای سێهەم، یان "لە قۆناغی گەشەدا" نین. لە هەرجێیەک شوێنەوارێک لە نەداری و هەول بۆ زیندوومانەوە بەرچاو بکەوێت، ئەوانیش دەبیندرێن. تەنانەت لە ولاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی و بە ناو دیموکراتیک یش دا.

بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕەسمی "کۆنفدراسیۆنی نێونەتەوەیی یەکێتیە سەربەخۆکان "300 تا 500 هەزار کرێکاری کەمتەمەن لە کارگای پارچە بافی، چەرم سازی، کەوش درون، و مەزراکاندا سەرگەرمی کارن، کە زیاتر دەکەونە شارەکانی ناپل، میلان، جنوا و سیسیل. سەمەرەی کاری ئەم کۆیلە کەمتەمەنە کرێگرتانە بە ڕادەیەک زۆر و سەرسوڕهێنەرە کە بەشێکی بەرچاو لە شەبەکە مافیاییەکانی ئەو ولاتانەشی تێوە گلاوە. لە ئیتالیا و بەشێک لە ولاتانی تری پیشەسازی ڕۆژانە زیاتر لە 6 کاتژمێر کاربەم کرێکارانە دەکرێ بەلام حەقدەستی کەمتر لە یەک لە سێی کرێکارێکی ئاساییان دەدرێتێ.

ئەم کۆیلە کەمتەمەنانە، لە ولاتانی ئیسلامزەدە دا سەرەڕای هەل و مەرجی دژواری کار، سەر و کاریان لەگەل شەرع و یاسا گەلێکی وەحشیانەی سەدە ناوەڕاستیەکان دا هەیە و بە تەواوی ژیانی لێ کردوون بە دۆزەخ. بە ملیۆن منالی کرێکار لە ولاتانی ژێردەسەلاتی حکومەتی ئیسلامی دا گیرۆدەی یاساگەلێکی دواکەوتوانە و نامرۆڤانەن کە بە هیچ شێوەیەک کەمترین تروسکەی داکۆکی کردن لەم کۆیلە کەم تەمەنانەی تێدا بەدی ناکرێ. منال، بە گشتی لە یاسای ئەو ولاتانە دا مولکی سەربەستی بنەماڵەیە و مافی بەسەربردنی دەورانی ژیانی منالی و بەهرەمەند بوون لە خوێندن و گەشە کردنی، بەبێ ڕەزامەندی سەرپەرستی بنەماڵەکەی، لێزەوت دەکرێ و بە حوکمی ئەوەی بەشێکی زۆر، یان بە گشتی، ئەم منالە کرێکارانە سەر بە بنەماڵە نەدار و دەستکورتەکانی ئەو ولاتانەن کەوتوونەتە ئاوا هەل و مەرجێکەوە.



بە پێی ئاماژەی ڕاپۆرتە ڕەسمیەکان، ئێران سێهەمین ولاتی دنیایە لە ڕوانگەی بەرهەمهێنانی بەروبووی کاری دەستیەوە. تەنیا لە پیشەی قالی چنین دا، زیاتر لە دو ملیۆن کرێکار سەرگەرمی کارن، کە بە زیادکردنی بنەماڵەکانیان، بەم ئامارە، ئەم ڕێژەیە لە سنوری هەشت ملیۆنیش دەترازێ. بۆ نموونە لە کۆی دانیشتوانی یەک ملیۆن و 850 هەزار کەس دانیشتووی یەکێک لە شارەکانی ئەم ولاتە، 240 هەزارکەسیان بە پیشەی چنینی قالیەوە سەرگەرمن. کە ئەم ڕێژەیە دەتوانێ، کەم تا زۆر، ئاوێنەی بالانوێنی بەشێکی زۆر لە شارەناپیشەیی و کەم داهاتەکانی سەرتاسەری ئێران بێت. هەر ئەم ئامارانە دەڵێن زیاتر لە یەک ملیۆن و 300

هەزار کارگای قاڵیبافی تەنیا لە 30 هەزار گوندی سەرتاسەری ئێران دا دامەزرێندراون، و دیارە بەشی هەرەزۆری کرێکارەکانی ئەم ناوەندانەش لە منالاَن پێکدێت. سەرتاسەری شەقام و سەر چوار ڕێیانی شارە گەورەکانی ئێران پڕن لە منالْی دەستفرۆش کە هەر کامەیان بەش بە حالْی خۆی بە بەدەستەوە گرتنی بەستەیەك بنێشت، چەند بەستە دەسماڵ کاغەزی، چەند بەستە سیگار، چەند شاخە گوڵ و فرۆشتنیان، و یان، فلْچە بە دەستەوە خەریکی واکس کردنی کەوشی "خوا پێداوەکانن" تا یارمەتیدەری دابینکردنی پێداویستیەکانی بنەماڵە نەدار و دەستکورتەکانیان بن. هێندێك لەو منالاَنە، وەك شاگرد دوکاندارەکان، بەبێ ئەوەی حەقدەستێکی دیاریکراویان پێبدرێ سەرگەرمی کار و فێربوونی پیشەیەکن کە کەمتر لە ئامارە جۆراوجۆرەکاندا بەسەر دەکرێنەوە. پێویستە بە ئاماژەیە ئەو منالاَنەش کە لەگەڵ بنەماڵەکانیان لە کۆرە خشت پیژیەکاندا کار دەکەن لە جوملەی ئەو منالاَنەی کارن کە کەمتر لە ئامارەکاندا ئاماژەیان پێ دەکرێ. کچانی کەمتەمەن لە ژێر یاسا دواکەوتووەکانی دەسەلاَتی ئیسلامی لەئێران زیاترین گوشار وئەزیەت وئازاریان رووبەروو دەبێتەوە ولەماف پێشێلکراوترین بەشی منالاَنی ئێرانن. هەر لەتەمەنی نۆساڵییەوە بەژن بە حیساب دێن ودەخرێنە ژێر گوشارەوە تا بەپێی ڕێنمایی یاسا شەرعیەکان هەڵس وکەوت بکەن. دیارە ئەمەش خۆی دابڕینی ئەم منالْە کچانەیە لەدەورانی شیرینی تەمەنی منالْی و زیندانی کردنیانە لە ژێر ڕووپۆشە جۆراوجۆرە ئیسلامیەکان و کەلێن و پەسیوە تاریکەکانی یاسا نامرۆڤانە ودواکەوتووەکاندا.

لە ئێرانێکدا کە زیاتر لە 12 ملیۆن لە دانیشتوانی لە ژێر هێڵی نەداری دا ژیان بەسەر دەبەن، ئاساییە کە بارودۆخی ژیانی منالاَنی، دەبێ گەلێك لەوەی بیری لێدەکرێتەوە لە مەترسیدابێت. ئەمە لە حالێکدایە منالاَنی ئێران، بە پێی یاسا شەرعی و قەزاییەکان، بە هاسانی سزای ئیعدامیان بەسەردا جێ بە جێ دەکرێ و زیندانەکانی ئەم ولاَتە بەشێکی بەرچاو لە منالاَنی، بە بیانوی جۆراوجۆر، لە خۆ گرتووە. بەشێکیان، بە ناوی منالاَنی خیابانی، وێڵی کۆلاَن و شەقامی شارە گەورەکان بوون و بەردەوام لە ژێر ئەزیەت و ئازاری مەئمۆرانی ڕژیم و دەستدرێژی و سوئیستفادەی کەسانی قازانج پەرەست دان.

بە گشتی، دەکرێ بلْێین سایەی ڕەشی ڕژیمی سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژێکەوە کەوتۆتە سەر ژیانی خەڵکی ئەم ولاَتە نەهامەتی و ڕۆژ ڕەشی بۆ تەواوی دانیشتوانی ئێران بە گشتی و منالاَن بە تایبەتی بە دیاری هێناوە. ڕاپۆرتێکی هەواڵدەری حەیات دەڵێ "بە پێی ئاماری ینسکۆ بەشی ئێران لە منالاَنی خیابانی دا 400 هەزار کەسە... لەم ڕێژەیە وەك ئامارێکی کە بەڕێوەبەرایەتی خانەی سەوز (ناوەندی شناسایی، کۆکردنەوە و ئاگا لێبوونی منالاَنی خیابانی لە تاران) سەر بە معاونەتی شارەداری تاران بلاَوی کردۆتەوە، بەبێ بە هەژمارکردنی منالْی شارۆمەندانی خاریجی، نزیك بە 25 تا 30 هەزار منالْی خیابانی لە تاراندا هەن، و ڕۆژانە 100 تا 150کەسیان لێ دەمرێ. لە کۆی منالاَنی خیابانی لە تاران، 60 لە سەدیان خەڵکی شارەکانی دیکەن.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە، لە وەها هەل و مەرجێك دا، بەڕێوە بردنی ڕۆژی جیهانی منالان و بەرپا کردنی جێژن و ریٚ و ڕەسمی جۆراوجۆر لە سەرتاسەری دنیا دا، چ بارێك لەسەر شانی منالاَنی ئازار چێشتووی کار و بێبەش لە خوێندن و گشت مافێکی منالْی، شادی و خۆشیەکانی ژیان سووك دەکات؟ منالاَن نیازمەندی دنیایەکی دوور لەم ڕەنج و ئازارانەن، ئەوان ئاسایش و بەهرەمەند بوون لە گشت پێداویستیەکانی ژیانیان دەوێ و دەبێ بۆیان دەستەبەر بکرێ. ئەمەش بەبێ ئاوەژوو کردنەوەی مناسباتی زاڵ بەسەر دنیای ئەمڕۆدا بە تەواوی نا مومکینە و دیارە تەنیا هەوڵ و کۆششێکی گشتی دەتوانێ لە دۆزەخی ئەم نیزامە قازانج پەرستەمان ڕزگار بکات و بمانگەیەنێتە ئاستی دەستەبەربونی داخوازیەکانمان و هاتنەئارای دنیایەك منالاَن سەردەمی منالْی خۆیانی، بەواتای ڕاستقنە، تێدا تێپەڕکەن.

***



# "گیڤارا"، قارەمانێکی جاویدان

**لە چلەمین ساڵیادی مەرگی دا**

ئا: پێشەنگ

"ئێرنێستۆ رافائێل گوارا دلاسێرنا " ناسراو بە "چێگوارا " شۆڕشگێڕی مارکسیست و سەرکردەی شەڕە پارتیزانیەکانی کوبا لە 14ی ژۆئەنی 1928 لە ئارژانتین لەدایك بوو. "چێگوارا" یەکێك لە ئەندامانی سەرەکیی بزووتنەوەی 26 ی ژولای بە ڕێبەریی فیدێل کاسترۆ بوو کە لە ساڵی 1959 لە کوبا بە دەسەلات گەیشت. ئەو پاش ماوەیەك کە چەندین بەرپرسیارێتی گرینگی لە دەوڵەتی نوێی کوبا دا بوو، لە ساڵی 1966 بە هیوای وەڕێخستنی شۆڕشگەلێکی هاوشێوە لە ولاتانیتردا کوبای بەجێ هێشت. ئەو لە سەرەتادا دەوڵەتی کۆماری دێمۆکراتیکی کۆنگۆی کردە ئامانج و لە پاشان چوو بۆ بولیویی و لەوێ لە عەمەلیاتێکی سەربازییدا کە لە لایەن ڕیکخراوی " سیا"وە بەرنامەڕێژیی بۆکرابوو، دەستگیر کرا. بەرپرسانی سیا هیوایەکی زۆریان بە زیندووهێشتنەوەی چێگوارا و لێ دەرکێشانی زانیارییەکانی هەبوو، بەلام ئەرتەشی بولیویی ئێعدامی کرد. لە پاش مەرگی، چێگوارا بوو بە قارەمانی بزوتنەوە شۆڕشگێرانە سۆسیالیستەکانی ولاتانی جێهانی سێهەم. ئەو زیاتر لەوەیکە وەك تیئۆریسییەن و گەلالەداڕێژەری شەڕە نامونەززەمەکان ڕێزی لێ بگیرێ، بە هۆی رۆحی گەورە و باوەڕە شۆڕشگێرانەکانی ستایش دەکرێ.

### چێگوارا لە سەردەمی گەنجی دا

چێگوارا لە شاری دوساریۆی ئارژانتین لە بنەماڵەیەکی سپانیایی _ ئیرلەندیی‌دا چاوی بە ژین پشکووت.

ئەو کە لە بنەماڵەیەکی مامناوەندیی بە باوەڕی چەپگەرایانەوە گەورە بوو، بە هۆی باوەڕ و ڕوانگە پڕجۆش و خرۆشەکانیەوە لە ناو ئەندامانی بنەماڵەدا گەلێك بەرچاو بوو. سەرەڕای ئەوەیکە نەخۆشیی لەپێ خەری ئاسم بە توندیی ئازاری دەدا، توانی ببێتە وەرزش وانێکی لێهاتوو. لەساڵی 1948 بۆ خوێندن لە رشتەی پزشکی دا چووە زانکۆی بۆینێس ئایرێس و لە مارسی 1953 دا خوێندنی پزشکیی تەواو کرد.

لە ساڵی 1951 دا بە پێشنیاری هاوڕێ زیندەوەرناسەکەی " ئالبێرتۆ گڕانادۆ" کە لە هەڵسوڕاوانی سیاسیی بوو، بۆ ماوەی ساڵێك مەرەخەسیی وەرگرت و بە ماتۆڕسیکلێت سەفەری بۆ ولاتانی ئەمریکای لاتین کرد.

یادداشتەکانی ئەو سەفەرە لەژێرناوی " بیرەوەرییەکانی ماتۆڕسیکلێت" بەچاپ گەیشتووە. ئەوەیکە لە هەژاریی و دەستەنگیی جەماوەری خەلك چاوی پێی کەوت، ئەوی گەیاندە ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگای نەهێشتنی هەژاریی لە کۆمەڵگەدا شۆڕشە.

لە سەفەرەکانیدا فێربوو کە ئەمریکای لاتین نەوەك کۆمەڵێك لە میللەتانی جۆراوجۆر، بەڵکوو وەك کۆمەڵەیەکی کلتوریی_ئابووریی وەك یەك بناسێت.

ئازادیخوازییەکەی ئەو پێویستیی بە ستراتێژێکی واوەتر لە یەك ولات بوو.

لەپاش گەڕانەوەی بۆ ئارژانتین، خوێندنی پزشکیی لە کەمترین کاتی مومکین دا تەواو کرد، هەتا بتوانێت درێژە بە سەفەرەکانی بۆ ئەمریکای لاتین بدات.

## گواتێمالا

لەپاش تەواوکردنی زانکۆی بۆینێس ئایرێس لەساڵی 1953، گوارا چوو بۆ گواتێمالا. لەو کاتەدا " جاکوب ئاربێنز گازمەن" لە سەرووی دەسەڵاتێکی جەماوەریی بوو. هەر لەو سەردەمەدابوو کە گوارا ناسناوی "چێ"ی دەستەبەر کرد.

"چێ" لە ئارژانتین بۆ بانگ کردنی کەسێک بەکاردێ و لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینیش دا بۆ بانگ کردنی خەڵکی ئارژانتین بەکاری دێنن. لەپاش ئەوەیکە لەساڵی 1954 دا دەسەڵاتی ئاربێنز بە کودەتای ئەمریکا لەناوچوو، " چێگوارا" گەیشتە ئەو ئاکامەی کە نوکی پەیکانی هێرشەکانی دەوڵەتی ئەمریکا هەمیشە بەرەو ئەو دەسەڵاتانەیە کە لە هەوڵی نەهێشتنی بێبەشییە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و وڵاتانیتری لەحاڵیگەشەدان. ئەم باوەڕە بوو بە شادەماری سەرەکیی ڕوانگە ستیراتێژیکەکانی " چێگوارا" وە خۆیشی گەلێک جار لە قسە ونووسراوەکانیدا ئاماژەی پێکرد. لەپاش کودەتا، " چێگوارا" ئامادەیی خۆی بۆ خەبات ڕاگەیاند، بەڵام ئاربێنز داوای لە لایەنگرانی کرد کە وڵات جێ بهێڵن. چێگوارا خۆی گەیاندە کونسولگەریی ئارژانتین.



## کوبا

"چێگوارا" لە مێکزیکۆسیتی لە حاڵێکدا چاوی بە برایانی کاسترۆ کەوت کە ئەوانیش لە کوبا تەبعید کرابوون. فیدێل و ڕائۆل کاسترۆ لە حاڵی سازدانی هێزێکی پارتیزانیی بۆ گەڕانەوە بۆ کوبا و لەسەرکارلابردنی ڕێژیمی "باتیستا" دا بوون. گوارا بەخێرایی پێیان پەیوەست بوو، ئەم ڕەوتە دواتر ناوی بزووتنەوەی 26ی ژوڵای لێ نرا. لە نۆوامبری 1956 ( کاسترۆ) و ( چێگوارا) هاوڕێ لەگەڵ 80 چریک لە حاڵێکدا " تۆکس پان"یان بەرەو کوبا جێ هێشت کە گوارا تەنیا کەسێک بوو لە ناویاندا کوبایی نەبوو. لەپاش ماوەیەکی کورت دوای دابەزینی ئەو شۆڕشگێڕانە لە کەناری باتلاقیی ( نیکۆئدۆ)، هێزە نیزامییەکانی ( باتیستا) هێرشیان کردەسەریان. تەنیا 16 کەسیان توانیان ڕزگاریان بێت. "چێ" کە پزیشکی ناویان بوو کۆڵەپشتییەکەی کە هەڵگری دەوا ودەرمان بوو، نایە زەوی هەتا چەک و تەقەمەنیی یەکێک لە هاوڕێیانی کە ڕایکردبوو، هەڵیگرێتەوە. ئەو لەوساتەوەختە وەک خاڵی دەستپێکردنی خۆی لە پزیشکێکەوە بۆ خەباتکارێک یاد دەکاتەوە.

وێڕای ئەم زەربەیە، پارتیزانە شۆڕشگێڕەکان بە دەستەبەرکردنی هێندێک چەک ، وەرگرتنی هیزی خۆجێیی لە ناوچە گوندنشینەکان و بەدەستهێنانی پشتگیریی ڕوناکبیران و هێزە کرێکارییەکان، توانییان

دیسانەوە خۆیان بگرنەوە. ( گوارا) بە بوێرییەکی بێهاوتا و لێهاتوییەکی تایبەتیی لە فنونی شەڕ دا توانی زۆر زوو ببێتە بەتواناترین و جێی‌باوەڕترین کادر لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوبادا. لە کۆتاییەکانی ساڵی 1958 لەپاش زنجیرە سەرکەوتنێکی یەك لەدوای‌یەك ، هێزەکانی ژێر فەرماندەیی ( گوارا) توانییان بە دەستبەسەرداگرتنی شەمەندەفەرێکی هەڵگری هێزە نیزامییەکانی باتیستا، شاری ( سانتاکلارا)ی کوبا بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و ئەم زەبرە کاریگەرە بوو بە کرانەوەی ڕێگای دەستبەسەرداگرتنی هاوانا و ڕاکردنی ( باتیستا) لە وڵات.

( گوارا) بیرەوەرییەکانی دوساڵ چالاکیی ئاڵ وگۆڕپێکهێنەرانەی خۆی لە کتێبێك دا لەژێرناوی ( بیرەوەرییەکانی شەڕە شۆڕشگێرانەکانی کوبا) لە ساڵی 1963 لەچاپ دا کە لەساڵی 1968 وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیسیی.

## دەوڵەتی شۆڕشگێر

لەپاش ئەوەیکە هێزە خەباتکارەکان شاری هاوانایان لە 2ی ژانوییەی 1959 دا گرتەدەست، دەوڵەتێکی سۆسیالیستیی نوێ دامەزرا. ماوەیەکی کورت دوای ئەو، گوارا بوو بە هاووڵاتیی کوبایی و لەگەڵ " ئالیدا مارچ" زەماوەندیان کرد کە دواتر بوونە خاوەنی 4 منداڵ.

گوارا بوو بە کەسایەتی‌یەکی بەرزی ناو حکومەتی نوێ، لە دامەزراوەی چاکسازیی بەشی وەرزێڕی‌دا چەند بەرپرسیارێتییەکی هەبوو وە سەرەڕای ئەوەش سەرۆکی بانکی نەتەوەیی کوبا و وەزارەتی پیشەی لەئەستۆ بوو. لەپاش ئەوەیکە لەساڵی 1960 دەوڵەتی ئەمریکا گوشاری ئابووریی دژ بە کوبا گرتەبەر، چێگوارا بەدانی نوێنەرایەتیی بازەرگانیی بە سۆڤیەت سەرەڕای بازاڕ لە کوبا، زەمینەگەلێکی بازەرگانیی لە ئەفریقا وئاسیاشی بۆ خۆشکردن. ئەو کە لە بوارە ئابووریی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی دەوڵەتی کاسترۆدا چالاکییەکی بەرچاوی هەبوو، زۆر بەخێرایی لەئۆروپا و وڵاتانی رۆژئاوایی وەك رەخنەگرێکی نەترسی ئەمپریالیسم و داگیرکاریی نوێ لە هاوشێوەکانی‌دا ناوی دەرکرد، وە بەهۆی هێرشە توندەکانی بۆسەر سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا لە ئەفریقا، ئاسیا و بەتایبەتیش ئەمریکای لاتین، خۆشەویستی‌یەکی بەرچاوی دەستەبەرکرد. لەو دەورەیەدا ئەو سیاسەتەکانی دەوڵەتی کوبای بەشێوەیەکی ڕوون وئاشکرا لەڕێگای قسەکردن، بابەت و ڕاگەیاندنەکانیەوە راگەیاند کە گرینگترینیان لە 2 کتێبی ئەودا سەبارەت بە شەڕە پارتیزانی‌یەکان باس کراون. یەکەم کتێبی بەناوی ( جەماوەر و سۆسیالیسم لەکوبا) لە ساڵی 1967 و کتێبەکەی تری لەبابەت( بزوتنەوە شۆڕشگێرانەکانی جوتیاران لە وڵاتانی لەحاڵی‌گەشەدا) بە چاپ گەیشت.

( چێگوارا) لەکتێبی دووهەمیدا بەناوی ( شەڕەپارتیزانی‌یەکان) فەلسەفەی بەرگری‌کردنی شەڕە نامونەزەمەکانی دایەبەرباس. ئەو لەوباوەڕەدابوو گروپێکی هەرچەند چکۆلانەی نیزامیی، بەهێرشی توند و جۆراوجۆر لەدژی دەسەلات، دەتوانێ کاریگەریی لەسەر هەستی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر هەبێ و ببێتە زەمینەخۆشکەری کەوتنەڕێی ڕاپەڕینێکی جەماوەریی وشۆڕشگێرانە، لەم ڕووەوە هیچ پێویستی‌یەك بۆپێکهێنانی هێزی نیزامیی بەربلاو بۆ شۆڕش نیە.

## کۆنگۆ

چێگوارا کاسترۆی رازی کرد تا بینێرێ بۆ ئەفریقا. ئەو پێی باش بوو لە بزوتنەوەی ( لۆمۆمبا) بەشداریی بکات. لەساڵی 1964 "گوارا" بۆ ماوەیەك لە لایەن رێبەری شەڕە پارتیزانی‌یەکانی کۆنگۆ ( لارێنت کابیلا)وە پشتگیریی لێ کرا و یارمەتیی لۆمۆمبا و هاوڕێیانی دا هەتا راپەڕینی ساڵی 1965 رێکبخەن کە بەهۆی خۆتێوەردانی ئەرتەشی دەوڵەتی کۆنگۆ سەرکوت کرا. "چێ" لەوکاتەدا تەنیا 35 ساڵی تەمەن بوو.

## نادیاربوونی چێگوارا

لە ئاوریلی 1965دا ئەو ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆی جێ هێشت و لەناکاودا وون بوو وە تا 14ی مارسی هەر ئەوساڵە لەپاش زنجیرە سەفەرێك بۆ کۆماری خەڵکی چین، میسر، ئەلجەزایێر، غەنا وکۆنگۆ گەڕایەوە لەگەڵ چوار هەواڵنێری بیانی، رایگەیاند کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی "گوارا" لەکاتی نادیاربوونیەوە خەبەردارە، بەڵام ئامادە نیە بیدرکێنێ.




بۆ هاوانا. لەماوەی نادیاربوونیدا شوێنی نیشتەجێبوونی لەهاوانا یەکێك لە ڕازە گەورەکانی خەڵکی کوبا لەساڵی 1965 دا بوو. هەمیشە لەو وەك دەسەڵاتی دووهەمی دەوڵەتی کاسترۆ بەڕێزەوە یادیان دەکردەوە. زۆرێك نادیاربوونیان دەگێڕایەوە بۆسەر ئەو ناکامەیانەی کە لە بواری سیاسەتە پیشەییەکانی کاتی بەرپرسیارەتێی ئەو لە وەزارەتی پیشەکانی کوبادا هاتبوونە ئاراوە. سیاسەتە لایەنگیرییەکانی "گوارا" لە چین ، بوو بە یەکێك لە گرفتە گەورەکانی دەوڵەتی کاسترۆ. چوونە ژێرگوشاری ئابووریی دەوڵەتی کوبا لە لایەن یەکیێتیی سۆڤییەتەوە رۆژ بەرۆژ زیاتر سەربەخۆیی لێ دەستاند. لەسەرەتای نۆوامبری هەرئەو ساڵەدا فیدێل کاسترۆ لە چاوپێکەوتنێکدا

## بۆلیوی

شك وگومان لەبابەت (گوارا)وە درێژەی کێشا. ژێنێراڵ " ئاڵمیدا" لە مەڕاسمی سەرەتای مانگی مەیدا لە قسەکانیدا وەك خزمەتگوزارێکی سادقی شۆڕش لە ئەمریکای لاتین یادی لە "گوارا" کردەوە. دواتر دەرکەوت کە ئەو لەکاتی نەبوونیدا لە کوبا، لەگەڵ پارتیزانە شۆڕشگێڕەکانی بۆلیویدا بووە.

بەشێك لە دارستانەکانی ( نانکۆهازێر) لە لایەن کۆمۆنیستەکانی بۆلیوییەوە وەك شوێنی ڕاهێنانی نیزامیی خرایە بەردەست ئەو.ئەوانە کە لەوکات دا لەوێبوون باس لەوە دەکەن کە تەمرینەکانی ( گوارا) گەلێك لە شەڕە واقعییەکان مەترسیدارتر بووە. لەپاش پشت سەرنانی ماوەیەکی کورت بۆ پێکهێنانی

ئەرتەشـێکی پـارتیزانیی بـەهێز، سـەرۆك کۆمـاری ئەوکاتی بولیـوی ( ریسـە باری نیتـوس) دەسـتوری بـە ئەرتەشی بولیوی‌دا کە " گوارا" و هاوڕێکانی دەستگیر بکەن ، سەری بڕن و بەسەر نوکی نەیزەوە لە گەڕەکی باشوریی ( لاپاز)ی دانێن.

پارتیزانە دەورەدیتووەکانی "چێگوارا" کە بەباشیی خۆیان سازدابوو، ژمارەیان دەگەیشتە 120 کەس ، سەرکەوتنێکی خێرا و بەرچاویان لە شەڕە کوێستانییەکانی دژ بە نیزامییەکانی بولیـوی دا دەستەبەر کرد. لە کۆتاییەکانی سێپتامبردا ئەرتەشی بولیوی دو دەستە لە پارتیزانەکانی لەناو برد و یەکێك لە فەرماندە سەرەکییەکانی کوشت. ئارەزوی " گوارا"



بۆ شۆڕش لە بولیوی تاڕادەیەك ناهەڵسەنگێندرا و دەهاتەبەرچاو، چونکە ئەو بۆ بەرامبەرکێ لەگەڵ نیزامییەکانی بولیویی خۆی ئامادە کردبوو، لە حاڵێکدا کە ئەرتەشی ئەمریکا لە ئاستێکی بەرچاودا لەوێ حزووری بوو. لەپاش ئەوەیکە نیزامییەکانی ئەمریکایی شوێنی حەوانەوەی ئەویان پێ‌زانی، دەست وپێوەندەکانی " سیا" بۆ کردەوەی دژە شۆڕش رەوانەی بولیوی کران. ( گوارا) پێی وابوو کە هێزەکانی بولیوی هێندێك عەسکەری بێ‌ئەزموون و لاوازن، لەحاڵێکدا کە هەموویان لەژێر راهێنانەکانی مۆدێڕنی ئەفسەرە نیزامییەکانی ئەمریکایی دا دەورەیان دیبوو.

مەئمورەکانی رێکخراوی سیا بەیارمەتیی ئەوکوباییانەی کە لەسەردەمی دەسەڵاتی کاسترۆدا لە ولاتەکەیان دوورخرابوونەوە، شانەگەلێکی لێپێچینەوەیان رێکخست و هەوو ئەو کەسانەی کە وەك ئاگادار یان باوەڕمەند بە ( گوارا) دەستگیر کرابوون، دەخستە ژێر ئەشکەنجە و لێپرسینەوە. لەپاش ئەوەیکە ئەرتەشی بولیوی پەی بە شوێنی حەوانەوەی ئەو برد، لەرۆژی 8ی ئۆکتۆبردا ناوچەکەیان گەمارۆدا و ( چێگوارا) لەپاش ئەوەیکە چەکەکەی لێك بلاو بوو و فیشەك بەر لاقی کەوت، خۆی بەدەستەوەدا. ( باری نیتوس ) هەرکە لە دەستگیریی ( گوارا) ئاگادار بوو، دەستوری ئێعدامی ئەوی دەرکرد. چێگوارا رۆژی 9ی ئۆکتۆبری 1967 ئێعدام کرا. بردیانە ناو قوتابخانەیەکی کۆن و لەپاش ئەوەیکە دەستەکانیان بە تەختەی یەکێك لە ژوورەکانەوە بەست، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە دایانە بەر دەستڕێژ. ئەو بەر لە مەرگی، بەسەر مەئمورەکانی ئێعدامی دا دەنەڕاند و هاواری دەکرد کە: دەزانم بۆ کوشتنی من هاتونەتە ئێرە، تەقە بکەن ترسەنۆکانە!، ئێوە خەریکن پیاوێك دەکوژن.

رێز وخۆشەویستیی (چێگوارا) لەپاش چل ساڵ لە مەرگی لەناو زۆربەی خەڵکی ولاتانی جۆراوجۆردا هەنوکەش زیندووە و لە پەرەسەندن دایە کە ئەو خۆشەویستییەش سەرچاوەگرتوو لە هەوڵ و فیداکاری‌یەکانی ئەو سۆسیالیستە پارتیزانە لەپێناو بنەبڕکردنی ستەم و چەوساندنەوە و بەدیهێنانی ژیانێکی شیاوی ئینسان بۆ هەژاران و بێ‌بەشانی جیهانە. چێگوارا لە دەگمەن خەباتکارانێکە کە هیچ کات چالاکیی خۆی بە نەتەوە یان ولاتێك نەبەستەوە و وەك بیروباوەڕەکەی هەموو بەرینایی جیهانی بەقەد یەك بە نیشتمانی خۆی دەزانی و لەهەر گۆشەیەکی ئەو نیشتمانەی دا کە پێی‌وابوایە بەئاستەم زەمینەیەك بۆ لابردنی سیستمی سەرمایەداریی و دامەزراندنی دەسەڵاتی جەماوەریی لەگۆڕێدایە، لەهەوڵی بەشداری تێداکردن و بەسەرکەوتن گەیاندنی دابوو.

بەڕێز بێت چلەمین سالیادی مەرگی " چێگوارا"، مرۆڤێکی جیهان وەتەن !

سەرچاوە: سایتە فارسی یەکان

***

# کاری سزای ئێعدام نەك سڕینەوەی بە تەنها مرۆڤێك، بەڵکو سڕینەوەی مرۆڤایەتی مرۆڤە

ن: ناسر حەقپەرەست

کاتێك دەبینی سزای ئعدام وەك ئەو پەڕی ئازاردان بەسەر کەسێك دا دەسەپێنریّ کە ناویان ناوە تاوانبار، ئینسان دەکەوێتە فکری ئەوەی کە: بلێی ئازاری تەنافێك کە تا دوا هەناسە (ئەویش تەنیا لە چەند خولەکدا) ملی بە ناو تاوانبار ڕێکدەگوشیّ یا دەنا بەرکەوتنی چەند گەللە بە سینگ یا کەللەی سەری (کە لە چەند چرکەیەك دا کۆتایی بە ژیانی دێنیّ) تا چەندە بیّ کە ئیعدام وەك لوتکەی ئەشکەنجە و زەجردانی مرۆڤێکی بە ناو تاوانبار لەبەر چاو دەگیریّ. پێم وانییە هیچ کات ژانی ئێعدام بە هەموو پڕ خۆفیەکەیەوە بە قەد هێندەی پەڕاندنی ئەندامێکی جەستە، چ لەو کاتدا کە خەریکن دەیبرنەوە یا چ ئەو کاتەی تا مردن کەم و کوڕییەکانی کۆڵکێش دەکا، یا دەنا بۆ زیندانییەك کە زیندانی هەتاهەتایی بەسەر دا سەپاوە و تەنیا دەتوانیّ چاوەڕوانی مەرگی بە شێنەیی بێت، ئەویش لە خراپترین حاڵەتی ڕۆحی و مادی ژیانیدا، بە ژان بێت.

من لێرەدا نامهەویّ ئێعدام چکۆلەتر لەو دێوەزمەیەی کە هەیە و ڕەنگە ئەژنۆی هەر مەحکومێکی بشکێنیّ نیشان بدەم، بەڵکو جیددیتر لەوەی کە هەیە و دەیناسێنن بیخەمە ڕوو. مرۆڤ بە درێژایی مێژوی پڕ لە نشێوی ژیانی خۆی، باوەڕ و هیوای بە زیندوویەتی، درێژە پێدانی ژیان و مانەوە هەبووە.

ئەوەندە عاشقی ئەم ژیانە بووە، تەنانەت نەیتوانیوە بۆ دوای دیاردەیەکیش کە ناوی مەرگە، پێی بیّ باوەڕ بیّ و لێی تێپەڕبیّ. لە ژێر ناو و ناوەڕۆکی جۆراوجۆردا لە ناو خەڵك و کلتوورەکاندا لە پاش مەرگیش دوور و نزیك وەك یەك و لێك جیا تەعبیر و وێنای کردووە.

لە ڕاستیدا زیندوویەتی گەورەترین و سەرەتایی ترین پێویستی ڕۆحیی مرۆڤە. مرۆڤ لە پێناو باوەڕ بە زیندوویەتی دا بوو، کە هەر لە سەرەتاکانی ژیانی خۆیەوە، تاڵترین و دژوارترین گوشارەکانی لە پێناو درێژەدان بە ژیان و مانەوە تەحەمول کردووە کە ڕەنگە هەر ئەم حەزیایەش یەکێك لە کاریگەرترین فاکتەرەکانی پێگەیشتنی مرۆڤ بێت.

مرۆڤ هەمیشە لە بەرانبەر هەر دیاردە و هەیبەتێك کە بۆنی مەرگی لیّ هاتووە، ڕاوەستاوەتەوە و ئامرازی بەرانبەرێکی بۆ درووست کردووە و ئەگەر هەر لە خۆشی ڕانەدیوە، تا ئەو جێیەی بۆی کراوە خۆی لە مەترسییەکەی دوور کردۆتەوە.

بۆ هەر گیانلەبەرێك زەمان و زیندوویەتی ڕوتینێکی ئاساییە،، بە هەموو جۆرا و جۆریەکانییەوە. بەڵام لای مرۆڤ ژیان ئەوەندە ڕەمزاوی و ئاڵۆزە کە بە ڕادەی تاکەکانی جیهان، هەر کەسە و بەرنامە، ئاوات و ئامانجی خۆی تێدا شوێن دەگریّ. بۆ گەیشتن بە مەبەست و ویستەکانی هەر تاکێك پلان و گەڵاڵەی تایبەت دادەڕێژیّ. ژیان بە لای مرۆڤەوە تا ئەو ئاستە مەزن و گرینگە لە هەر لەحزەیەکی بزوتنی خۆیدا بە بەرنامە و تێبینی تایبەت بە ئامانجەکانی هەنگاو دەنیّ.

لە چکۆلەترین شتەکان و دیاردەکانی دەور و بەری ورد دەبێتەوە و لێکۆڵنەوەیان لەسەر دەکات، یا ئەوەیکە هەر لە سەرەتاوە دەکەوێتە بەر پەروەردە و ڕاهێنان تا لە ژیاندا شارەزاتر و ژیاتر بێت. هەمیشە لە پێناو حەسانەوە دا لە هەوڵی داهێنان و کردنەوەی دەرگای تازە دایە.

کاتێک چاو لە ڕەسمێکی چاخە بەردینەکان، شێعرێک یا فیلمێک دەکەیت و لێیان ورد دەبێتەوە، ڕەساڵەتی هەموو داهێنەرەکانیان هەر یەکێک بووە، ئەویش دەربڕینی ئەوپەڕی باوەڕ بە زیندوویەتی و دریژ بونەوەیی و گواستنەوەی هەستی خۆیان بەرانبەر بە نەوەی داهاتوو.

مرۆڤ هەمیشە لە یاد کردن، فەرامۆش کردن و سڕینەوە و توانەوەی خۆی بێزار بووە و هەرگیز نەیتوانیوە باوەڕ بە کۆتایی بێنێت، تێشیدا سەرکەوتوو بووە. ئەم هەست و سۆزەی بۆ ژیان وای لێکردووە کە ژیان تەنیا تایبەت بەوەیکە لە ڕابردوودا هەبووە و ئەوەیکە ئێستا هەیە، نەبینێ. بەڵکو وێستەگانی داهاتووشی بۆ دەستەبەر بکات و مشوور بۆ نەوەکانی دوای خۆی بخوات، وە لە هیچ لەحزەیەکی شیرین و تاڵی زیندوویەتی خۆیدا ئامادەی لە دەست دانی نەبێت. مەگەر لە باری دەرونی، فیکری و ئیمکاناتەوە، ڕۆیشتن بەرەو داهاتوو و درێژە پێدانی لێ زەوتکرابێ، یا لە دەستی دابێت. ئەوەیکە دەمهەوێ بڵێم ئەوەیە، جا چۆن مرۆڤێک کە ڕەنگە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی ژیانی دا تووشی دیاردەیەک بە ناوی تاوان دەبێت و سزای ئیعدامی بەسەر دا دەسەپێندرێ، ئیعدام بۆی کوشندەترین و سڕێنەرەوەترین ئازار نەبێت کە باوەر پێکردنی بۆ مەحکوم لە دەستدانی هەموو ناوەڕۆکێکی ژیانی و وجودی ئینسانی خۆی بە هەموو ڕەنج و ئەنگیزەکانی تا ئێرەیەتی.



ئەوەیکە بۆ ئەو کەسانە سەخت و ژاناوییە، ناکامییەکی واقعی نەخوازراو و داسەپێندراوە لەحزە بە لەحزە لە هەست و نیستیاندا ڕەگ دادەکوتێ، بنکۆڵیان دەکا و بە بۆشاییەکی بێ کۆتاییان دەگەیێنێ، وە بێ بەشیان دەکا لە چارەنووسێک کە تا ئێرەی زیندویەتی خۆیان بۆ تەرخان کردووە.

ئیعدام هەر بە تەنها کاری دەرهاویشتن و سڕینەوەی مرۆڤێک نییە لەسەر گۆی زەوی، بەڵکو سڕینەوەی مرۆڤایەتیە لە مێژووی ژیانی مرۆڤ و بێ بەشکردنێتی لە داهاتوو.

لێرەدا بەو پرسیارە دەگەین کە تاوان چۆن لە دایک دەبێ تا سزای بۆ لەبەر چاو بگیرێ؟

جیهانی ئەمڕۆکە جیهانی ناکۆکییەکان و کەلەبەرەکان لە نێوان زۆرینە و کەمینە، دەسەڵاتداران و جەماوەر، فەرهەنگەکان و تاکەکان لە بەرانبەر یەکتری دایە. هەر هەمووی شەڕەکانی مابەینیشیان لە پێناو پاراستنی دەسکەوتەکان یا دەستەبەر کردنی ئامانجەکانی دووبەرەی ناو سەنگەرە.

مافی ژیان بۆ هەموو لایەن و تاکەکان بەقەد یەکە، نەوەک داگیر کردنی تەنها بۆ لایەن یا کەسانێك کە هەر ئەمەش سەرچاوەی سەرەکی و واقعی ناکۆکی و دژایەتیەکانە، فەرهەنگێك کە هەڵقوڵاوی هەناوی بیرۆکەی چەوساندنەوە، کەڵەکە کردن و زێدەباییە و لە ژێر سێبەری سەرمایەداری دا خەریکە رۆژ بە رۆژ زیاتر ریشە دا دەکوتێتە ناو ژیانی بێ پسانەوەی مرۆڤایەتی.

ئەو کورتە باسە بەسە بۆ ئەوەی کە بڵێین توندوتیژی نارەزایەتی و خەباتی رۆژانەی ناو کۆمەڵگەی بەشەری چۆن دەکەوێتە رێ و شکڵ دەگرێ.

حاشا لەوە ناکرێ کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی مرۆڤایەتییەوە توند و تیژی و خوێن ڕشتن و کوشتن هەبووە، بەڵام ئەوە تەنیا لە پێناو مانەوە و برسی نەبوون ( ڕازی بەقا ) دا بەرێوە چووە، نەوەك بە شێوەیەکی ئەوتۆ سەبارەت بە کەڵەکە کردن و دەستبەسەرداگرتن بوو بێت.



لەو کاتەوە کە سیستمی دەسەڵاتداریەتی لە ناو مرۆڤایەتی دا سەری هەڵداوە و تا هاتووە هەر پەرەشی ساندووە، توندوتیژیش زیاتر سیستماتیك بۆتەوە و خۆی لە شێوازی جۆراوجۆری تردا دەرخستووە.

سیستمی دەسەڵاتداریتی بۆ مانەوە و بەهێزتر بوونی خۆی هەمیشە پێویستی بە چەوساندنەوەی کۆمەڵگەی ژێر ئۆتۆریتەی خۆیی و هێرش بۆ سەر دەورووبەری هەبووە. ئەمەش بەنەمای سەرەکی سەرمایەدارییە و بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە چوارچێوە و بە جەخزێك هەیە کە بە دەوری بەرژەوەندیەکانی خۆی دا بکێشێ و حەق و ناحەق یا سزا خەتا و خەڵاتی بۆ ئینسانەکان تێدا دیاری بکات. هەر لە سەرتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی چەوساندنەوە و کەڵەکە کردنەوە ئەو چوار چێوە و جەخزانە جا لە شکڵ و قەوارەی جۆراوجۆر دا گەڵاڵە کراون و بەرێوە براون. لە سەرەتاکانەوە لە ژێر ناوی ئەمرەکانی سەرۆك خێڵ دواتر حاکم، پادشا، تەنانەت خودا، پێغەمبەر و ئیمام و خەلیفە و دواتریش سەرۆك کۆمار و سەرۆك وزیر و..... . تەواوی مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی کە چاو لێدەکەی خاوەنی سزاکان هەر ئەمانە بوون کە هەمیشە و لە هەر شوێنێك لە ژێر ناو و بیانوی جۆارجۆر دا لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی خۆیانیان پێکردووە.

ئێستا رەنگە ئەم پرسیارە بێتە گۆڕێ، بۆ مەگەر هەموو ئەو کەسانەی کە ناویان دێنین تاوانبار و سزایان بە سەردا دەسەپێندرێ راپەریوو بەرەنگارەکانی دژ بە دەسەلاتن؟

نا، بەلام ئەگەر چاوێك بگێرین هەر لە گەرەك و شار و ولاتی خۆمانەوە تا ئەو سەری دونیا، لە کام کۆمەلگای ژێر دەسەلاتداریێتی کام سیستمی زالْ لە ناو بنەمالەدا و سەرشەقام و ... تاکەکان بەرانبەر بە یەکر تووشی توند و تیژی و سوکایەتی و قەتلْ دەبنەوە؟

هەمیشە لەو ولاتانەی کە بە نیسبەت ولاتانی تر تاکەکانی لە فەرهەنگێکی پێشکەوتوتر، رفاهیاتێکی زیاتر و ئازادی بیر و را دەربرین هەیە، تاوان و توند تیژی و قەتلْ ... کەمترە، کە هەلبەت ئەمەش دەسکەوتی سالها خەباتی جەماوەری ئەو ولاتانەیە.

لە ولاتانێکیش کە خەفەقانی سیاسی، ئاینی، و فەرهەنگی، ئابوری، کۆمەلایەتی و نەتەوایەتی... هەیە، بە پێچەوانە زۆرترین سزا بۆ شارۆمەندەکانیان دەردەچێ. لێرەدایە کە ئەو رستەیە حەقانییەتی خۆی پەیدا دەکات کە دەلێ:

هیچ کردارێکی مرۆڤ زاتی نییە و بە تەواو مانا بەرهەمی چوار چێوەی ژیانی کۆمەلایەتی خۆیەتی. کەوایە لێرەدا ئەو کەسەی کە تووشی هەلەیەکی گەورە یا چکۆلە دەبێ بەرانبەر بە کۆمەلگە و کەسانی دەور و بەری خۆی تاوانبار نییە، بەلکو قوربانی و ئەکتەرێکی دەرخەری ئەو هەمووە کەم و کوڕیانەیە کە هەلقولاوی بێ ولامی و کەمتەرخەمی دەسەلاتەکانە بەرانبەر بە شارۆمەندان و کۆمەلگەکەی خۆیان. تازە خۆ هیچ کات بە سەپاندنیسزای ئیعدام، زیندان و ئەشکەنجە بەسەر دز و قاتلەکان... ئەو خەسارەی کە بنەمالەی قوربانی و کۆمەلگەکەیان بە دەستیەوە بینیویانە قەرەبوو ناکرێتەوە. کوشتنەوەی بکوژ لە هەر حالەتێکدا دوبارە کردنەوەی قەتلە ئەویش بە ئەنقەست. وە ئەستانەوەی ژیان لە مرۆڤێك بێ بەش کردنێتی لە مافێکی واقعی خۆی، جا بە هەر هەلەیەك یا کەم و کوڕییەك کە بویەتی.

تەنیا رێگەی بن بڕکردنی توند و تیژی، دزی و جینایەت لە ناو کۆمەلگەی مرۆڤایەتی دا بن بڕ کردنی زەمینەکانیەتی وەك خەفەقانی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری... کە هەمووی ئەمانەش لە لایەن دەولەتەوە دەستی بەسەردا گیراوە و بە پێی بەرژەوەندیەکانیان کۆنترۆلی دەکەن.

بەلام لە کۆتاییدا دیسانەوەش دەگەرێمەوە سەر ئەو راستییە کە بەرێوە بردن و داڕشتنی یاسای سزادان بەر لەوەیکە ئامرازێك بۆ چەسپاندنی پرەنسیپەکانی ژیانی کۆمەلایەتی مرۆڤ بێت، ئامرازێکە بۆ چەسپاندنی بەرژەوەندیەکانی دەسەلات و دەمکوتکردن و دەسکورت کردنی نەیاران و حەقانییەتدان بە زەبر و زەنگەکانی دەولەتەکان. مێژووش هەر ئەوەمان پێ دەلێ، وە بە درێژایی مێژوی یاسای سزادان زۆرترین قوربانیانی لە نەیاران و خەباتکارانی دژ بە دەسەلاتەکان بووە تا تاوانبارە کۆمەلایەتیەکان. لێرەدا پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی کە وەك نەیاری دەسەلاتەکان دەبنە قوربانی یاسای سزادان، روونکردنەوەیەکم هەبێت. ئەویش ئەوەیە کە یاسای سزا بەر لەوەیکە بیهەوێ ئەو کەسانە یا لایەنە دژە دەولەتیانە لە ژیان بێبەش بکات یا بەر تەسك بکاتەوە، ئەوە کۆمەلگە و بزوتنەوەی جەماوەرییە حەق خواز و بەرابەری خوزەکان لەوان بێ بەش دەکات، نەکا ببنە هۆی پەرە پێدەر و رێکخەری بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان و هەرەس هێنان بە دەسەلاتەکەیان.

تاوانبار لە هەر حالەت یا ئاستێکدا قوربانیەکی گەورە یا چکۆلەی سیسەمی زالە، وە بەرێوە بردنی یاسای سزادان و بە تایبەت ئیعدام لە ژێر هەر ناو و ناوەرۆکێکدا، تەنیا ئامرازێکە بۆ سەرکوتی چنە ژێر دەستەکان.

ئیعدام روخێنەرترین، کوشندەترین و شەرماوەرترین برگەی یاسای سزادانە کە لەو پەری بێ ولامی و نا بەرپرسیارێتی سیستمی دەسەلاتدار بەرانبەر بە شارۆمەندان و کۆمەلگەکانی ناو جیهانی مرۆڤایەتی سەرچاوە دەگرێ.

***

# قسەو باسێك سەبارەت بە هونەری کرێکاری

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: کەریم ئەمانی

ئەو خۆشەویستانەی کە ژمارەکانی پێشوی گۆڤاری پێشەنگیان خوێندۆتەوە یان لانی کەم لەگەڵ ناوەرۆکە گشتییەکانی ئاشنایەتییان هەیە، بێ گومان لە گەڵ هونەری شۆڕشگێڕانە یان هونەری پێشڕەویش، ئاشنان. لە مەڕ ئەوەی کە ئێمە هەوڵمان داوە لە زەمینەی هونەریش دا هەر وەك گشت بوارەکانی دیکە، تا ئەو جێگایەی کە ئیمکانی هەبووە، رادیکاڵ ترین هەڵوێست بگرین و باسی هونەری شۆڕشگێڕانە لە بزوتنەوەی چەپ دا تەقریبەن بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی کە تا ئێستا لە ئارادا بووە بەرەو پێش ببەین، کە بە خۆشییەوە لە راستای ئەم ئامانجە دا تا رادەیەکی بەر چاو سەر کەوتوو بووین.

هەر لە زەمینەی ئەو باسانەی کە تاکوو ئێستا هاتوونەتە ئاراوە، بە پێویستمان زانی کە لەم ژمارەیەدا هەندێك لە سەر مەسەلەی هونەری شۆڕشگێڕانە وردتر ببینەوە و بە شێوەیەکی تایبەتی تر باسەکەمان لەسەر هونەری کرێکاری تەرکیز بکەینەوە. بەو هیوایەی کە توانیبێتمان لە ڕێگای ئەم بابەتەوە پێناسەیەکی ڕوونتر لە هونەری شۆڕشگێڕانە بدەین بە دەستەوە.

کاتێك باس لە هونەری کرێکاری دەکەین بە خێرایی تەیفێکی بەربڵاو لە بەرهەمە هونەرییە جیاوازەکان دێتە بەرچامان کە هەر هەموویان رەنگ و رواڵەتی کرێکارییان هەیە بەڵام خاڵی جێگای سەرنج کە نابێت لێی غافل بین ئەوەیە کە کۆمەڵێکی بەرچاو لەو بەرهەمە هونەرییانە، نەك تەنیا هەر لە پێناو ئاسۆی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار دا نین، بەڵکوو بە ئاشکرا و بە نهێنی کارکرد و هۆوییەتێکی دژی کرێکارییان هەیە. لەم ڕووەوە کاتێك بمانەوێ باس لە هونەری کرێکاری بکەین پێویستە دوو لایەنی لێك جیاوازی ئەم هونەرە بدەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

یەکەم: ئەو بەرهەمە هونەرییە ناشۆڕشگێڕ و دژی کرێکاریانەی کە ڕواڵەتێکی کرێکاریان هەیە.

دووهەم: ئەو هونەرەی کە بە حەقیقەت لە خزمەت خەبات و ئاسۆی چینی کرێکار دایە، "کە دەکرێت ئەم هونەرە وەك هونەری کرێکاریی شۆڕگێڕ ناوی لێ ببەین".

ئەوەی کە هونەری کرێکاری چۆن پێناسە دەکرێ یان معیارەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئاوا هونەرێك بە دروستی دەبێ چی بێت، لەسەر کاغەز و لە نوسراوەیەکی چەند لاپەڕەیی دا ئیمکانی دیاری کردن و دەست نیشان کردنیان نییە. هەر ئەو جۆرەی کە باسێکی تئۆریکی ئەگەر تەنیا لە ئاستی تئۆری دا بمێنێتەوە، دووچاری راوەستان دێت، باسی هونەری کرێکاریش ئەگەر تەنیا لە چوارچێوەی چەند نووسراوەیەکی تئۆریك دا بمێنێتەوە، دەبێتە باسێکی بێ ناوەرۆك و بێ پایە و ئەساس و تەنیا لە نێوان پراتیکی کۆمەڵایەتی و خەباتی پەیگیری چینی کرێکاردایە کە شکڵ، ناوەرۆك و گەشەی راستەقینەی خۆی پەیدا دەکات.

لە راستی دا ئەم نووسراوەیە و نووسراوە گەلێکی تری لەم چەشنە تەنیا پێش زەمینەیەکن بۆ یارمەتیدان بە ڕوونتر بوونەوە و بەرەو پێش چوونی باسی هونەری کرێکاری و سەرەنجام شکڵ گیری و پایەدار بوونی هونەری راستەقینەی چینی کرێکار. لەگەڵ ئەوەی کە وتمان ئیمکانی ئیرایەدانی پێناسە و تاریفێکی دەقیق و دیاری کراو لە هونەری کرێکاری نییە بەڵام لەو ڕووەوە کە هەل ومەرج و زمینەکانی بەدی هاتن و خولقانی ئەم هونەرە لە بەر چاوە و بە شێوەیەکی لێرە و لەوێ و

بەربلاو سەر هەڵدان و گەشەی ئەم هونەرە بە شێوازی جۆراوجۆر لە ناو بزوتنەوەی کرێکاری دا بەر چاو دەکەوێ دەکرێ بۆ روونتر بوونەوەی باسەکە ئاماژەیەکی گشتی بکرێت بە هونەری کرێکاری.

ئێمە لێرەدا ئەم ئاماژەیەمان لە چوار تایبەتمەندی ریشەیی و بەرچاوی هونەری کرێکاری دا گونجاندووە و بەمجۆرە باسەکەمان درێژە پێدەدەین:

یەکەم: لە سەرەتادا پێویستە بە گرینگترین تایبەتمەندی هونەری کرێکاری کە ئەم هونەرە تەبدیل دەکات بە بەشێك لە خەباتی هەر رۆژەی چینی کرێکار ئاماژە بکرێ، کە ئەم تایبەتمەندی یە بریتین لە شۆڕشگێڕانە بوونی هونەری کرێکاری، لە مەڕ ئەوەی کە هەر وەك وتمان هونەری کرێکاری لە جەرگەی خەباتی پەیگیرانەی چینی کرێکاردا سەر هەڵ دەدا و دەبێت بە بەشێك لەو خەباتە. لەو رووەوە کە خەباتی چینی کرێکار خەباتێکە لە جیهەتی ئاسۆی شۆڕشگێڕانەی خۆی دا، هونەری کرێکاریش هەر لە پێناو ئەم ئاسۆیە دا قەرار دەگرێ. لە نەتیجەدا تایبەتمەندی شۆڕشگێڕانە بوونی خەباتی چینی کرێکار کە بە درێژایی مێژوی خەباتەکەی بەردەوام بووە، لە هونەری کرێکاریش دا بەردەوام دەبێت.

دووهەم: تایبەتمەندی یەکی گرینگی دیکە کە لێرەدا دەکرێ ئاماژەی پێ بکرێ، بریتییە لە دەخالەتی راستەو خۆی کرێکاران لە بەدی هاتنی هونەری کرێکاری دا. هەر ئەو جۆرەی کە لە درێژەی بابەتەکەدا دێینە سەر ئەم باسە، دەکرێ وەك نموونە ئاماژە بە گەلێك بەرهەمی هونەری بکرێت کە لەلایەن روناکبیرانی جیا لە چینی کرێکارەوە بەدی دێت بەڵام چینی کرێکار دەکاتە بابەتی سەرەکی خۆی. ئەم بەرهەمانە بە هۆی نەبوونی پێوەندی یەکی راستەوخۆ لەگەڵ چینی کرێکار و خەباتی هەر رۆژەی ئەودا ناتوانن هونەرێکی کرێکاری بن، هەڵبەت دەورو نەخشی ئەو داهێنەرانەی کە لە دەرەوەی چینی کرێکار دەستیان هەیە لە بەدی هاتنی هونەری کرێکاری دا حاشا هەڵنەگرە بەڵام ئەم داهێنەرانە تەنیا لە پێوەندی یەکی راستەوخۆ و پەیگیر لە گەڵ چینی کرێکاردا دەتوانن بەرهەمێکی ئەوتۆ بخوڵقێنن و سەرەنجامیش بە بەشداری خودی کرێکاران دەست دەدەنە بەدی هێنانی هونەری کرێکاری.

مێژوی خەباتی کرێکاری لە سەدەی بیستەم دا پڕە لەنموونە گەلێکی لەو چەشنە کە بەتەنیایی یان بە هاوکاری داهێنەرانی دەرەوەی چینی کرێکار وەك ئامرازێك لە هونەر بۆ خزمەت بە رەوتی خەبات کەڵکیان وەرگرتووە. هونەری شۆڕشگێڕانەی سەرەتاکانی شۆڕشی ئۆکتۆبری روسیە، هونەری شۆڕشگێڕانەی ئامریکای لاتین و هەندێك نموونەی تر لە هونەری شۆڕشگێڕانەی دەیەکانی شەست و حەفتا لە ئورووپا، نموونە گەلێکی لەم چەشنەن، لە ئێرانیش وەك باشترین نموونە دەکرێت بە شانۆ خیابانیەکانی سەعیدی سوڵتانپوور لەوانە"عەباس ئاغا کرێکاری ئێران خودرەو" کە بە بەشداری خودی کرێکاران بەڕێوە چوو بکرێت.

سێهەم: لەو وڵاتانەی کە خاوەنی حکومەتێکی سەرکوتگەرن هونەری کرێکاری دەرفەتێکی کەمتری بۆ عەلەنی بوونەوە بۆ دەرەخسێت و لە زۆر یەك لە بوارەکاندا بەشێوەی نهێنی و ژێر زەمینی بەدی دێت.

(بۆنموونە هونەری شۆڕشگێڕانەی ئامریکای لاتین)، وە ئەمە یەکێکە لە گرینگترینی ئەو هۆکارانەی کە هونەری کرێکاری لە بنەڕەتدا و بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی هونەری زاڵ جیا دەکاتەوە، بۆ نموونە هونەری کرێکاری ناتوانێ لە فستیواڵەکان، پیشانگاکان و دەرەبارەکاندا حزووری هەبێت( هەڵبەت ئەگەر ئەنگیزەیەك بۆ حزوور هەبێت).

چوارەم: چوارەمین تایبەتمەندی گرینگی هونەری کرێکاری بریتییە لە" مەوقەعییەت گەرا بوونی" ئەم هونەرە. هونەری کرێکاری ڕەنگە لە هەر هەل و مەرجێکی جیاواز دا شکڵ و شێوازی جیاوازیشی هەبێت. ڕەنگە ئەم هونەرە تەنیا لە جێگاو شوێنێکی تایبەت و لە هەل و مەرجێکی تایبەت و بۆ ئینسانگەلێکی تایبەت دابڕێژرێت. یان ڕەنگە پێویست بێت لە شوێنێك کارێك بەڕێوە بچێت و بە خێراییش بەندو بەساتەکەی کۆ بکرێتەوە. لەوانەیە لە مانگرتنێك یان لە کۆڕو کۆبوونەوەیەکی ئیعتزازی دا لە خۆوە هونەرێك لەناو جەرگەی ئەو هەل و مەرجە تایبەتە دا

پێك بێت كە ئەم هونەرە دەست پێك و كۆتاییەكەشی هەر لەو كۆمەڵەدا بێت. داهێنەرانی چینی كرێكار دەتوانن لە هەر هەل و مەرجێكی تایبەت دا هونەرێكی تایبەت بە هەمان هەل و مەرج بەدی بێنن كە بە گشتی جیاوازە لە گەڵ هونەری" باو" و لەوانەشە لە ڕوانگەی زۆر كەسەوە وەك هونەر چاوی لێ نەكرێ، بەلاّم كرێكاران لەم چەشنە هونەرە وەك ئامرازێكی جیاواز لە ئامرازەكانی تر كەڵكی لێ وەربگرن. هەر وەك وتمان ئەم هونەرە شتێكی جیاواز لە هونەری"باو"ە و لەوانەیە تەنانەت وەكوو" هەل و مەرج گەرا"كان بتوانرێت ئەم چەشنە هونەرە وەك دژی هونەر ناوی لێ ببردرێت.

بەپێی ئەو ئاماژانەی كە لەم بەشەدا سەبارەت بە تایبەتمەندی چوارەمی هونەری كرێكاری كردمان دەتوانین بەو ئاكامە بگەین كە هونەری كرێكاری لە زۆر زەمینەدا حاڵەتێكی ناپایەداری هەیە، واتا ئیمكانی تۆمار كرانی نییە، شیاوی" ئارشیو" كران، بە نمایش دەرهاتن و هەروەها بەشداری كردنی لە فستیواڵەكان دا نییە. واتا بە پێی هەر هەل و مەرجێك ئێمە شایەتی هونەرێكی دروست بووی تایبەت بەو هەل و مەرجە دەبین، هونەرێكی"هەل و مرج گەرا". هەڵبەت لێرەدا دەكرێ ئاماژە بەو خاڵەش بكەین كە بێگومان تەواوەتی هونەری كرێكاری و یان هەر شتێكی تر كە بتوانین ئەم ناوەی لە سەر دابنێین بە رواڵەت خاوەنی ئاوا تایبەتمەندییەكی ناپایەدار نابێت و رەنگە بەرهەم گەلێكی زۆر بەدی بێت كە تایبەتمەندییەكی پایەدارتری ببێت. بەلاّم لێرەدا ئەوە ئەو هەل و مەرجەیە كە بەرهەمی هونەری تێدا ئیرایە دەدرێت كە هەر جارە شێوازی ئیرایەی ئەو هونەرە لەگەڵ جاری پێشو تردا دەگۆڕێ. بە نمایش دەرهاتنی فیلمێكی كرێكاری لەم كارگا بۆ كارگەیەكی تر كاریگەرییەكی جیاوازی هەیە و تەنانەت پێكهاتەی بەردەنگەكان و ئەو هەل و مەرجەش كە فیلمەكەی تێدا نیشان دەدرێت كاریگەرییەكی بەرچاویان هەیە.

ئێستا كە ئاماژەمان بەو چوار تایبەتمەندییە گرینگەی هونەری كرێكاری كرد، پێویستە چاوێكیش بەسەر ئەو هونەرە دا بخشێنین كە بە رواڵەت كریكارییە و لە زۆر یەك لە زەمینەكان دا لافی هاو جیهەت بوون لەگەڵ خەباتی چینی كرێكار دا لێدەدات، بەلاّم لە راستی دا نەك تەنیا هەر كرێكاری نییە، بەڵكوو دژی كرێكاری و دژی شۆڕشگێڕانەشە. بۆ روونتر بوونەوەی ئەم باسە پێویستە ورد بوونەوەیەكی عەینی تر و دەقیق ترمان لە پێوەند لەگەڵ چینی كریكار دا ببێت. تەشەكولە كرێكارییەكان لەم پێوەندییە دا دەتوانن عەینی ترین نمونە بن. لە تەواوی مێژووی خەباتی چینی كرێكار دا تەشەكول گەلێكی جۆراوجۆر لە پێوەند لەگەڵ ئەم چینە دا پێك هاتوون كە هەر هەموویان خۆیان وەك نوێنەری چینی كرێكار نیشان داوە بەلاّم ئایا هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەو تەشەكولانە كە دەست كرد و دروست كراوی دەوڵەتەكانن لەگەڵ ئەو تەشەكولانە كە لە ناو جەرگەی خەباتی كرێكاری دا سەرهەڵ دەدەن نیە؟ ئایا جیاوازییەك لە نێوان ئەو تەشەكولانەی كە نائاگایانە بە ریگای هەڵە دا دەڕۆن لەگەڵ ئەو تەشەكولانەی كە ئاگایانە لە جیهەتێكی دروست دا هەنگاو دەنێن نیە؟ یان ئەو تەشەكولە روناكبیرانەی جیا لە چینی كرێكارن و ئەو تەشەكولانەی كە پێوەندییەكی راستەوخۆ و ئورگانیكیان بە چینی كرێكارەوە هەیە. دەكرێ تەواوی ئەو نمونانە بە هەندێك ورد بوونەوە لەسەر ئەو هونەرەی كە رواڵەتێكی كرێكاریشیان هەیە لێك جیا بكرێنەوە. كە ئێمە لێرەدا ئەم هونەرە غەیرە كرێكاری یان بە واتایەكی دیكە دژی كرێكاری ناو دەبەین. دەكرێ هونەری دژی كرێكاری لە دوو ئاستی گرینگ دا بدرێتە بەر باس و لێكۆڵینەوە:

( ئەلف): هونەرێك كە چینی كرێكار دەكاتە تەوەری سەرەكی خۆی. بۆ نموونە فیلمێك كە ژیانی چەند كرێكار دەكاتە تەوەرێك بۆ خولْقاندنی هەل و مەرجە سەرنج ڕاكێش" درامتیك"ەكان، یان رەسام یان وێنە گرێكی كە لە دیمەنی لوولەی دووكەڵ كێشەكانی كارخانە"كمپۆزیسیۆنێكی" باش دەردەهێنێت و نووسەرێكی كە سەبارەت بە ناوەندە كرێكارییەكان داستانی جۆراو جۆر دەنووسێ و هەروەها شاعیرێكیش كە بە وشە گەڵیكی جوان و ڕازاوە بە سەر جەو و فەزای كارخانە دا هەڵ دەڵێ، هەر سەر بەو دەستەیەن. ئەم بەشە لەو هونەرمەندانە لەوانەیە تەنانەت لە كاریگەرییە

خراپەکانی کارەکەشیان ئاگادار نەبن بەڵام بیانهەوێ یان نەیانهەوێت کاریگەرییەکی کە ئەم بەشە لەبەرهەمە هونەرییەکان هەیانە کاریگەرییەکی مەنفی و دژی کرێکارییە. ئەم بەرهەمە هونەریانە بە باس کردن لە چینی کرێکار نەك هەر ئەو بارو دۆخەی کە هەیە قەبووڵ دەکەن بەڵکوو ئەوە وەك شتێکی هەر رۆژە، ئاسایی و وەك بەشێکی لە گۆڕان نەهاتوو لە ژیانی رۆژانە نیشان دەدەن.

لە راستی دا ئەم بەرهەمانە واقعییەتە دڵتەزێنەکانی ژیانی چینی کرێکار لەو ڕەنج و ئازارە تاقەت پڕوکێن و حاشا هەڵنەگرەی بە تاڵ دەکەن و ئەو کرێکارانەی کە لە ژێر گوشاری کاردا پشتیان دەچەمێتەوە تەبدیل دەکەن بە بووکەڵەیەك کە بۆ دڵ خۆش بوون و رازی کردنی وردە بورژوازی حەرەکەتی نمایشی نیشان دەدەن.

کارگەردانێك کە فیلمی بەناو کرێکاری دروست دەکات هیچ پێوەندییەکی بە خەباتی چینی کرێکارەوە نیە، ئەکتەرەکانیش هەر بەو شێوەیە و چۆنیەتی ئیرایەی فیلمەکەشی لە سالۆنی سینەمادا هەروا.( خودی سالۆنی سینەماکەش شوێنێکی دژی شۆڕشگێڕانەیەو بە قەولی" ژیگا وەرتف" وتەنی سالۆنی" تەخدیر" واتا سڕ کردن و بێ هەست کردنە) تەواوی ئەمانە لە ژیانی کرێکار وەك تەوەرێك لە پێناو بەرژەوەندییە روناکبیرمەنشەکانی خۆیان دا کەڵك وەردەگرن و بەم کارەش ئاگایانە یان نائاگایانە کۆمەك دەکەن بە بەردەوام مانەوەی باردۆخەکە.

(ب): ئەو هونەرەی کە خۆی بە کرێکاری لە قەڵەم دەدات. ئەم بەشە لە بەرهەمە هونەرییەکان وادەنوێنن کە لە پێناو خزمەت بەخەباتی کرێکاری دان واتا داهێنەرانی ئەم بەرهەمانە نەك تەنیا ئەوەی کە چینی کرێکار دەکەنە تەوەری سەرەکی خۆیان بەڵکوو خۆشیان بە خەباتکار دەزانن و هەوڵ دەدەن ئەو کاریگەرییەی کە مەبەستیانە لە سەر کرێکارانی دابنێن. بەڵام بەو دەلیلانەی کە لە درێژەی باسەکەدا ئاماژەیان پێدەکرێ ئاکامی کاری ئەم بەشەش لە هونەرمەندەکان دژی شۆڕشگێڕ بوون و دژی کرێکارییە، واتا هەر هونەرێکی کە بە ناوی بەرهەمی هونەری بەدی دێت هەر لە پێشدا دژی شۆڕشگێڕ بوون و دژی کرێکارییە.

لە بەشی یەکەمی باسەکەمان دا ئاماژەمان بە چوار تایبەتمەندی گرینگ لە هونەری کرێکاری دا کرد، ئێستا لەم بەشە لە باسەکەمان دا بۆ ناسینی ئەو چەشنە هونەرەی کە خۆی بە کرێکاری لە قەڵەم دەدا بەڵام واقعیەتەکەی شتێکی جیاواز لەوەیە، دیسانەوە دەگەڕێینەوە سەر ئەو چوار تایبەتمەندییە گرینگە:

یەکەم: زۆر یەك لە هونەرمەندان و داهێنەرانی ئەم بەرهەمانە خەت و مەشێکی شۆڕشگێڕانەیان نیە. لە راستی دا هەر وەك ئەوەی کە زۆر یەك لەو حیزب و رێکخراوانەی کە خۆیان بە نوێنەری چینی کرێکار دەزانن خاوەنی جیهەتگیرییەکی شۆڕشگێڕانە نین، زۆربەی ئەم هونەرمەندانەش کە بەرهەمەکانیان بە کرێکاری دەزانن جیهەتگیرییەکی شۆڕشگێڕانەیان نیە، پێشتر وتمان کە هونەری کرێکاری بە پێی ئەو تایبەتمەندییە جەوهەریەی کە هەیەتی شۆڕشگێڕانەیە، لەم رووەوە ئەو بەرهەمە هونەریانەش کە جیهەتگیری شۆڕشگێڕانەیان نەبێت، ناتوانن کرێکاری بن. بێجگە لەوە هەر وەك وتمان هونەری کرێکاری شکڵ و شێوازی ئیرایەی تایبەت بە خۆی بە وجوود دینێ لە حاڵێك دا ئەو بەرهەمە هونەریانەی کە ئاماژەیان پێکرا بە گشتی لە شکڵ و چوارچێوە گەلێکی لە پێشدا داڕێژراو و ئاسایی دا بەدی دێن و ئیرایە دەدرێن. واتا شکڵ و چوارچێوە گەلێکی کە هەر لە سەرەتاوە دژی شۆڕگێڕ بوونی بەرهەمە هونەرییەکان زەمانەت دەکات.

دووهەم: ئەوەی کە ئاشکرایە کۆی ئەو بەرهەمە هونەریانەی لەسەرەوە باسیان کرا بە گشتی ساختە و پەرداختەی هونەرهونەرمەندانێکی جیا لە چینی کرێکار و روناکبیرانێکن کە جار جار لە سووچ و قوژبنە ئەمنەکانی چای خانەکان دا دەکەنەوە بیری کرێکاران و بە سلامەتی چینی کرێکار چەند دێڕێك شێعر" دەهۆننەوە" کە ئەمە لەگەڵ تایبەتمەندی دووهەم کە پێشتر باسمان کرد واتا دەخاڵەتی راستەوخۆی کرێکاران لە بەدی هێنانی هونەردا ناتەبایی هەیە. لەم رووەوە کە ئەم بەرهەمانە خاوەنی داهێنەرانێکی غەیرە کرێکارین و هەروەها ئەو

داهێنەرانەش هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆ و ئورگانیکیان لەگەڵ چینی کرێکار نیە، بە شێوەیەکی گشتی بە دەر لە جەو وفەزای خەباتکارانە و دوور لە ئاسۆی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار دا دەسوڕێنەوە.

سێهەم: بە گوێرەی تایبەتمەندی سێهەم کە باسمان کرد هونەری کرێکاری بە هۆی تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕانەکەی لە زۆر یەك لە بوارەکان دا حاڵەتێکی نایاسایی و ژێر زەمینی پەیدا دەکات بەلاّم ئەو بەرهەمانەی کە باسمان کردن نە تەنیا هەمیشە بە شێوەیەکی عەلەنی وئاشکرا لە دەست رەسی هەموو کەس دان بەڵکوو لە زۆر زەمینەش دا لە لایەن دەوڵەتەکانەوە پشتگیری یان لێ دەکرێ و تەنانەت رەنگە خودی دەوڵەتەکان هاندەر و زەمینە خۆشکەری بەدی هاتنی ئەم چەشنە بەرهەمانە بن. بێجگە لەوە زۆربەی ئەو بەرهەمانە نەك هەر بە ئاشکرا پرۆپاگەندەیان بۆ دەکرێ بەڵکوو لە ئاستێکی بەربلاّودا لە پیشانگاکان و فستیواڵەکاندا حزوور پەیدا دەکەن کە ئەمە خۆی بەڵگەیەکی روونە لە سەر هۆوییەتی دژی کرێکاریی بوونی ئەو بەرهەمانە.

چوارەم: حزووری ئەم دەستەیە لە بەرهەمە هونەری یەکان لە پێشانگا و فستیواڵەکان دا ناتەبایی یەکی ئاشکرای دیکەیە لە گەڵ تایبەتمەندی چوارەم کە پێشتر باسمان کرد واتا ناپایەداربوون و هەل ومەرج گەرا بوونی هونەری کرێکاری. هەر وەك کە لە تایبەتمەندی چوارەم دا باسمان کرد هونەری کرێکاری بە هۆی داهێنەران و هەل و مەرج و شێوازی ئیرایە و هەروەها بەردەنگەکانی یەوە حاڵەتگەلێکی ناپایەدار و تاك بە خۆیەوە دەگرێ کە دووبارە نابێتەوە وە ئەگەریش سەر لە نوێ ئیرایە بدرێتەوە بە پێی هەل و مەرجەکە حاڵەتگەلێکی دیکە بە خۆوە دەگرێ، بەلاّم لەو رووەوە کە بەرهەمە هونەری یە دژی کرێکاری یەکان وەك بەرهەمێکی تاك و زۆربەیان لە لایەن هونەرمەندی تاکەوە بەدی دێن مەجالی ئەوەش پەیدا دەکەن کە لە پیشانگا و فستیواڵە جۆراوجۆرەکانیش دا بەشداری بکەن چوونکە هەر جارە ئەوەن کە لە پێشتردا بوون و بەردەنگی ئەم بەرهەمانەش ناچارن لە هەل و مەرجێکی لە پێشدا دیاری کراودا مل بدەن بەو شتەی کە هونەرمەند دەر خواردیان دەدات و هیچ کات نا توانن دەور و نەخشێکی دەخاڵەتگەر و داهێنەرانەیان لە پەیوەند لە گەڵ بەرهەمە هونەری یەکاندا هەبێت.

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی تر بمانەوێ باسی بکەین دەکرێ بڵێین ئەو شتەی کە وەك بەرهەمێکی هونەری دەخوڵقێ، بە هۆی ئەو دەور و نەخشە مونفەعلانەی کە بۆ بەردەنگ قایل دەبێت و هەر وەها بە هۆی لە بەر چاو نەگرتنی هەل و مەرجە جیاوازەکان، نا توانێت کرێکاری بێت. هەر بەو جۆرەی کە باسمان کرد نووسراوە گەلێکی لەم چەشنە تەنیا پێشەکی یەکن و ئامانجی ئێمە لەم جۆرە نووسراوانە دا تەنیا کۆمەك کردنە بە روونکردنەوەی رێبازەکە و بێجگە لەوە ناکرێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە لەم ئاستە لە چالاکی یەکانماندا تاریفێکی ئەوتۆ و لێبڕاوانە لە هونەری کرێکاریی شۆڕشگێڕانە بە دەست بێنین. گۆڕەپانی ئەسڵی جێگایەکی ترە و تئۆرییەکی کە پێوەندی پتەوی بە پراتیکەوە نە بێت بێجگە لە لاف و گەزافێکی روناکبیرانە هیچی تر نیە.

ئەوەی کە هونەری کرێکاری دەتوانێ چ شکڵ و شێوازێکی جۆرا و جۆری هەبێت، ئەوە دەگەرێتەوە بۆ پراتیکی کۆمەڵایەتی و لەوێ دایە کە دەکرێ زۆر روونتر و بە پێی فاکت گەلێکی واقعیتر لە سەر هونەری کرێکاری قسە بکرێت. هەر چەند کە لەوێش ئیرایەی تاریفێکی سەریح و لێبڕاوانە کارێکی دژوارە، چوونکە مەیدانی پراتیکی کۆمەڵایەتی مەیدانێکە کە لە هەر ئان و ساتێك دا هەل و مەرج گەلێکی جیاواز دەخوڵقێنێ و هونەری کرێکاریش لە هەر هەل و مەرجێك دا شکڵ و شێوازی تایبەت بەو هەل و مەرجەی دەبێت. بەلاّم ئەوە بە روونی لە بەر چاوە کە بە بەرەوپێش چوونی بزوتنەوەی کرێکاری و هەڵسووڕانی وشیارانەی داهێنەرانی شۆڕشگێڕ لە داهاتویەکی نزیك دا شایەتی گەشە و سەر هەڵدانی جۆرا و جۆر و تەنانەت هەندێك جار چاوەڕوان نەکراوی هونەری کرێکاری دەبین کە دەتوانن هێمایەك بن لەهونەری راستەقینەی کرێکاری:

"هەل و مەرج گەرا و شۆڕشگێڕ".

سەرچاوە: ئەنتەرنێت.

***

# بەجیهانی کردن کەلێنە چینایەتییەکان زیاتر دەکات

ن:واندانا شیوا
وەرگێڕ: سمکۆ نوری

پرۆژەی بە جیهانی کردنی شیرکەتەکان پرۆژەیەکە بۆ، پۆلێن بەندی کردن و دابەشکردنی خەڵك لە تەوەریەکدا لە ژێر نێوی چین و نابەرابەری ئابووری، مەزهەب و کەلتوور، رەگەز و جۆگرافیا و ناوچە، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هیچ کات چۆڵەوانی و مەودا لە نێوان ئەوانەی کە کار، یان سەروەت و سامان کۆ دەکەنەوە ئەوەندە بەرین نەبووەتەوە. هیچ کات رووبەروو بوونەوە و نەفرەتی کەلتوورەکان لە یەکدی تا ئەم رادەیە جیهانی نەبووەتەوە. یەککگرتنەوەی سێ مەیلی توند و تیژ بە شێوەی جیهانی واتە کەڵەکە بوونی سەرمایە بە شێوە و بە کەڵك وەرگرتن لە رێگایەکی دژی مرۆڤانە و دژی شارستانی سەدەی ناوەراست بەرەو روو بوونەوە و پێکدادانی کەلتوورەکان بە دژی یەك و میلیتاریسم و شەڕ خوازی أەوتێکی بێ وێنە بووە. بەڵام وێنا کردنی تۆماس فریدمەن بۆ ئەم جیهانەی کە بە شێوەیەکی قووڵ و بێ وێنە دابەشکراوە و ئەم دابەش بوونەش لە دەرەنجامی بە جیهانی کردنی شیرکەتەکانە و یەکەم هۆکاری چاندنی تۆوی نا ئەمنی و جەمسەر بەندی کردنی لە جیهاندا بڵاو کردوەتەوە بە جۆرێکی دیکە و بە یەکدەست بوونەوەی جیهان ناوی لێدەبات. فریدمەن لە کتێبی "جیهان یەکدەستە" بە بێ هیچ ئاکامێك هەوڵ دەدات کە بکەوێتە بەڵگە هێنانەوە بۆ ئەوەی کە جیهانی کردن، جیهان یەکدەست دەکاتەوە و نەبوونی یەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو دەبات. بەڵام لە راستیدا بەڵگە هێنانەوە، بۆ یەکدەست بوونەوەی جیهان بێ لە بەر چاو گرتنی ژیان، خواردن، کۆمەڵگا، ئابووری، کەلتووره، لۆکاڵەکان کە لە ژێر کاریگەری بە جیهانی کردندا هێرش دەکەنە سەر یەك و روانین بۆ ئەم مەسەلە واتە یەکدەست بوونەوەی جیهان تەنیا لە گۆشە نیگای تەکنولوژیای راگەیاندن و ئینترنێت, درۆدان لە ژێر ئەم ناوەدا ئاسان دەکاتەوە کاتێك کە لە کرێکارانێك و وەرزێرانێك کە هەموو ژیانیان لە دەست داوە دوور بکەویتەوە و تەنیا سەرەنج بدەیتە دەسەلاتاران، ئەم مەودا و چۆڵەوانیەی کە بە پانتایی و بارستایی دەشت و کێوەکان کەوتووەتە نێوان سەرمایە و کار و هەژاری و سەروەت ناکەونە پێش چاو. بیرۆکەی یەکدەست بوونەوەی جیهان لە چەشنی ئەوەی فریدمەن، جۆرێك نەخۆشییە، بەڵام هەوڵی فریدمەن ئەوەیە کە بەم بیرە نەخۆشەوە بروانێتە جیهان و جیهانی بونەوە بەو جۆرەی کە ئەو وێنای دەکات وەك شۆرشێك قەبووڵی بکەین، شۆرشێکی رووخێنەر کە هەوڵی ئەوە بوو ئەو شۆرشە کە دەیویست کۆمەکمان بکات تاپەی بەوە ببەین کە زەوی گردە و گۆی زەوی بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە، لە نێو ببات. جیهانی ڕەچاو کراوی فریدمەن ئەو جیهانەیە کە تەنیا بە دۆستانی وەك خۆی و، بەرپرسانی شیرکەت و کۆمپانیاکان و زەویەکانی گۆڵف کە تێیدا یاری دەکەن، قەتیس کراوەتەوە. فریدمەن بەم جۆرەبیرکردنەوە بەرتەسکەی کە پشت ئەستووره بە بوونی مافی تایبەت و بێ وێنە بۆ چینێکی تایبەت دەیهەوێت نکۆڵی لە قەبوولکردنی فرە چەشنی کەلتوورەکان، وەحشی گەری چەوسانەوە و ناعەداڵەتی و ئاکامە خراپەکانی بە جیهانی کردنی ئابووری و تجارەتی ئازاد، کە لە ژیان و ژینگە دا رەنگی داوەتەوە، بکات و رێگای بیر کردنەوە لەو ئاکامە خراپانە ببەستێت. فریدمەن بەم جۆره

دەیهەوێت کە پێش بە دیتنی دەرەنجامەکانی بەجیهانی کردن و تیجارەتی ئازاد کە دیوارێکی لە نەفرەت و ترس و نەبوونی ئەمنیەت پێک هێناوە بگرێت و بایەخە دروست کراوەکانی دەستی ئەوان کە بە ماف خاوەندارییەتی فکری و تایبەتی دەناسرێتەوە و دەرەنجامی ئەو پێکهاتە و چوارچێوەانەیە کە پارێزگاری لە ژینگە و مافە کۆمەڵایەتیەکان دەکات و ئەم مەسەلەیە بە یەکدەست بوون لە قەڵەم دەدات و ئەو سیاسەتانە و هەروەها ئەو یاسایانەی کە داکۆکی لە خەڵکی هەژار و خەسار لێکەوتوو دەکات و بە مەبەستی گەیشتن بە دیمۆکراسی و ئازادی و عەدالەت و ماف مرۆڤ و ئاشتی و ئەمنیەت و بەردەوام بوونی ئابووری و بەشدار بوون لە سەرچاوە سروشتیەکانی گۆی زەوی کە وەك پێداویستییێك وایە، بە خراپە دەزانێت و خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم پێکهاتانەیە. بەلام ئەم یەکدەست بوونەوەی کە فریدمەن بانگەشەی بۆ دەکات وەك ساف کردنی شارێك بە بۆمب و یەکدەست کردنی کەنارەی زەریا و کەنداوەکانی ئاسیا بە سۆنامی و لە نێو بردنی دارستان و جەنگەل و ئەو خەڵکەی کە تێدا دەژین بە مەبەستی هەڵێنجانی، کان و سەرچاوە سروشتیەکان وایە، تەنیا پاساوی لایەنگرانی تجارەتی ئازاد بە واتایەکی دیکە ئەو کەسانەی کە خوازیاری لەناوچوونی کۆمەڵگا و ژینگەن، تێگەیشتن لە جیهانی یەکدەست بە شێوەی فریدمەنە، ئەم تێگەیشتنە بە هیچ پێوەرێك پاساو ناکرێت و بەڵکوو ناڕاست و غەیری واقعییە.

لەم بەشەدا چاوێك بە وتەکانی فریدمەن لە سەر شەپۆلەکانی بە جیهانی کردن دەخشێنین. بە پێی وتەکانی ناوبراو سالی 1492 کاتێك کە کریستف کلۆمب پاپۆرەکەی خستە نێو ئاوەوە، شەپۆلی یەکەمی بە جیهانی کردن دەست پێدەکات و تا سالی 1800 ئەو کاتەی کە جیهانی گەورە بە لە نێو بردنی هێندێك لە سنوورەکان و پێکەوە لکانی هەندێك ولات تا ئاستێکی مام ناوەندی و تا رادەیەك ئال و گۆڕیان بەسەردا هات، درێژە دەکێشێت، سالی 1800 تا 2000 شەپۆلی دووهەمی بە جیهانی کردن درێژە دەکێشێت کە بەم پێیە جیهان بە رادەیەکی کەم بە جیهانێکی بچووك دەگوردرێت کە یەکەم هۆکاری گرینگی ئەم ئال و گۆڕە بە پێی بۆچوونی فریدمەن بوونی شیرکەت و کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکانە. شەپۆلی سێهەمی بە جیهانی کردن لە سالی 2000وە دەست پیٚ دەکات کە جیهانی بچووك تا رادەیەکی زۆر بچوکتر دەکاتەوە کە هێزی بزوێنەر و پاڵنەری ئەم کارە تاکەکانن. ئەمە بۆچونێکی زۆر هەڵەیە بۆ مێژوو، شەپۆلی سێهەمی بە جیهانی کردن لە أوانگەی خەڵکی باشوور لە سەر ئەساسی زوڵم و زۆرەوە هاتووەتە ئاراوە کە بووەتە هۆی ئاوارە بوون و مال وێرانی خەڵکی ئەم ناوچانە، بەلام شەپۆلی یەکەمی بە جیهانی کردن بۆ سوور پێستەکان لە سالی 1492 وە دەستی پێکردووە و هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە. قۆناغی یەکەمی بە جیهانی بوون بۆ ئێمە لە هێند لە گەل دەس بە کار کردنی یەکەمین شیرکەتی جیهانی بە نێوی شیرکەتی هێندی رۆژهەلات دەستی پێکرد کە لە نزیکەوە لە گەل گرووپی بریتانیا کاری دەکرد و تا سالی 1947 سالی سەربەخۆیی هێند درێژەی کێشا. ئێمە ئەم قوناغە لە بە جیهانی کردنمان بەو عەقلیەتەی کە زاڵە بە سەر پەیوەندی نێوان شیرکەتە فرە نەتەوەییەکان و دەسەلاتداران دا، ناو، ناوە، دووبارە بوونەوەی داگیرکاری؟!. کاری رێبەری کردنی ئەم رەوتە لە ئەستۆی شیرکەت و کۆمپانیاکانە نەك خەڵك، ئەم قۆناغە لە سالی 1980 و بە داسەپاندنی بەرنامەکانی سندووقی نێونەتەوەیی دراو و بانکی جیهانی و تیجارەتی ئازاد و تایبەتی کردن دەستی پێکرد و دوای دامەزراندنی رێکخراوەی جیهانی تیجارەتی ئازاد "گات" لە سالی 1995 خێرایی بە خۆوە گرت.

دروست کردنی مێژووی دەستکردی وەك زەوی یەکدەست لە لایەن فریدمەنەوە بۆ دوو مەبەستی دیاریکراوە، یەکەم_ بۆ ئەوەی کە ئەو رێکەتنامە سەرکوتگەرانە و نادیموکراتیکانەی شیرکەتەکانی ناو تیجارەتی ئازاد وە دەست پێداگەشتن بە تەکنۆلۆژیای راگەیاندن لە قەڵەم بدات و بە جیهانی کردن و کۆنترۆل و چاوەدێری کردن لە لایەن شیرکەتەکان وەك هاوکاری و أکابەری نێوان خەڵك وێنا بکات. بەم جۆرە "دەبلۆ تی ئۆ" و بانکی جیهانی و سندوقی نێونەتەوەیی دراو،

هەروەها کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان لە پێش چاوان گوم بن. بە پێی وتەکانی فریدمەن جیهانی کردن لە ئاکامی پێشکەوتنی تکنۆلۆژیا و ئاستی تواناییەکانی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت نەك پڕۆژەی شیرکەتە فرە نەتەوەییەکان کە دەوڵەت و نیهادەکانی و ناوەندەکانی دەسەلات پاڵپشتیان دەکەن. تەنیا بە لە نێو بردنی ئەو یاسایانەی کە پشتیوانی لە تیجارەتی لۆکاڵی و کرێکاران و ژینگە دەکەن، تیجارەتی ئیلیکترۆنیك پەرە دەگرێت و ئابووریش "وال مارتیزە" دەکرێت. تەکنۆلۆژیا و بە تایبەت ئامرازەکانی پێوەندی گرتن ناتوانن کاری گواستنەوەی کالا و بەرهەمەکانی خواردن کە لە شوێنی بەرهەم هێناندا هەرزانترە بە ئەنجام بگەیەنێت. هۆکاری هەرزان بوونی کالاکانی وال مارت، تەکنۆلۆژیای راگەیاندن نییە کە بە شێوەی بەرێوە بەرایەتی زەنجیرەی بەرهەم هێنان کار دەکات، بەڵکوو لە خوارەوە بوونی ئاستی مووچە و حەقدەستەکان و کەڵك وەرگرتن لە سوبسید و داسەپاندنی قەرز و قۆڵە بە سەر دەرەوە دایە.

من لە سالی 1988 پێش داڕمانی دیواری بەرلین لەوێ بووم، ئێمە بەشێکی گەورە بووین لەو حەرەکەت و ئاکسیۆنەی کە بە دژی بانکی جیهانی ڕێمان خستبوو. ڕێژەی ئەم کۆبونەوەی کە لە نزیك دیواری بەرلین ڕێکخرا بوو دەگەیشتە سەد هەزار کەس، من لەوێدا رامگەیاند کە دیواری بەرلین وەك ئەم دیوارەی کە لە نێوان خەڵکی هەژارو دەسکورت لە لایەکەوە و خەڵکی بەهرەمەند لە هەموو سەروەت و سامانێك کە لە دەرەنجامی سیاسەتەکانی بانکی جیهانی کە بریتییە لە قەرزدار کردنی خەڵکی جیهانی سێهەم و چەوسانەوەی ئەوان، گواستنەوەی ئابووری ئێمە بۆ ئابووری بازار کە قازانجەکەی دەگەرێتەوە بۆ شیرکەت و کۆمپانیا فرە نەتەوەکان دەبێ داڕمێ و لە نێو بچێت.

من لەو کۆبوونەوەدا سەبارەت بە چۆنیەتی پێکهاتنی یەکیەتی لە نێوان بانکە جیهانییەکان و شیرکەت و کۆمپانیاکان کە دەبێتە هۆی چاوەدێری و کونترۆلی ناوەندی لە لایەن ئەوانەوە، هەروەها چۆنیەتی دروست بوونی دیکتاتۆری قسەم کرد و روونم کردەوە کە یەکەم فاکتەری گرینگ بۆ ئەم شیرکەتانە وەدەست خستنی قازانجە و قازانج بۆ ئەوان بەرزترین ئامانجە بۆ گەیشتن بە دەسەلات، ئێمە وەك بزوتنەوەیەك خوازیاری لابردن و دارمانی هەموو دیوارەکانی دەسەلات و نابەرابەرین و بۆ ئەم مەبەستە خەبات دەکەین.

دەور و نەقشی دیکتاتۆرانەی شیرکەت و کۆمپانیاکان و دەسەلات و کۆنترۆلی ناوەندی ئەوان بە سەر ئابووریدا کە پێرەوی لە بە جیهانی کردنی شیرکەتەکان دەکات بە هۆی بیرۆکەی یەکدەست بوونی جیهان لە لایەن فریدمەنەوە نابیندرێت. ناوبراو دارمانی دیواری بەرلین وەك رێگیەك بۆ گواستنەوە و ناردنی دەسەلات پێناسە دەکات بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە لایەنگری لە ئەو جۆرە لە دیمۆکراسی دەکەن کە لە سەر ئەساسی کۆ کردنەوەی دەنگەکان کار دەکەن و هاوکات لایەنگری بازاری ئازادن ئەم مەسەلەیە بە نیشانەی کورت کردنەوەی دەستی دیکتاتۆرەکان کە لایەنگری لە ئابووری بە بەرنامەی ناوەندی لە جیهاندا دەکەن لە قەڵەم دەدات. ئەم بزوتنەوانەی کە بە دژی بە جیهانی کردن خەبات دەکەن، لایەنگری ئەو جۆرە لە دەولەتی دیمۆکراتیکن کە پێوەندیی ئەوان کۆ کردنەوەی دەنگەکانە و لە ڕاستیدا بەناو دیمۆکراتیك بوون و سەرە رۆ بوون و سەنترال بوون، واتە ناوەند گەرا بوونی دەبلیۆ تی ئۆ و بانکی جیهانی لە گەڵ ئەوان دا خەبات دەکەن.

ئامستۆز کە ڕێککەوتننامەی دەبلیۆ تی ئۆی سەبارەت بە ئارژانتین نووسیوە و نوێنەری شیرکەتی کارگیل بوو و وتو و وێژەکانی ئامریکا سەبارەت بە کەشاوەرزی لە ئۆرۆگوئەی ڕێبەری کردووە و ئێستاش لە بەشی کاری کشت و کاڵ و یاسای ئەساسی یا یاسای بنەرەتی عێراق دەنووسێت. ئەویش لە سەر ئەساسی دیکتاتۆری ناوەندی جیهانییە کە بە دیکتاتۆری ناوەندی جیهان لە سەر ئەم روداوە و مەسەلانەی بوونە هۆکاری سەرەکی بۆ جەریان و لایەنە دیمۆکراتیکەکان بۆ ڕێکخستنی بزوتنەوەیەکی بە دژی جیهانی کردن و لە ئاکامی هەڵسوکەوتی دەوڵەتەکانی جیهانی سێهەم لە "کانکۆن"، دانیشتنی وەزیرەکانی

دەرەوەی رێکخراوی تیجارەتی جیهانی شکستی هێنا، لایەنگرانی یەکدەست کردنەوەی جیهان لە پشتەوەی ئەم سیاسەتەوە بە مەبەستی پێك هێنانی دیوارگەلێکی تازە، دیوارێك کە "لی" وەرزێری کۆریایی بە هۆیەوە گیانی لە دەست دا، ئەو دیوارەی کە رابرت زۆئۆلیك نوێنەری تیجارەتی ئەمریکا دەیویست لە نێوان ولاتانێك دا بکێشێت کە یا ئیزنی بە ئەنجام گەیاندن و یان بوونی ئەم ئیزنە بۆ بە ئەنجان گەیاندنیان نیە. ئەو شتەی کە رابرت زۆئۆلیك و فریدمەن نایانەوێت ببینن ئەوەیە کە دانی ئیزن لە لایەن ئەوانەوە بریتییە لە کورت کردنەوەی دەستی وەرزێران بۆ داکۆکی خۆیان لە هەمبەر سیاسەتی "دامپینگ"، یان "شکاندنی بە ئەنقەست و بە بەرنامەی نرخی کالاکان لە ماوەیەکی کورتدا بە مەبەستی شکست هێنان بە رکابەرەکان" و تیجارەتی نا عادلانەیە. ئەم جیهانە لێرەدا بریتییە لە دو جیهان، جیهانێك کە جیهانی فریدمەنەکانە و ریشەی لە قوولایی سیاسەتی شیرکەت گەلێکی وەك شیرکەتی کارگیل دایە و جیهانی ئێمە کە حەشیمەتی 6 میلیاردە بە 300 جۆر بوونەوەری گیان لەبەر، بەرزترین دیوارێك کە دەستکردی دەبلیۆتی ئۆیە بارستایی خۆی لە مەعامەلاتێکەوە وەر دەگرێت کە ناسراوە بە رێککەوتنەکانی مافی مۆڵکداریەتی فیکریان "تی.ئار.ئای.پی.ئێس"ە، کە لە راستیدا ئەمە بەشێك لەو گەلالە دارێژاوانەیە کە بە شێوەی ناوەندی و دیکتاتۆرانە بەرێوە دەچن، مۆنتسانتۆ دانی بەوە داناوە کە ئەو شیرکەتانە کە بە پێی سیاسەتی کۆمیتەی مۆڵکداریەتی فیکری کار دەکەن هەم نەخۆشن، هەم دوکتورن و هەم نوسخە پێچ.

فریدمەن لە جیاتی قسەکردن سەبارەت بە "تی.ئار.ئای.پی.ئێس" و هەروەها چاوەدێرانی بەجیهانیکردن لە سەر ئەوەی کە چۆن ئەوان واتە شیرکەتەکان و دەبلیۆتی ئۆ ولاتی هێند ناچار دەکەن کە لە مافی مۆڵکدارییەتی فکری و یاسا دیمۆکراتیکەکانی خۆیان چاوپۆشی بکەن و بۆ دەواو دەرمانەکان سیستمی پاوان کردن بخولقێنن و، وەرزێرەکان بەرەو خۆکوژی پاڵ پێوە بنێن و پێش بە دەست پێراگەیشتنی تووش بوان بە ئەیدز و شێرپەنجە و سل و مالاریا بە دەرمانەکانی پێویست بەم نەخۆشییانە بگرن، ئێگایەکی هەڵەی دیکە بەرەو یەکدەست کردنەوەی جیهانمان پیشان دەدات. ناوبراو یەکدەست بوونەوە و بە جیهانی کردن لە بزووتنەوەی سۆرس کە پەیوەندی بە نەرم ئەفزار و کامیۆتێرەوە هەیە و ریچارد ئێستالمەن دەست پێکەری ئەم بزوتنەوە بوو را دەبینێت، لە حالێکدا ئێستالمەن یەکێك لە رەخنەگرانی مۆڵکدارییەتی فیکری و شیرکەتە ئینحساری و یەکێك لە قارەمانانی دژی شیرکەتەکانی پێك هێنەری ئەم دیوارانە کە پێش بە کۆ کردنەوەی تۆوی گیاکان و لێکۆڵینەوەی ئازاد لە لایەن لێکۆڵیارانی بواری نووسینی نەرم ئەفزاری کامپیوتێری بۆ بەرهەم هێنانی نەرم ئەفزاری تازەی دەگرت، بوو.

فریدمەن دەیهەوێت ئازاد کردنی سۆرسی نەرم ئەفزارەکان بە دانی بەرهەم هێنانی ئەم نەرم ئەفزارانە بە شێوەی پەیمانکاری بە دەرەوەی ولات، چاو چنۆکی و دەسەڵات و پاوانکاریەتی شیرکەتەکان بشارێتەوە و جیهانی کردنەوەی شیرکەتەکان بە توانایی و کارامەیی ئازادی ئینسانەکان بێنێتە پێش چاو. ئەمە لە راستیدا تەنیا و تەنیا نەبوونی راستگۆییە نەك روانینی بەرابەر و یەکدەست بۆ جیهان. بەڵگەش بۆ ئەم ئیدعایە ئەوەیە کە ناوبراو کە بانگەشە بۆ ئوانینی خۆی بە شێوەی یەکدەست بۆ جیهان دەکات هیچ ئاماژەیەك بۆ دوکتۆر حەمید ناکات. ناوبراو کەسێك بوو کە بۆ تووشبوانی خەڵکی ئافریقا بە وایروسی ئەیدز دەرمانی بە قیمەتی 200 دۆلار چنگ دەخست، لە حالێکدا شیرکەتەکانی فرۆشیاری ئامریکایی، ئەم دەرمانەیان بە نرخی 20000 هەزار دۆلار دەفرۆشت. نابراو کەسێك بوو کە یاسای پێتشوانی لە "پتنت" یا تیجارەتی جیهانی بە نەسل کوژی ناو لێبرد. گروپی لێکۆڵیاری سەر بە فریدمەن بریار بوو کە لە گەل من بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە سەر هۆکاری خۆکوژی وەرزێران بۆ بەنگلیر بأۆین تا دواترلە هۆکاری خۆکوژی وەرزێران لەم ناوچەدا وەك بەڵگەیەك لە ئاکامە خراپەکانی بە جیهانی کردن کەڵك وەر بگرن بەلام ناوبراو لە ئاکامدا ئەم بریارەی هەلوەشاندەوە. پێ دەچێت داهاتووی

فریدمەن سەبارەت بەم وتانە کە بە شێوەی یەک لایەنە دەیانکات بەم مەسەلە واتە قازانج و بەرژەوەندی یەک لایەنەی ئەوەوە گرێ درابێت، بۆیە ناوبراو لە ئاراستەی بە جیهانی کردن دا تەنیا ئامارەی خۆ دەدات بە 550 ملیۆن لاوی هێندی کە لە جیهانی بە ناو یەکدەستی ئەودا لە ئامریکاییەکان پێش کەوتوون، ئەویش کاتێک کە تەنیا بەشێکی بچووک لەم کارە لە ولاتی هێند ئەنجام دەدرێت و لەم کارەشدا تەنیا یەک ملیۆن کەس لە حەشیمەتی ملیارد 1/2 ملیاردەکەی هێند دەتوانن کاری تێدا بکەن، لە بیرۆکەی یەک لایەنە و کات ڕەهەندی فەرهەنگی فریدمەن کە زال بووە بە سەر تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن شوێنێک بۆ خواردن و کەشاوەرزی و ڕستن و چنین و، پاک و خاوێنی و ڕاهێنان دا نییە. فریدمەن بەم جۆرە بیرکردنەوە دا تەنیا یەک لە سەدی وێنەکە پیشان دەدات و 99/9 دەرسەدی وێنەکە دادەپۆشێت.

بەڵام لە پشتەوەی ئەم 99/9 دەرسەدە و لەو وێنەی کە لە لایەن فریدمەنەوە داشاردراوە، خۆ کوژی هەزاران وەرزێر بە هۆی پاوان کردنی تووی گیاکانی پەیوەندی دار بە کاری کشت و کاڵەوە ڕوو دەدات. زیاتر لە 25 ملیۆن ژنی بێ سەر و شوێن لە ژێر سێبەری ڕەشی ئەم 99/9 دەرسەدە لەو ڕاستیەی کە شاردراونەتەوە هەن بەو هۆیەی کە جیهانی بە کاڵا کراو ژنان وەک کاڵا بۆ کەڵک وەرگرتن چاو لێ دەکات. لە 99/9 لەو ئابوورییەی کە شاردراوە ماوەتەوە منداڵی سەر بە ناوچەکانی ئۆریسا و ماهاراشترا و ڕاجستان لە سرا دەمرن چونکە سیستم و نیزامی دابەشکردنی گشتی خواردن کە کاری گەشە پێدان بۆ بازاری شیرکەتە تیجاری و کەشاوەرزییەکان دەکەن لە نێو دەچن. جیهانی ئەم 99/9 دەرسەدە لە وێنەی خەڵکی هێند کە فریدمەن ئامارەیان پێناکات بە هۆی بە جیهانی کردنی ئابووری ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ هەژارتر دەبن. ئێستەش لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی ئەم نیزامە خەبات دەکەین و تێدەکۆشین جیهانێکی عادڵانە و بەردەوام و ئاشتی خوازێک پێک بێنین کە هەموو ئینسانەکان تییدا بەشدار بن، جیهانێک کە لە ئاکامی ئەو دا بە هۆی ئینسان گەراییەوە لە سەر گۆی زەوی بگەین بە دیمۆکراسی ڕاستەقینە، دیوارەکانی هەڵاواردن کە ماف تایبەت بۆ بەشێک لە کۆمەڵگا بە ڕەسمی دەناسێت و لە دەرەنجامی سیاسەتی بە جیهانی کردن دا ئەم ڕەوتە دووپات دەبنەوە لە لایەن کەسانێکەوە هاتوونەتە ئاراوە کە لە دەسەڵاتدا بەشدار بوونە و لە ڕاستیدا ئەوانیش دەبێ بە نیزامەکەیانەوە لە بەین بچن. چونکە سەرەڕۆیی لە گەل کۆمەڵگای ئازاد دا لە ناتەبایی دایە و بە جیهانی کردنی شیرکەتەکانیش جۆرێکە لە سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری کە لەودا پێش بە ئازادییە بنەماییەکان و کارامەیی و توانایی ئینسانییەکان دەگیردرێت.

ئێمە میراتگر و دەرەنجامی جیهانێکین کە بە هیچ جۆرێک یەکدەست و بەرابەر نییە.

ئەو هێندییانەی کە ڕاکێشراونەتە نێو ئابووری ئامریکاوە دەبێ بە یەک لە پێنج تا یەک لە هەشتی ماف هاوکارە ئەمریکاییەکانی خۆیان ڕازی بن، سەرەڕای ئەمانەش ئەو کارانەی کە دەسپێردرێنە هێندییەکان کارگەلێکی لاوەکی وەک ژمێریاری و میکانیکی و شتی لەم بابەتە لە ڕاستیدا ئەم بابەتە هەمان تەیلوریسمە لە سەردەمی جیهانی ڕاگەیاندندا کە، کۆنترۆل و چاودێری کردنی هەموو شیرکەتەکان لە ژێر ڕکێفی ئەمریکا دایە. ئەوان بە پێی بەرحەق زانینی مۆڵکدارییەتی فیکری بۆ خۆیان خوێندکارەکانیان خستووەتە ژێر پاوانی خۆیانەوە، سپاردنی کارەکان بە پەیمانکاری دەرەوە وەک دەر کردنی هێزی کار لە سەردەمی شۆرشی پیشەیی وایە، بۆچوونی "دنیای یەکدەست" هیچ پەیوەندییەکی بە یەکسانییەکان، یەکسانی لە دەربڕینی کارامەیی و توانایی تاک و یەکسانی لە مافەکانەوە نییە.

ئازادی تیجارەتی ئازاد، ئازادییەکە بۆ لە نێو بردنی زەوی، یەکدەست بوونەوەی زەوی بە شێوەی فریدمەن و هاوبیرانی بە مانای لە نێو بردنی ئازادی و یەکسانی وایە و لە ڕاستیدا ئەوە فاشیزمە نەک ئازادی.

***

# رەساڵەتی وشە لە شیعرەکانی شاملوودا

نووسین و ئامادەکردنی: محەممەد تەرەغە
سەرچاوە: سایتی رووناهی

وشە، شیعر، شاملوو، ئەمانە چۆن تەعبیر بکەین؟ شاملوو گەورە شاعیری دەیەی چلی بەرەوژووری ئێران بەحەق وشەی لە ناو وشەدا تواندووە. «رویايي» و تەنی شێت و شەیدای وشە بوو، هەر بۆ وشەش مرد. ئەمە شتێکە لە زۆربەی شیعرەکانی شاملوو دا رەساڵەتی تایبەت بە خۆیان هەیە. کە وابوو کاتێ وشەیەك لە شوێنێك دا یا خوود لە هەر شوێنێك کەمەبەستمان بێ رەساڵەتی تایبەتی هەیە. رەنگبێ هیچ وشەیەکیتر توانایی رەساڵەتی ئەم وشەیەی نەبێ تەنانەت لە وەرگێڕان دا زۆر جار وەرگێڕانی وشەیەك بەهیچ جۆرێ توانایی رەساڵەتی وشەی لە زمانی سەرەکی دا نییە. هەر بەو پێیە تۆ بڵێ لە وەرگێڕانی شیعرێك دا تا چ ئاستێك ئەم لایەنە لە بەر چاو بگیرێ؟! یانا ئەگەر ئەم لایەنە لە بەر چاو نەگیرێ دەقی سەرەکی چی بە سەر دێ؟!

رەنگ بێ ئەمە هەر لایەنێکی گرفتی وەرگێڕان بێ، بەڵام لایەنی بەهێز لەشیعری شاملوو کەوشەبێ بڵێ تا چ ئاستێك لە وەرگێرانی شیعرەکانی بەزمانی کوردی لەبەر چاو گیرا بن؟

لەم پێوە ندیە دا ئەگەر وای دابنێین کە خوێنەرێکی شیعری شاملووین و زمانی فارسیش نازانین، ئایا نابێ ئەم وەرگێڕاوەی کە بە شیعری دەخوێنینەوە، ئەم توانا یەی بێ کە ئە جۆرەی پێویستە شاملوو بە ئێمە بناسێنێ و ئێمەی خوێنەری دەق بتوانین لە رووی دەقە کوردیەکەی وەك شیعرێکی شاملوو بچینە ناوی؟



ئەگەر خوێنەرێکی نا ئاشنا بە زمانی فارسی ئەم وەرگێڕدراوەی خوارەوە بخوێنێتەوە و بەر لەوەش دەگەڵ شیعری شاملوو نائاشنا بووبێ و تەنیا دووراو دور ناوی شاملووی بیستبێ، ئایا ئەمجۆرەی کە شاملوو شاعیرێکی بە هێز و پرستە، ئاوا دەیناسێ؟

با بەیەکەوە شیعرەکە بخوێنینەوە:

قەت لە مەرگ نەترساوم/ هەرچەندە دەستانی فەنا چوون گەلێك ناسکە/ ترسم/ بەڵێ/ هەموو لە مردن لە وڵاتێکە کە/ حەق دەستی گۆڕ کەن/ لە ئازادی مرۆڤ/بەرزتربێ/ گەڕان/ دۆزینەوە.

ئەوسا خۆت هەڵبژێری... / لە خوودی خۆت بنیات بنێی قەڵایەك/ گەرمەرگ بایەخی بەرزتری هەبێت، / حاشا، حاشا/ کە قەت لە مەرگ نەترساوم/

فاتیمە حوسێن پەناهی ـ رامان ژمارە 53.

دەبینین کەوڵامی ئەم پرسیارانەی سەرەوەمان (نا) یە، ئەمە لەحاڵێکدا یەکە م ئەم شیعرە یەکێك لە شیعر هەرەبەرزە کانی شاملووە و رەساڵەتی وشە لەم شیعرەدا رەساڵەتی بە تەواو مانا بەو مانایە کەلە کەمترین مەودا زۆرترین ماناو

هەروەها چەندین مانایی و چەندین لایەنی بێت. ناچارم دەقە فارسیەکە بنووسمەوە تا باشتر بتوانین بە ناخی باسەکەمان دا بچین.

هرگز از مرگ نهراسیده‌ام/ اگر چه دستانش از ابتذال شکننده‌تر بود/ هراس‌من/ باري/ همه از مردن در سرزمینی است/ که مزد گورکن/ از بهای آزادی آدمي/ افزون باشد.

جستن/ یافتن/ و انگاه به اختیار برگزیدن/ و از خویشتن خویش باروئی پی افکندن/

اگر مرگ را از این همه، ارزشی بیشتر باشد/ حاشا/ که هرگز از مرگ هراسیده باشم.

ئەگەر سەرەنج بدەینە تەك تەكی وشەكان بۆمان دەر دەكەوێ كە خودی وشەكان چۆن وەدەنگ هاتوون و لەچی دەدوێن. ئەگەر پروانینە پێوەندی نێوان (هەرگیز)، (مەرگ)، (ابتذال)، (شکننده) یا (گورکن) و آزادی آدمی و...

دەبینین كەشاعیر لەچ راستایەكدا دەیهەوێ ئەم باسە راستەقینەی ناو كۆمەڵگا بۆ ئێمە بێنێتە روو. بەڵام ئاخۆ لە كوردیەكەی دا ئەم رەساڵەتە پارێزراوە؟!



جارێكی تر هەردوو دەقەكە بخوێننەوە و خۆتان بەراوەردی كەن، دڵنیام ئێوەش بەو ئاكامە دەگەن كە رەساڵەتی دەقی سەرەكی نەپارێزراوە هەر دروست لە حەستەم ترین بەشی كۆپلەی هەوەڵی شیعرەكە وەرگێڕ زۆر بە چەوتی بۆی چووە. وشە كانی «ابتزال» بە »فەنا چوون» و «شکننده» بە »ناسكە» دەگرێ كە ئەمە بە گشتی شیعرەكە تێك دەشێوێنێ. ئەم رەوتە لە سەراسەری شیعرە وەرگێردراوە كە گەڕاوە. تەنانەت جاری وایە لە بواری رێزمانیش دا دەلەنگێ. ئێوە ئەم كۆپلەیەی خوارەوە چی لێ دەكەن!

ترسم/ بەڵێ/ هەموو لە مردنە لە وڵاتیك كە/ حەق دەستی گۆركەن/ لە ئازادی مرۆڤ بەرزتر بێ...

ئەگەر لە هەر باسێكی وەرگێڕان دا كە باس دەگاتە سەر وەرگێرانی شیعر، بەو ئاكامە دەگە ین. وەرگێرانی شیعر چەتوونە یا خود كارێكی مەحاڵە، بەڵام بە هەمووی ئەوانەوە لە رێگەی وەرگێرانەوە لە شاكارە شیعریەكانی جیهان ئاگادارین و هەر لە روی ئەو وەرگێرانەوە شیعرەكە

تەئویل دەکەین و لە دیدی خۆمانەوە دەیخوێنینەوە. جاکە وابوو جگە لە گەڵ شیعرەکە توانەوە ئەویش توانەوەی ڕۆح و لەش، هیچ ڕێ و دەرەتانێکی ترمان نی یە.

ئەگەر ئێستا لەوەرگێر دراوی شیعری «لە مردن» ی شاملوو لە وەرگێرانی بەرێز کاك حەمەدمینی شا محەمەدیەوە شیعرە کە بخوێنینەوە، تۆ بڵێی ئەم جۆرە کە شاملوو خاوەنی ئەم شیعرەیە و ئەم شیعرەش سەر بە خۆیانە بوونی خۆی سەلماندووە و هەروەك لە بەراش ئاماژەمان پێ کرد، ڕەساڵەتی وشە لەم شیعرەدا زۆر بووە، بتوانێ شیعرەکە بە خوێنەربناسێنێ و ئەم شیعرە وەك شیعرێکی مەزنی شاملوو چاولێ بکەین.

بابە یەکەوە چاو بخشێنینە سە ر ئەم شیعرەی لە سەرەوە ناوی برا.

مەترسی مردنم نەبووە هیچ کات/ هەر چەندە گورو چوویر ترلە چرووکین دەستەکاني/ ترسیمن، چ بڵێم/ تەواوەن مردنم لە وڵاتێکە/ کە گۆر هەڵکني/ پترن لە ڕزگاری مرۆ/ گەڕان/ دیتنەوەو/ ئەو دەم/ بەدڵ هەڵبژاردن و/ لە خۆجەستی خۆدا/ قەڵایێ داڕشتن... / لە مانەگەر فرە تربێ نرخی مردن/ حاشا، حاشا هەرگیز لەمەرگ ترسابێتم.

تۆبڵێی یەکێك لە لایەنەکانی مانای ڕەساڵەتی وشە ئەوە نەبێ کەوشە بەپێی جێ گۆڕینی لە ڕستەدا لەمانای خۆی کەم نەکاتەوە؟

بروانن شاملوو چ لێ پراوانە دەڵێ:

/هرگز از مرگ نهراسیده‌ام/ وشەی (هرگیز) لە هەوەڵ داچی دەگەیەنێ، ئایا پرواپی وقاتعی شاعیر لە بەرابەرمەرگ دا نا گەیەنێ، ئەگەر ئەم وشەیە جێی خۆی دەگەڵ وشەکانی تر گۆڕیباوە، ئایا ئەم گورم و زەربەیەی دەبوو؟

هەر چەند لە هەڵسەنگاندنی ئەم وەرگێرە دەگەڵ وەرگێرانەکەی خاتوو فاتیمە حوسێن پەناهی دا لای تەرازو بە قازانجی کاك حەمەدەمین دا دەکەوێ، بەڵام بە گشتی لە بەراوەرد کردنی لەگەڵ دەقە ئەسڵیەکەی هیچ کامیان تواناى خۆنیشان دانیان نی یە. دەست بردن بۆ وەرگێران ورد بوونەوەیەکی کارامەی دەوێ، ڕەنگ بێ هەموو کەس لە دەستی نەیە.

بەڵام بەرێز شا محەمەدی بە وەرگێرانی شیعری چیرۆکی دایکە زەریا تا ڕادەیەك ئەمەی سەلماندووە کە دەس هەڵاتی بەسەر، وەرگێراندا هەیە.

ناچارم جارێکی تر بێمەوە سەر دەقە فارسی یەکە.

هرگز از مرگ نهراسیده‌ام/ اگر چه دستانش از ابتذال شکننده‌تر بود...

جارێکی تر پێوەندی و ڕەساڵەتی وشەکانی «ابتذال» و «شکننده» لەم ڕستەیە دا بێتەوە بەر زەینی خۆتان. ئەو دەم دەگەڵ ئەمە بەراوەردی کەن.

/ مەترسی مردنم نەبووە هیچ کات/ هەر چەندە گورچوو پرتر لە چروکین دەستەکانی. دەبینین کە شاملوو بەپێی ویستی جێگە وشە دێنێ، لە ئاکام دا وشەش چاك لە جێگەی خۆی دا دادەمەزرێ. کە هەمووی ئەوانە جۆرێ ڕێك و پێکی شیعری شاملوو پێك دێنن. تەنانەت دەتوانین بڵێین یەکێك لە لایەنەکانی ڕەساڵەتی وشە لە شیعری شاملوو دا ئەم بە پێویست و داخوازی هێنانی وشەیە، کەچی لە وەرگێرانەکە دا ئەمە کە هیچ نابیندرێ، بەڵکوو جۆرێ ڕەقی و تەقی وش. دەبیندرێ کە تەواو دەگەڵ شێوازی شاملوو لە شیعر دا غەوارەیە.

یەکێك لە مەبەستەکانی وەرگێڕان بە زمانی خۆ نووسینەوە و لە ئاکامدا دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگ و تۆرەی خۆیە. هەر وەها ئاشنا کردنی هاو زمانان دەگەڵ زمانی بێگانەیە. هەر بەو پێیە وەرگێران دەبێ بۆشاییەك لە بەستێنی زماندا پڕ کاتەوە. بەڵام ئەم جۆرەی کە بە لابردنی شیعرەکانی شاملوو لە ناو ئە دەبیاتی فارسیدا بۆشایەکی هەراو هەست پێ دەکرێ، ئاخر لە زمانی کوردیش دا بە لابردنی شێعرە وەرگێڕدراوەکانی شاملوو ئەم بۆ شاییە هەست پێ دەکرێ؟ سەر و بەندی ساڵی 1370ی هەتاوی گوڵبژێرێك لە شێعرەکانی

شاملوو لە لایەن ناسری حیسامی‌یەوە بە ناوی تا شکۆفەی سووری کراسێك وەرگێردرانە سەر زمانی کوردی و بڵاو بوونەوە. بە بڵاو بوونەوەی ئەم کتێبە شەپۆلێکی بەرین لە هۆگرانی شێعری شاملوو رویان هێنایە وەرگێرانی شێعرەکانی. دەتوانین بڵێین کرانەوەی دەروازە بۆ ناو شێعرەکانی شاملوو بۆ وەرگێران بۆ سەر زمانی کوردی ئەم کتێبە کردیەوە.

وەرگێری تا شکۆفەی سووری کراسێك هەر وەك خۆی لە سەرەتای ئەم کتێبەدا دەڵێ: «هەوای سەرەکیم بۆ گەیاندنی مەبەستی شاعیر بووە. لە شکڵی دەربڕینیش دا خۆم لێ دوور نەکردۆتەوە. مەگەر لەو جێگایانەی کە دەربڕین وەها رەگی داکوتابێتە نێو رایەڵ و پۆی کە نەکرێ هەمان وشەکانی خۆی لە شێعرە کوردیەکەدا شەتڵ کەمەوە» . بەیەکەوە چاوێك دەخشێنینە سەر چەند لەو کۆمەڵە شێعرەو سووکە هەڵسەنگاندنێك دەگەڵ وەرگێرانی کەسانی‌تر:

چڵك دەکا/پێکەنینت/ بە برین پێچ/گەر/بپیێچی/بەری بەردە/بەری بەردە/گوێ مەدەیە/کە سەر خەوی قەیلوولەی دێو/ئاڵۆز دەبێ.

ئەگەرچی وەرگێری ئەم شێعرە تا بە ئێستا لە مەیدانی وەرگێرانی شێعری شاملوودا گۆی مەیدانی وەرگێرانی بردۆتەوە. بەڵام بە ورد بوونەوە لەم کۆپەیەی سەرەوە و هەروەها سەرنج دان بە دەقی سەرەکی شێعرەکە هێندێك شت ڕوون دەبنەوە. یەکەم: ئەوەی کە لە دەقە شێعریەکەی شاملوو دا هێندێك وشە هەن کە وشەی شاعیرانەن و رەنگە لە جێگەیەکی‌تر ئاوەها لەم وشانە کەڵك وەر نەگیرێ.

شاملوو دەڵێ:

بە چرك می‌نشیند / خندە / بە نوار زخمبندیش اربندی / رهایش کن / رهایش‌کن / اگر چند قیلولەی دیو آشفتە می‌شود /

هەر وەك گوتمان وشەی «اگر چند» رەنگ بێ وشەیەکی زۆر شاعیرانە بێ و لە زمانی ئاسایی دا ئەمجۆرە کەڵکی لێ وەرنەگیرێ. یا گورمی «رهایش کن» کە ئەویش وەها رۆڵێکی هەیە. بەڵام لە وەرگێرانەکەی بەرێز حیسامی دا ئەم رەساڵەتی وشەیە لە بەرچاو نەگیراوە یا خود گورم و زەربەیان ناگاتە هێز و تینی دەقی سەرەکی. تەرکیبی «اگر چند» بە «گوێ مەدەیە» دەگرێ کە لە باری گورچ وەشاندنی مانایی مەودایەکی زۆریان پێکەوە هەیە. لە لایەکی تریشەوە هێندێك وشە هەن هاوتاکەیان لە کوردی ناکرێ کە رەنگە ئەمە لە هەمو زمانێكدا ببیندرێ. هەر لەم پێوەندیەدا بەڕێز کەریم ئیمامی لە وەرگێرانی شێعرە مەزنەکەی فرووغ بە ناوی لە دایك بوونێکی‌تر دا لەم شوێنەدا کە دەڵێ: همەی زندگی من آیەی تاریك است ئەو «ئایە» بە (chant) کە مانای «زکرکردنی هەیە» دەگرێ. ئەمە ئاشکرایە کە مانای ئایە دە گەڵ ڕکرکردن مەودایان زۆرە، بەڵام جار جارە وەرگێر رەنگ بێ رێ دەرە تانی نەبێ کە ئەوەش زۆرتر لە دوو زمانی زۆر لێك جیادا دەبیندرێ. دەنا لە زمانی کوردی دا دەکرێ وشەی ئایە هەر بە ئایە بگرین کە رساڵەتەکەی باش‌تر دەپارێزرێ. بەڵام هەروەك چۆن وەرگێری تا شکۆفەی سووری کراسێك لە سەرەتای وەرگێری کتێبەکەدا ڕا دەگەیەنێ کە هێندێك وشە خۆ بۆ وەرگێران بە دەستەوە نادەن. منیش هەر پێم وایە. منیش باوەڕم بەوە هەیە کە قەیلوولە هاوتایەکی ئەوتۆی لە کوردیدا نییە. هەرچەند بە رۆژ خەو گرتوویانە. بە سەرنج و ورد بوونەوە لە شێعرەکانی شاملوو دا ئەوە دەردەکەوێ کە یەکەمین هەنگاو بۆ چوونە ناو دنیای شێعرەکانی شاملوو وشە ناسین و رۆڵی وشە لە شێعری شاملوو دایە.

شاملوو دەڵێ:

چمن است این /چمن‌است/ با لکەهای آتشخون دل /بگوچمن است این تیماج سبز میرغضب نیست/ حتی اگر /دیریست /تا بهار/ بر این مسلخ/ برنگذشتە باشد.

دەبینین رەساڵەتی وشە بە مانای راستەقینەکەی تەواو پارێزراوە.

ئەمجا با بزانین وەرگێری تا شکۆفەی سووری کراسێك تا چ رادەیەك ئەم ئەرکە گرینگەی بە جێ هێناوە.

ئەمە سەوزایی چیمەنە / چیمەنە/ کەپەڵەی ئاگر خوێنی گوڵ بەسەری دا پژاوە /وەرە بڵێ سەوزایی چیمەنە ئەمە/ کەوڵی سەوزی نێو قەدی میر غەزەب نیە/ تەنانەت گەر/ دەمێك ساڵە پیرە بەهار/ کۆچ بارو بارگەی خۆی. لەم کوشتارگایە راناخا.

هەر چەند ئەم جۆرەی کە دەقی شیعرەکە رەساڵەتی وشەی تێدا پارێزاروە، لە وەرگێڕانێکی بە هێز دا دەتوانین بەوەرگێڕانی شیعرەکەی دا بنێین.



لەم کۆپلەیەش دا هێندێك تەرکیبی شاعیرانە هەن کە رەنگە ئەم جۆرە تەرکیبانە هەر تایبەت بە شیعر بن وەك: حتی اگر/ دیری است/ تا بهار/ براین مسلخ/ برنگزشته باشد.

کەوابوو یاکو بسەن جوان بۆی چووەکە دەڵێ: «وەرگێڕی شیعر سەر لە نوێ نووسینەوەی شیعرێکی تازەیە.»

هەر ئەم شیعرە لە لایەن کاك حەمەدەمینی شامحەمەدیش وەرگێردراوەتەوە ئاوا دەست پێدەکا:

پێکەنین /چڵك دەکا/ بە تاڵەزام پێچێ / شەتەك درێ/ دەڵێی گەڕێ /دەڵێی گەڕێ/ هەر چەن /دەپەڕێنێ رۆژە خەو/ لە چاوی دێو.

سەوزەڵانە چیمەنە/ ئاوە تانێ چیمەنە/ کڵاوی سەوزی میر غەزەب نیەر هەر چەندەرێ/ دوورو درێژە/ تا بەهار/ بێرە، بەم کوژارگەدا نەهاتبێ.

دەتوانین وەرگێرانە کە بەو چەند دێرەی ژێرەوە کورت کەینەوە:

1) هەڵبژاردنی زمانی وەرگێر، زمانێکی پووختە و پەرداختە نییە واتە جۆرێ رەق و تەقی وشە هاتوونە ئاراوەکە ئەمە خوێنەر دەگەڵ شێعرەکە غەوارە دەکا کە هیچ، تەنانەت دەگەڵ زمانی شیعری شاملووش زۆر غەوارەیە رەنگ بێ ئەم شێوازە زمانیە بەو مەبەستە هەڵبژێر درابێ کە شاملوو لە شیعری دا ئاورێکی لە رابردووی نەسری فارسی سەدەی پێنج و شەشی فارسی داوەو لایەنێکی بە هێز لە شیعرەکانیش دا هەر ئاور دانەوەیەك بوو. بەڵام شاملوو زانی کە چۆن کەڵك لەم شێوازە نووسینە وەرگرێ.

2) رەساڵەتی تەرکیب و وشەگەلی دەقی سەرەکی بە هیچ جۆرێ نەپارێزراوە یا خود زۆر کەم رەنگە. تەرکیبی (رهایش کن) / رهایش کن/ اگر چند قیلوله دیو/ آشفته می شود/. دەبینین کە وشەکان و تەرکیبەکان زۆر شاعیرانەن، بەڵام لە دەقە کوردیەکەی دا وەها شتێك نابیندرێ یا کەم مەوداترین وشە بۆ دەرپرینی مانا نەپارێزراوە، لەم وەرگێردراوە دا وەها شتێك نابیندرێ.

3) وەرگێر بۆ پاراستنی شتێك بە ناوی ئەمانەت لە وەرگێران دا لە لایەکی ترەوە تووشی هەڵە دێت کە جاری وایە شیعرەکە لە مەداری شیعر بوون دەباتە دەر. وەك ئەو کۆپلەیەی خوارەوە.

بگو چمن است این، تیماج سبز میر غضب نیست/ حتی اگر دیری است/ تا بهار براین مسلخ بر نگذشته باشد.

دەبڵــێ ئــاوە تــانێ چیمــەنــە، کڵــاوی سەوزی میر غـەزەب نیەن/ هـەر چەندە، رێ/دوور و درێژە/ تا بەهار/ بێرە، بەم کوژار گەدا/ نەهاتبێ.

یا لە شیعری گۆرەپان دا

آنچە بە دید میآید و/ آنچە بە دیدە می گذرد/.

آ ن جا کە سپاهیان/ مشق قتال می کنند/ گسترده چمن می تواند باشد، و کودکان/ رەنگین کمانی/ رقصندە و/ پر فریاد/ شاملوو

ئێستا وەرگێردراوی بەڕێز شامحەمەدی:

چی بە چاو دەبیندرێ و/ چ دەچێ لە روانگەدا

شوێنی وا سپا گەلان/ گێرە لە کوشتار ئەکەن/ دەشێ بێتە مێر غوزار و جارە گوڵ/ پەلکە زێرینی ئەویش/ منالەکان/ بە هەڵپەڕین و قاوە قاو.

ئێمە ئێستا دەگەڵ دوو جۆرە شیعر ڕوو بە ڕووین، لە لایەك شیعرێکی ئاهەنگ داری شاعیرانە کەوشەکان تەك تەکیان رەسالەتی تایبەتی خۆیان هەیە بەڵام بە زمانی فارسی و لە لایەکی تریش دەگەڵ شیعرێکی سەر سەرەکیانە یا لە یە ك کە لام دا دەگەڵ وەرگێرانێك کە بە راستی دەرونی نەبووە و ئەم شیعرە بەرزە بە قسەیەکی ئاسایی و سەر سەرەکیانە وەرگێردراوە تەوە.

لە دەقی ئەسڵی ئەگەر سەرنجمان دابێتێ، جۆرێ دیالۆگ لە نێوان رەسالەت و ئاهەنگ و پەیام دا دەبیندرێ. بەڵام لە وەرگێرانە کەدا وەها شتێك نایە بە گشتی ئەم شیعرانەی شاملوو کە تا بە ئێستا بە زمانی کوردی وەرگێردراونەوە بەشی زۆریان ئەم جۆرەی کە شیعرە فارسی یەکان خوێنەر، رازی دەکەن شیعرە کوردیەکان خوێنەر رازی ناکەن، هەر چەند ئەمە رەنگە گرفتێکی گشتی لە وەرگێرانی شیعردا بێ، بەڵام هۆی سەرەکی ئەمە دەگەرێتەوە بۆ چۆنیەتی وەرگرتنی شیعری شاملوو، هەر وەها بە ناخ دا رۆ چوونی وشە لە شیعری شاملوودا. بە قەولی یەدوڵا رویایی:

«شاملوو زیاتر، زیاتر لە هەموو شتێك لە رازی وشە نزیك بوو» .

بەشێك لە قسەکاني یەدوڵا رویایي لە کۆري رێز گرتني

ئەحمەد شاملوو(پاریس 30ي خرماناني 1379هەتاوي)

*یەدوڵا روویای*

روانیني شاملوو:

بەهەمووي ئەوانەوە، شاملوو هەر بەو زمانەوهەربەو شێوازە گوتنە، بە روانینێکي نوێ، لە جیهاني دەڕواني، بێ ئەوەي کە بۆ دیتني دنیا، » روانینێکي نوێ لە جیهان) ساز بکا. بەڵێ لە (هەبوون) هەتا (سازکردن) مەودایەکي زۆر هەیە. هەر وەك مەوداي نێوان بەرهەم هێنان، هەتا بە کار هێنان (تولید بە مصرف) مەودایەکي زۆرە. هەروەها لە هەڵبژاردن تا داهێنان. لە بەر ئەوەي کە شاملوو لایەني نادیاري شتەکاني دنیاي بۆ دیتني دنیا کەمتر دەقۆزیەوە. بەڵام لایەني نادیاري دنیا لە گەڵ زماني ئەو، لە روانینێکي نوێ دا، دەبینرا. واتە ئەم روانینە، کاتێ دەنووسرا، سروشتێکي بێ گیاني ساز نەدەکرد. بە پێچەوانە، گیانێکي تازەي بە سروشت دەبەخشي، هەرئەم جۆرەي کە دەیدي. ئەوە جگە لەوەي کە سەرچاوەکەي دەگەڕێتەوە، بۆ جادوویي زمان، شتێکيتر ناتوانێ ببێت. بە هەمووي ئەوانەوە، دەمهەوێ بڵێم کە چۆن شاملوو، هەر شتێك کە دەیدي، دەیخستە، چوارچێوەي شێوازي خۆیەوە، هەر بۆیە "شتەکان" لەم چوار چێوە تازەیە دا، زماني فیبریني ناوەوەي خۆیان بۆ خوێنەر روو نەدەکرد، بەڵکوو خۆیان و رواڵەتي خۆیان، باشتر لەوەي کە بوون، دەنواند. لەبەر ئەوە، بابەتي هەست پێکراو، لە شێعري شاملوو دا، هەر وەك خۆي دەمێنێتەوە. بێ ئەوەي کە گێردرابێتەوە و بێ ئەوەي کە لە سەر جێگاي خۆي ولە دیمەني خۆي دا، مابێتەوە.

ئەمە روانیني شاملوو، بە "شتەکان" بوو. لە پشتەوەي شتەکان، خەبەرێك نيیە. بەڵام هەر لەو دەم و دەستە دا، دێنە بەر گرتن. ئەمە شێوازێکي نوێي خستنە داوي



دنیایە کە بەرهەمەکەی مکانیزمی جادووی زمانە، نە ک بەرهەمی گۆرانی وێنەی دنیا، لە روانینی نوێ، دەرهەق بە دنیا. لێرە دا، »ئەشیا«وئەو شتانەی کە شیاوی دیتن، نەکراون بە وشە. بەڵکوو رواڵەتیان لە دەقی شاملوویی دا، لە نێوان وشەی بێ تەماوی و رەنگاورەنگ دا، بەربەست کراون کە ریتمی شاملوویان پێدەدرێ. کاروانێك لە وشە، لە گرەوی ئەم مانایە دان، کە هەر دەڵەی بۆ پێشوازی دەچن، ئایینێك کە لە تەورات و مێژوو، سەرچاوەی گرتووە، واتە لە یوحناوبەیهەقی، راستەوپاستە کراو، هاوکێش و هاودەست. هەر ئەو شتانەن کە شێوازی شاملوو، تایبەتی دەکەنەوە. هەر دەڵەی جیلوە و رواڵەتی جیهان، لە وێردەکانی شاملوویی دا، رێژە دەڕۆن. یا ئەوەی کە ئێمە لەو بە پێشواز چوون ودووپات کردنانە دا، ئاوایان دەبینین. یا لەم رێگەیەوە، لە رێگەی رام کردنی جیلوە و بیر ورادا، وێنەکان تەماوی دەبینین. بەڵام شێوازی نووسینەکەی، ئەم تەماوی بوونە، قەرەبوو دەکاتەوە. لە سۆنگەی سەرهەڵدانی وشەگەلی نۆی لە شوێنی نوێی خۆیان دا، پێش بەو تەماوی بوونە، دەگرێ.

تازەکردنەوەی ئاڵقەڕەزی کۆنە، لە قالبێکی نوێدا، لە روانینی عادەتی، دەمانترازێنێ. لە وەها هەلومەرجێك دا، روانین ئەگەر داهێنانێکی نەبێ، لانی کەم لە جل و بەرگی تازەی زمان دا، ئاڵ وگۆر پێك دێنێ. لەمەڕ ئەم ئاڵ وگۆڕەی روانین لە لای شاملوو، دەدوێم. لە لای شاملوو، لە نەسر ولە شێعری نەسری دا، هەموو شتێك جێگەی خۆی هەیە. کاتي خۆی هەیە، لەوێ وئەوکاتە کە تۆ کتێبی موقەدەس دەخوێنیەوە، کاتێ کە تۆ ئەوان دەخوێنیەوە ولە "عەهدي قەديم دا" عەهدێکي نوێ لە وشەکان دەبینی، لەم کەین و بەینە تازەیەی وشە دا، هۆگریت بۆ بیستني دەق زۆرتر دەبێ، هەتا خوێندنەوەکەی. ئەم دڵ واڵایە، بێ شك، قەرزێکە، کە شاملوو بە مۆسیقا و جیهانی مۆسیقا، قەرزدارە.

سەردەمێك کە شەوانەکاني (شوپێن) و ئاسمانیەکاني (بێتهوون-مان) پێکەوە دەبیست، چەندین ساعات، نە ئەوەی کە دەمانبیست، بەڵکوو گوێمان پێدەدا. گوێ پێدان، نا، بەڵکوو هۆشمان پێدەدا و وەرمان دەگرت. ئەو قەرزەی کە گوتم، هەر وا قەرزێکي کەم نیيە. ریتم لە شێعري شاملوو دا، هەمان دەنگي ئەو قەرزەیە. دەنا ئەو کات کە عەرووزوکێشي (شکستەی نیمايي) وەلا نا، چ شتێکي بوو، کە جێگای ئەوەی پێ پرکاتەوە؟ هەموو کەسێك ناتوانێ ببێتە قەرزداري شوپێن و بتهوون و کەڵك لەو قەرزانە وەرگرێ.

لێرەوە ئیتر، هەموو زانیاریە عەرووزیەکاني، هەموو هات و هاواري(ئەفاعیل-یەکاني) فیداي

پێشەنگي ئەم ئاڵوگۆڕە، ئەم چارەنووسە، ئەم تازەبوونەوەیە، دەکا. واتە وشە و مۆسیقا، شان بە شاني یەکتري، هەنگاو هەڵدەگرن. ئەم دووانە، لە بەستێني ریتمي وشە دا، شتێکي بچکۆڵە لەوهەمووە وشەیەن. کە ئەوە دووهەمین جار بوو، شاملوو لە خۆیدا، شتێکي فیداي شتێکي تر دەکرد. جاري هەوەڵ ئەم کاتە بوو کە "ئاهەنگە لە بیر کراوەکان-ي "لە بیر دەباتەوە." کە ئاوم پێدا/دوعام بە سەر دا خوێند/خەنجەرم لە سەر گەروي داناو لە گیانەڵایەکي دوور ودرێژ دا کوشتم/

جاري دووهەمیش کتێبي شکستەي نیمایي و خوودي نیماش.

جاري هەوەڵ روانیني و جاري دووهەم زمانەکەي نوێ کردەوە.

ئاوێتەیي زمان و روانین.

لە یەك کەلام شاملوو، هەر ئەو دوو جارە نوێ بوونەوە یە، پاڵاوتەیەك لەوانەیە. هەر لەم نوێ بوونەوانەیە کە شاملوو دەبێتە ئاوێتەیەك لە زەین و زماني خۆي. ئەم شتەي کە ئەمڕۆ بە (شێعري شاملوویي) یادي ئەکرێ. من ئەم ئاوێتە بوونە، بە بەرهەمي دووپات بوونەوە، تەمرین و گەشەي هەمان ئاێتەبووني»روانین و زمان«دەزانم، هەر بۆیە ئەوە ئاوا کورت دەکەمەوە. ورد بوونەوەي شاملوو لە سەر زمان، زمان-ي وەك بابەتێکي مادي، وەك مادە، هێنایە ئاراوە. بەڵام بۆچوونە شێعریەکانیي شاملوو لە بەستێني ئەم بابەتە مادیە دا، دەگەڵ بۆچوونەکاني ئەو لە مەڕ جیهاني دەرەوە، تووشي گرفت دێ. بە جۆرێك کە شێعرەکاني لە سنور دا، سنوريي نێوان زەیەن و زمان، قەتیس دەکا. هەرئەوەش دەبێتە عادەتي وي. عادەتي روانیني دەرهەق بە سروشتي دەوروبە، بۆي دەبێتە عادەت لە شێعر دا. زیاتري لە سەر بدوێم.

روانیني شاملوو بە شتەکان، شێعرەکاني لە سنوري نێوان راستەقینەي دیار وئەوپەڕ نادیار دا، رادەگرێ. هەربۆیە، بۆ ئەو ئەمري هەست پێکراو، هەمیشە ئەمري هەست پێکراو، دەمێنێتەوە وهیچ کات بە تەواوي بۆی جودا نابێتەوە.

جیابوونەوەي شاملوو لەم کارە، تا ئەو ئاستەیە کەشوین پێي ئەوي لێون نەبێ.

لەم روانگەیەوە، نیما نوێخوازتر لە شاملوویە. شاملوو هەر لەو شوێنەوە لە نیما هەڵدەبڕێ. کە لە شێعرەوە بو نەسر وەردەگەڕێ. هەر لەوي ئەمري هەست پێکراو، دەکاتە "ئەمرێکي رەوان".

لە کاتێکدا کە لە لاي نیما، بابەتي روانین مایە ی دەگرت، گۆراني بە سەر دادەهات، دەبووە نماد ولە شتێك بەري دەگرت (وەبەر دەهات). ئەم راستیانە وئەو شتانەي کە لە شێعري نیما دا دەیانهەویست لە ناو راستیەکان و لە شت گەلي‌تر دا، خۆ حەشار دەن، لێرە لە زماني شاملوو دا، پلە و پایە دەخوازن، هەتا بتوانن خۆ نیشان بدەن. هەر لەو زمانە دا، بە ئەوانەشەوە، بارودۆخي شاملوو لە نێوان ئەو شتەي هەست پێکراوانەي جیهان، چي وا دەگەڵ نیما، کەلەبەریان تێناکەوێ.

کاتێ دەبینم ئەمڕۆکە، ئیتر راستیەکان لە تەبار (حەجم) گەلي زەیني شاعیراني دواي ئەو، بە گشتي ون دەبێ، قرت دەکرێ و لە زمان دا، بزر دەبێ. خەیاڵي شاعیرانیش لەو ئەمرەي کە باسي کرا، خۆي راستیەکي‌ترە کە لە قرت کردني ئەم راستیەیي پێشو (راستەقینەي دایك) سەرچاوە دەگرێ.

مەرگي شاملوو ئەمساڵ لە پەنا مەرگي کەساني‌تري شێعري نوێ، رواڵەتي مەرگي بە شێعر دا. لەم رواڵەتە دا، ناوەکاني وەك نوسرەت رەحماني، ناد نادرپوور، بیژەن جەلالي، شاپوور بونیاد و گوڵشیري چیرۆك نووس (کە خۆي پەنجەرەیەك بوو بەرەو رووي جیهاني شێعر) جەغزي تەنگي گەورە پیاواني ئەدەبي هاوچەرخي تەنگتر کردەوە، کە شاملوو لە ونێوە دا، ئەویني وشە بوو، شێت و شەیداي وشە بوو، خۆي بۆ فیدا دەکردن، هەر دەڵەي بۆ ئەوان مردووە.

سەرچاوە: ماهنامە نگاه

***

# مێژووی رۆژی جیهانی منداڵان و بیرۆکەی رۆژێك بە نێوی "رۆژی ئاشتی"بۆ منداڵان!

ئا : کەریم ئەمانی

لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان رۆژی منداڵان جیاوازە، هەر لە رۆژی 20ی نوامبر، (کە ئەم رۆژە لەلایەن هەندێك لە وڵاتانی جیهان و بە پێی بڕیاری کۆنفڕانسی ساڵی 1925ی "ژنو"، کە لە ژێر ناوی کۆنفڕانسی جیهانی بۆ "ڕفاه"ی منداڵان بە بەشداری نوێنەرانی 54 وڵات بەڕێوە چوو و بە کۆی دەنگ بەیانامەیەکیان تەسویب کرد کە لەودا لە سەر چەند خاڵێکی وەك پێداویستییە سروشتییەکانی منداڵان، رزگار بوونی منداڵان لە چنگ هەژاری، پشتگیری لە منداڵانی کار، پێداچونەوەی سەر لە نوێ بەسەر شێوازەکانی بارهێنان و چەند مەسەلەیەکی دیکە لە پێوەند لەگەڵ بێهداشت و ڕفاهی منداڵان لە سەرتاسەری جیهان پێداگری کرابوو) وە بگرە هەتا 1ی ژوئن لە هەندێك لە وڵاتانی سەر بە بلوکی شۆڕەوی پێشوو و 14ی نوامبر لە هێند و 5ی مەی لە ژاپۆن و 4ی خەزەڵوەر تا بەر لە راپەڕینی 57 و هەر وەها 16ی رەزبەر، پاش راپەڕینی 57 و هاتنە سەرکاری رژیمی سەرمایەداری ئیسلامی لە ئێران و...

بەڵام رۆژی جیهانی منداڵان لە راستی دا لەلایەن خودی منداڵانەوە بە وجوود هات. لە ساڵی 1986 و لە ئاوا رۆژێك دا دوو خوێندکاری تەمەن 9 ساڵان لە قوتابخانەی ئاتاتۆری لە نیۆیۆرك بە نووسینی نامەیەك داوایان لە منداڵانی جیهان کرد تا بەیەکەوە رۆژێك بە نێوی رۆژی ئاشتی دیاری بکەن.

یەکێك لەو منداڵانە لە پەیامەکەی خۆی دا دەڵێ:" گەورەکانی ئێمە باوەڕێکی نەگۆڕیان هەیە ... ئەوان ئێمەیان خۆش دەوێ لەبەر ئەوەی ئێمە جگەر گۆشەی ئەوانین، بەڵام ئایا ئەوان دەزانن کە چ جیهانێکیان بۆ ئێمە دروست کردووە؟. ئەگەر چکۆلەترین هەڵە لە ماشێنی هەستەیی ئەوان دا روو بدات، ئێمە هیچ شانسێکمان بۆ گەشە و هەڵدان نابێت! ئێمە دەمانەوێ ئیمکانی گەشە و هەڵدانمان لێ زەوت نەکرێ"!

منداڵان لەم رۆژە دا دەیانهەوێ وەبیر هێنەوەرەی ئەو جیاوازی و ناکۆکیانە بن کە، لە حاڵێك دا کە ساڵانە هەزینەیەکی سەر سووڕهێنەر سەرفی جۆرها چەك و چۆلی هەستەیی و غەیرە هەستەی دەکرێ، رێژەیەکی زۆر لە منداڵان بە هۆی برسێتی، نەبوونی ئیمکاناتی بێهداشتی، بەدخۆراکی و... گیانیان لە دەست دەدەن.

ئەمساڵیش لە حاڵێك دا، ئەم رۆژە بەڕێوە دەچێ کە، بانگی عەداڵەتخوازی پتر لە 260 ملیۆن منداڵی کار لە سەرتاسەری جیهان، لە دژی چەوساندنەوە و بێ مافی، گوێچکەی فەلەك کەڕ دەکات.

لە جیهانێك دا کە سنوورەکان، ئاو، خاك و زۆر جاریش نەتەوە، رەگەز و مەزهەب بەهانەن بۆ شەڕ و نەسل کوژی بە ملیۆن و لەم ناوەش دا، بێ خانەولانەیی، برسێتی، نەخۆشی و مەرگ دەبێتە نەسیبی ملیۆنها ئینسانی بێ دیفاع و بە تایبەت منداڵان و لە لایەکی دیکەوە، سوود و قازانجی چەند ملیارد دۆلاری دەچێتە گیرفانی خاوەنانی شیرکەتە چەند میللیەتەکانی بەرهەم هێنەری چەکە کۆ کوژ و مەرگبارەکان، کە هەمووی ئەوانە لە ژێر ناوی دیفاع لە

دیموکراسی، تەمەدون و نیسبییەتی میللی، مەزهەبی، نەژادی و... دا روو دەدەن.

ئەمڕۆژە لە حاڵێك دا بەرێوە دەچێ کە مناسباتی نا عادلانە و چەوسێنەرانەی نیزامی سەرمایەداری دنیای منداڵانی بە تەواوی شێواندووە و ئەم ئاسیب پەزیرترین توێژەی کۆمەڵگای بەشەریەتی نوقمی بێ مافی، ستەم و بێ عەداڵەتی کردووە. ئاسوودەیی، ئەمنییەت، شادی و خۆشگوزەرانی مافی بێ ئەم لاو ئەولای هەر منداڵێکە، بەڵام زۆربەی منداڵانی جیهان لێی بێبەشن. لە پەنا گوێی بەناو عەداڵەت خوازەکانی جیهان و لە ژێر سێبەری بانکە چەند نهۆم و لە ناو ئەنبارە پڕ لە سروەت و نێعمەتەکان دا، منداڵان لە برسان دەمرن، لە سەرما هەڵدەلەرزێن، پێویستیان بە نان و دەواودەرمانە، نەخۆش و لاوازن، لە ژێر باری کاری قورس و تاقەت پڕوکێن دا پشتیان دەچەمێتەوە، سووکایەتیان پێدەکرێ، ئازار دەدرێن، شللاقیان لێ دەدرێ تا ئەرکەکانیان بە باشی بەڕێوە ببەن، دەستەمۆ و مل کەچ بن، موتیع و موریدی ئەحکامی خورافی و کۆنە پەرەستانە بن، هەر لە بابە گەورە و نەنە سەر ماوە بگرە هەتا بەقاڵ و شێخ و مەلاو میدیاکانەوە تۆوی تەوەهم و سووکایەتی یان لە وجوود دا دەچێنن.

لە کۆمەڵگای ئەمڕۆ دا منداڵان تووشی سەر لێ شێواوی دەبن، تووشی خەمۆکی دەبن، لە ماڵ هەڵدێن و بە ریزی منداڵانی سەر شەقام پەیوەست دەبن، دەکڕدرێن و دەفرۆشرێن، موعتاد دەبن، ئەمجار بە پێی یاسا و دەسەڵاتی کۆنەپەرەستانە تۆمەتبار دەکرێن و حوکمی شەللاق،زیندان، قەساس و ئیعدامیان بۆ دەردەچێت!.

8ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ لە هەل و مەرجێك دا ڕێزی لێ دەگیرێت کە سەرەڕای بوونی دنیایەك سەرچاوەی سەروەت و سەرمایە، گەشەی ئەوپەڕی ئیمکانات و زانست و تکنۆلۆژی و... لە جیهانی ئەمڕۆ دا، ئەو هەموو دڵ رەقی و بێ رەحمی و بێ عەداڵەتییە دەر حەق بە منداڵان و بە واتایەکی تر دەرحەق بە کۆمەڵگای بەشەریەت بەرێوە دەچێت. سەروەت و سامانی جیهان بە شێوازێکی نا عادلانە دابەش دەکرێ، کەڵەکە بوونی سەرمایە لە پێناو خزمەت بە کۆمەڵگای بەشەرییەت دا نییە. بەرهەمی رەنج و کاری نزیك بە 95٪ ی ئینسانەکان لە لایەن کۆمەڵێك ئینسانی تەمبەڵ و تەوەزولەوە دەستی بە سەر دا دەگیرێ بۆ درێژەدان بە تەمەنی نەنگینی خۆیان کایە بە ژیانی ئینسانەکان دەکەن و لە پێناو ئامانجە دزێوەکانی خۆیان دا دەیانکەنە قوربانی. ئینسانەکانیان بەرداوەتە گیانی یەکتر بۆ ئەوەی دەرفەتی بیرکردنەوەیان بۆ رزگار بوون لە چنگ مەینەتی و نەهامەتییەکان بۆ نەرەخسێت. سەروەتێك کە ئەم مفتەخۆرانە دەستیان بە سەر داگرتووە، دەتوانێ هەموو ئینسانەکان لە برسیەتی رزگار بکات، کۆمەڵگای بەشەرییەت بۆ هەمیشە لە قەیران و قات و قڕی دەربێنێ وپێ بنێتە ناو قۆناغی گەشە و پێشکەوتنی هەمەلایەنەوە. ئەو سەروەتە دەتواتێ سەرجەم پێداویستییەکانی منداڵان دابین بکات. ئەو سەروەتە دەتوانێ نان، مەسکەن، بیهداشت و دەرمان، ئیمکاناتی خوێندن و جل و برگ لە یەك کەلام دا کۆمەڵگایەکی سالم و ژیانێك کە شیاوی ئینسان بێت



بۆ منداڵ و گەورەترەکان بخولقێنێ. یونیسێف لە ڕاپۆرتێکی خۆی دا دەنووسێت: تەنیا بە سەرف کردنی پێنج دۆلار بۆ هەر منداڵێك، دەکرێ 90٪ی ئەو منداڵانەی کە ساڵانە بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە گیانیان لە دەست دەدەن لە مەرگ ڕزگار بکرێن، وە هەر ئەوەندە بودجەیەش کافیە بۆ باشتر کردن و سەر و ساماندان بە ژیانی مندلان لە ولاتەکانی جیهانی سێهەم بۆ ماوەی یەکساڵ، کە ئەم مەبلەغە یکسانە لەگەڵ هەزینەی تەنیا شەش حەوتووی چەك و چۆڵ لە جیهاندا.!



میلیونها کرێکار، کۆیلەی کاری کرێگرتە و بێ ئەملاوئەولای خاوەنانی سەرمایەن، هێزی ئینسانی دانشمەند، ئەکتیڤ و لێهاتووی ناوەندە زانستی و دانشگاییەکان لە خزمەت ئەو بارودۆخەی ئێستا دایە، بارودۆخێك کە بۆ زۆربەی کۆمەڵگا بێجگە لە رۆژ رەشی و بەش مەینەتی هیچی تر نیە.

با ئەمساڵ بە دروشمی" ئەم جیهانە پێچەوانەیە دەبێ بگۆردرێ"، ڕێز بگرین لە 8ی ئۆکتۆبر رۆژی جیهانی مندالان.

زانست و تەکنەلۆژی ئەم جیهانە لە خزمەت کێبەرکێ و بونگا سەرمایەدارییەکان دایە نەك لە خزمەت بە ئاسودەیی و خۆشبەختی ئینسانەکان، ئەم رەورەوەیە دەبێ پێچەوانە بکرێتەوە و تەواوی سەروەت و زانست و تەکنەلۆژی پێشکەوتووی ئەمڕۆیی بنرێتە خزمەت بەختەوەری و ئەمنییەت و ئاسوودەیی بۆ سەرجەم کۆمەڵگای بەشەرییەت. ئەم هێزە کە ئێستا لە ژێر کۆتی ئیسارەت دا لە عەزاب دایە و مەیلێکی بە هێزی بۆ بە دەست هێنانەوەی سەربەخۆیی ئینسانیی خۆی تێدا بەدی دەکرێ، دەتوانێ جیهانی ئەمڕۆی منداڵان بە جوانترین رەنگەکان وێنا بکات و ئاسەواری رەنج و مەینەتی لە ژیانیان دا بسڕێتەوە و خۆشبەختی و ئاسودەیی بۆ هەموان بە دیاری بهێنێت.

ئەمانە و سەدان و هەزاران بابەتی دیکە کە پێوەندییان بە ژیانی ئینسانەکانەوە هەیە شتێکی غەیرە مومکین نین، بەڵکوواقعی و قابیلی دەست پێ ڕاگەیشتنن. ئەمانە ئاوات و ئارەزوەکانی سبەینێ نین، بەڵکوو دەبێ هەر لەمڕۆوە بۆ دەستەبەر کردنیان تێبکۆشین. یەك ڕیزی و هاوخەباتی کۆمەڵانی ژێر دەستە و ستەم دیتوو بە گشتی و چینی کرێکار و زەحمەتکێش بە تایبەتی، دەتوانێ دنیایەکی واقعی بۆ منداڵان مسۆگەر بکات. خەباتێکی لەو چەشنە دەتوانێ ڕزگاری بەخش بێت و نەزمی دنیای سەرمایەداری تێك بدات. چارەنووسی ئینسانەکان شتێکی چارە هەڵنەگر نیە و مەحکووم بوون بە چارەنووسێکی غەیرە ئینسانی و ناعادلانە ئەزەلی و ئەبەدی نیە و سەردەمی مەحکوومییەتی بەشەرییت دەبێ کۆتایی پێ بێت.

ئەمە حوکمی هەر ئینسانێکی ئازادیخواز، بەشەر دۆست و لە ئاشتی نەهاتوو لەگەڵ نیزامی چینایەتیی و نابەرابەر کە لە تەواوی مەیدانەکاندا، لە دژی پەرەسەندنی موسیبەتەکان، چەوسانەوە، کۆیلەتی، هەلاواردن، شەڕ و ماڵ وێرانی، هەژاری و بێ مافی و... پێی ناوەتە مەیدانی خەبات و وێڕای تەحەمولی زەخت و زۆر و سەرکوتی وەحشیانەی نیزامی سەرمایەداری، بە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی تەشەکول و ڕێکخستنی ناڕەزایەتی جەماوەری، لێبڕاوانە لە سەر گەیشتن بە داخوازییە ڕەواکانی و سەرەنجام لە گۆڕنانی نیزامی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری و دەمزراندنی دنیایەکی ئینسانی و بە دوور لە هەر چەشنە ستەم و نابەرابەرییەك دەرحەق بە منداڵان و کۆمەڵگای بەشەرییەت پێداگری دەکات.

***



# "من هیچ پێویستیەکم بە ئاسمان نییە، چونکە نە بەهەشتم دەوێ و نە دۆزەخ"

یادێك لە عەزیز نەسین

ئەمە قسەی کەسێکە کە لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدا، چووبووە مەیدانی خەبات و ململانێی ژیان. ئەو کە لە جەهەننەمی هەژاری و خورافە و ئیستبداد دا سەری دەرهێنابوو، تەواوی تەمەنی بە خەبات و تێکۆشانێکی بێ وچان و ماندوویی نەناس بۆ ڕزگار کردنی خۆی و ئەوەیکە توانیبای تەئسیری تێ بکا، تێپەڕ کرد و بۆی تەرخان کرد. لەم ڕێگایە دا، نە بەڵێنی بەهەشت یار و یاوەری بوو و نەترس لە دۆزەخ لەمپەر و ڕێگری. ژیانی عەزیز نەسین ئاوێنەی بالاّ نوێنی ژینگەکەی بوو. ئاوڕ دانەوەیەك لە ژیانی عەزیز نەسین، نیشاندەر و بەیانگەری زۆر شتە، درکێنەری کۆمەڵگایەکی سوننەتی، ستەمگەری و هەژاری‌یە کە گیر و گرفت و کۆسپ و تەگەرەی ئێجگار زۆر و سەر سووڕهێنەری خستووەتە سەر ڕێگای ڕووناکبیرانی، گیر و گرفتێك کە زۆربەیانی لە منداڵدانی دایکیان دا خنکاندوە، نا ئومێد و دڵشکاو، یان نابوودی کردوون و دەیکا. ژیانی عەزیز نەسین چرۆکێکی بە تەواوەتی ئاشنایە، هەر وەك چیرۆکەکانی خۆی.

ساڵی 1915ی میلادی لە جەزیرەیەکی دەور و بەری ئەستەمووڵ دا لە دایك بوو و هەر لە سەرەتاوە ((گیان سەخت))ی زیندوو مانەوەی لە هەل و مەرجێکدا نمایش و نیشان دا کە هیچکام لە خوشك و براکانی بەخت و چارەنووسی ئەویان نەبووە. باوکی بۆ پەیدا کردنی نان، هەمیشە بە تەنیا لە لای دایکی بە جێی هێشتووە و دایکیشی، بەو هەموو دژوارییەوە کە لە ڕێیدایە و بە مەرگی ناوەخت لە تەمەنی 26 ساڵی دا بە جێی دێڵێ، بۆ ئەو دەبێتە چارەسەری عەشق و جوانیەکانی ژیان. لە تەمەنی 10 ساڵی دا خولیای نووسەری دەکەوێتە سەری و بڕیار دەدا ببێتە نووسەر. بڕیارێك کە بە لەبەر چاو گرتنی هەژاری شوێنی ژیانی، لە لایەن باوکیەوە بە "خولیایەکی ئەحمەقانە" تەشبیە دەکرێ. لەوانەیە لە خۆڕا و بێ دەلیل نەبێ کە لە ناوی باوکی کەڵك وەردەگرێ و ناوی خۆی کە "نصرت"ە لە زریانێکدا کە دواتر بەرپای دەکا، لە بیر دەباتەوە. بەڵام ناسنامەی خانەوادەییەکەی واتە "فامیلی" بۆخۆی دیاری دەکا کە "نەسین"ە، یانی"تۆ چیت؟".

بۆ خوێندن دەچێتە مەدرەسەی پەروەردە و فێر کردنی شار کە بە ڕێکەوت یەکێك لە باشترین مەدرەسەکانی تورکەیە. دواتر دەچێتە زانستگەی سەربازی و پاش تەواو کردنی دەورەی خوێندن تا ساڵی 1944 کە دەر دەکرێ، لە ئەڕتەش دا دەمێنێتەوە. هەر لەم دەمە دایە کە دەست بە نووسین دەکا و بڕێك لە چیرۆکەکانی لە چاپەمەنی‌یەکاندا بڵاو دەبنەوە. دوو ساڵ دواتر، بە دوای سەرکوت و ڕاوەدوونانی "کەسانی چەپ"دا پاش 17 ڕۆژ لێپرسینەوەی توند، 10 مانگ زیندانی بەسەردا دەسەپێنن. ئەمە سەرەتای دەست پێکردنی ئەو ئەزیەت و ئازارانەیە کە تا دوا ساتەکانی تەمەنی لە لایەن کاربەدەستانی دەوڵەتی و هێز و تاقمە کۆنەپەرەستەکانەوە بەرانبەر بەو دەکرێ و تووشی دەبێ. لەسەر یەك 6 ساڵ لە زیندان دا بوو کە بۆ نموونە ئاماژە بە چەند جارێکی ئەم دەیان جار گرتن و زیندانی کردنەی دەکەین. ساڵی 1949 لەبەر شکاتی شای ئێران و مەلەك فاروقی میسر، 6 مانگ زیندانی بەسەردا دەسەپێنن، گوایە لە چیرۆکێکی دا تەوهین و سووکایەتی پێ کردبوون.

سالێك دواتریش بە تاوانی "تەرجەمەی وتارێكی ناشایست لە فەڕانسەییەوە بۆ سەر زمانی توركی "16 مانگ زیندانی بۆ دیاری دەكرێ و 6 مانگیش گۆڤارەكەی دادەخەن. ئەمە لە حاڵێكدا بوو كە زمانی فەڕانسەیی نەدەزانی!

پاش ئەوەیكە ئازاد دەبێ، ماراتۆنی تراژیكی كۆمیدی لەگەڵ سانسۆرچییەكان دەست پێ دەكا كە لە لایەن كار بە دەستانەوە دەكەوێتە بەر هەڕەشە و زیندان و تەنانەت كتێبەكانیشی دەسوتێنن و ناچار دەبێ كە بەردەوام ناوی وتار و نووسراوە و چاپەمەنیەكانی بگۆڕێ و بە ناوی جۆرا و جۆری نازناوەوە بلاویان بكاتەوە. بۆ نوونە لە گۆڤاری "فكاهی" "خەرتەل"ی ساڵی 1954 دا، لە 200 ناوی نهێنی و موستەعار كەڵكی وەرگرتووە.



لە ساڵی 1965 دا بەهەر جۆرێك بێ پاسپۆرت و ئیجازەی چوونە دەرەوەی لە توركیە پێ دەدەن. سەفەرێكی ولاتانی ڕۆژهەلات دەكا كە لەم سەفەرەدا خەلاتی "ژیشكی زێڕین"ی بولغارستان بۆخۆی مسۆگەر دەكا. لە ساڵی 1977 دا دەبێتە سەرۆكی یەكیەتی نووسەرانی توركیە و لە ساڵی 1958 دا دەبێتە ئەندامی یانەی بەناوبانگی قەڵەم (Pen). بەرهەمەكانی لە سنووزری 100 كتێب تێدەپەڕێ و لە قالبی كۆمەلچێك چیرۆكی كورت، ڕۆمان، نمایشنامە، بیرەوەری، چیرۆكی حەماسی و ئەفسانەیی دا بە تیراژێكی میلیۆنی لە توركیە و ولاتانی دەرەوە دا بلاو كراونەتەوە. نووسراوەكانی بە 91 زمان تەرجومە كراون و لە 42 ولات دا فرۆشراون. ئاوا پڕكاری و تەقەلایەكی ماندوویی نەناسانە، ئەویش لە كۆمەڵگایەك دا كە زۆربەی دانیشتوانی لەبەر هەژاری و نەخوێندەواری لە ڕەنج و عەزاب دان و حكومەتە سەرەڕۆ و ملهوڕەكانی كەوتوونەتە گرتن و ئەشكەنجە و ئازاردانی ڕووناكبیران و نووسەرانی، گەلێك سەر سوڕهێنەر و جێگای ڕێز و لێ فێر بوونە. عەزیز نەسین لە پێشەكیی ژیان نامەكەی دا بە ناوی "منداڵی ئەستەمبوول"، لە ساڵی 1968 دا، دەنووسێ:

"خەڵك لەوەیكە تا ئێستا 2 هەزار چیرۆكم نووسیوە، سەریان سووڕ ماوە. لە ڕاستی دا شتێكی سەیر و سەر سووڕ هێنەر ڕووی نەداوە. ئەگەر خانەوادەكەم كە ناچارم یارمەتیان بدەم لە باتی 10 كەس، 20 كەس بوایەن، دەبوایە زیاتر لە 4 هەزار چیرۆكم نووسیبوایە".

ئەم وتەیە هەمان زمانی تەنز و تەشەرە كە لە تەواوی بەرهەمەكانی دا بەدی دەكرێ و بەر لەوەیكە شێوەی نووسین و خواستی ئەو بێ، زادە و حاسڵی ژینگەكەیەتی. لە سەرەتادا كە ڕووی لە شێعر و شاعیری نابوو، لەسەر ئامۆژگاری "ناظم حكمت" و بە قەولی خۆی "بۆ ڕێز گرتن لە شاعیری"، دەستی لێ هەڵدەگرێ. پاشان بە مەبەستی گریاندنی خوێنەر، چیرۆكێك دەنێرێ بۆ گۆڤارێك كە وەك چیرۆكێكی پێكەنین هێنەر پێشوازی لێدەكرێ. عەزیز نەسین لەم بابەتەوە دەڵێ: ئەمە یەكەمین هەنگاوی لێبڕاوانە و وەلانانی تەوەهوم و دوو دڵیم بوو لە بوار و مەیدانی نووسەریم دا. خوێنەرانی بەرهەمەكانم بە پێچەوانەوە بە

زۆربەی ئەو بابەتانە پێدەکەنن کە بۆ گریاندنیان دەینووسم.

بەم شێوەیە تەنزە کۆمەڵایەتیەکانی شکڵ دەگرن. بێ گومان ئاشنایەتی و پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ فۆلکلۆر و داستان و چیرۆکی ڕیشەداری کۆمەڵگاکەی، لە پێکهێنان و شکڵ پێدانی ئاوا زمانێک دا نەخشی ئەساسی و دیاریکەری هەبووە. شێوە و سەبکێک کە لە زۆربەی چیرۆکەکانی دا بەدی دەکرێ و بە شێواز و فۆرمی "بێ مانا" ناوبانگ دەر دەکا، وەبیر هێنەرەوەی تەنز و مەتەڵ و چیرۆکە بە ناوبانگەکانی وەک "مەلا نەسرەدینە" کە لە فەرهەنگی ئێمەش دا ڕیشەی دکوتاوە و هەیە. بەیانی ساکار و دووپات بوونەوەی یەک لە دوای یەکی ئەو ڕووداوانەی کە لە حەڵقەی کۆتایی چیرۆکەکانی بە ئاکام دەگا و مانا دەبەخشێ، هەر لەم فەرهەنگە وەرگیراوە و جار و بار زیاتر وەک چیرۆکی منداڵان دەچێ. دەبێ ئەوەش بڵێین کە عەزیز نەسین لەو دەگمەن نووسەرانەیە کە فیری زمانی چلۆن قسە کردن لەگەڵ خەڵک بووە و هەر لەبەر ئەمەشە کە لە هەل و مەرجێک دا کە خەڵک لە دژی بۆچوونیەتی "ئاتەئیستی" و بێ مەرز هەبێ بەربەرەکانێ دەکەن، زۆربەی ڕووناکبیرانی تەئسیر وەرگرتوو لە ڕۆژئاوا گۆشەگیر یان ئەسیری زێهن گەراین، بەڵام بەرهەمەکانی ئەو دەبنە خەڵکی و لە لایەن جەماوەرەوە پێشوازییان لێ دەکرێ. ئەمە لە حاڵێک دایە کە لە لایەک هیچ شتێ و هیچ کەسێک، لە کاربەدەستانی دەوڵەتی و ڕژێمی حاکمەوە بگرە تا دەگاتە دەوڵەمەندان و هەژاران و بەناو ڕووناکبیرەکان و چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی تر، لە تەنز و تەشەری تەزێنەری ئەو، لە ئەمان دا نین و لە لایەکی ترەوە خودی عەزیز نەسین وەک کەسێکی هەڵسووڕاو و ڕاشکاو، بێ ترس و لێبڕاوانە نا بە سامانییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمی خۆ دەداتە بەر ڕەخنە و تەسەوری زۆر کەس، ڕاز و ڕەمزی سەرکەوتن و خەڵکی بوونی لە داپۆشین و کەمڕەنگ کردنەوەی بیر و بۆچوونەکانی دا بەدی ناکا.

لە نووسراوەکانی دا هێندە بەرین باسی دیاردە و گیروگرفتی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی خەڵکی دەکرد کە هەر کاتێک ڕووداوێکی سەیر و گاڵتەجاڕی ڕووی دابا، دەیانگوت "دەبوایە عەزیز نەسین نووسیبای" و زۆر وێ دەچوو کە بە ڕاستی لە جێگایەک نووسیبێتی. عەزیز نەسینیش وەک "چارلی چاپلن" لەو باوەڕە دا بوو کە کۆمیدی دەبێ بە کەمترین پیچ و پەنا و موبالیغەوە لە واقعیەتی ژیانی خەڵک نزیک بێ مەواد و کەرەسەی کار و تێکۆشانی خۆی لە ڕووداوەکانی هەر ڕۆژەی خەڵک، لە واقعیەت و ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان و لەو تەجرەبە و ئەزموونانە وەر دەگرت،کە هەر شارۆمەندێکی تورکیەیی بە شێوەیەک دیتبووی. بە گاڵتە گرتنی دام و دەزگای حکومەتی و دووڕوویی کار بە دەستانی دەوڵەتی، جۆرێک هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە ناو خەڵک دا پێک هێنابوو کە ڕوحیاتی دژایەتی و بێ متمانەیی نسبەت بە ڕژیمی حاکم، یەکێک لە حاسڵ و بەرهەمەکانی بوو. بەمەشەوە نەوەستاوە و بە گاڵتە کردن و تانە و تەشەر دان لە ڕەوشت و باوەڕی پووچی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ، ئەوانی لە کەم و کوڕی و نیگەرانیەکان و کورت بینیەکانیان ئاگادار دەکرد و لە بەرانبەر دا ورد بینی و ڕۆحیەی ڕەخنە گری بەهێزتر دەکرد. تەنیا خاڵێکی لاواز نەبووکە نەکەوتبێتە ڕەستە بە برشتەکانی و لەبەر ئەوە کە زمانی ڕەخنە گرتنی تەنز بوو، لە هەمان کاتدا باسی ئاکامی باشی تەئسیراتیشی دەکردن، بە شێوەیەک کە خوێنەر لە حاڵێکدا لەبەر پێکەنین فرمێسک بە چاوی دا دەهاتە خوار، بە ناچاری دان بە کورت بینی و ساویلکەیی خۆی دا دەنا. ئابەم شێوەیە کە نووسەر دەست دەکا بە داڕشتنی نوێترین مەسەلە و بابەت. چیرۆکی "چلۆن پیرە پیاوەکەیان خۆش دەویست" نموونەیەکی تەکان دەرە لە پەیوەندی نێوان ئینسانەکان. کاتێک عەشق و خۆشەویستی پیرە پیاوێک و ژنێکی لاو، وا دەکەوێتە بەر هێرشی لۆمە و تانە و تەشەری خزم و کەسیان کە ناچار بە تەرکی عەشق و لێک جیابوونەوەیان دەکا، لە کۆتایی چیرۆکەکەدا هاتووە:

"پیرە پیاوەکە هەر وەک جاران خۆی لە ماڵەوە زیندانی کرد و چووەوە کەوڵی خۆی. ئێستا ئیتر

تەواوی کوڕەکان، دۆستان، هاوکاران و ئاشناکانی ڕازی بوون و ئیتر هیچکامیان نە بەلای‌دا دەچوون و سەریان لێ دەدا و نە تەنانەت نامەیەکیشیان بۆ دەنووسی. ئێستاکە ئەویان لە خۆشبەختی نەجات دابوو، ئاسوودەیی وڕەزایەتی خۆیانیان وە دەست هێنا بوو. ئالەم کاتەدا بوو کە پیرە پیاوەکە بە ڕاستی هەستی پێکرد کە پیرە. ئەو 70 ساڵ هەستی بە پیری نەکردبوو، بەلام لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا بەقەدەر 70 ساڵ پیر بوو".

عەزیز نەسین وێرای تەئسیراتێکی قووڵ کە لەسەر ملیۆنەها ئینسان دایناوو و لەگەڵ ئەوەدا کە تەواوی کاتەکانی سەرفی تەنز و نووسین و کاری ئەدەبی کردبوو، لە بەشداری کردن لە هەڵسوڕانی ئینسان دۆستانە دا کەمتەر خەمی نەدەکرد و ئەوەیکە لە دەستی هاتبا، دریغی نەدەکرد. هەر بۆ ئەم مەبەستە، ساڵی 1972 بنکەیەکی دامەزراند تا بتوانێ کتێبەکانی بفرشێ و بە داهاتەکەی، خەرجی خوێندنی چوار منداڵی هەتیو دابین بکا.

عەزیز نەسین هەر وەك زۆربەی ڕووناکبیرانی دەورانی خۆی، سۆسیالیزمی بە ڕوانگە و ڕێگای ڕزگاری بەشەرییەت دەزانی و زۆر جاران لەبەر بیر و باوەڕی مارکسیستی، کەوتە بەر گرتن و ڕاوەدوونان و سووکایەتی ئورگانە دەوڵەتیەکان و ڕەوت و ڕێکخراوە مەزهەبی و دەست ڕاستیەکان. توند و تیژ ترینی ئەم پەلاماردانانە لە ساڵی 1993 دا ڕووی دا. کاتێك کە هێزە حیزبەڵڵاییەکانی شاری سیواس بە هاوکاری کار بە دەستانی دەوڵەتی، بە مەبەستی لە ناوبردنی عەزیز نەسین و بەشدار بوانی تری سیمیناری ڕێزگرتن لە شاعیری دژی ئیستبدادی سەدەی شازدە، شوێنی ئەو سیمینارەیان ئاگر تێبەردا، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر کە وەبیر هێنەرەوەی هەمان "گیان سەخت"ی سەردەمی منداڵیەتی، لە مەرگ ڕزگاری بوو، لە حاڵێکدا 37 کەس لە ڕوناکبیرانی تورك بوونە قوربانی بیری کوێری کۆنەپەرەستانی ئیسلامی.

بڵاو کردنەوەی تەرجەمەی بەشێك لە کتێبی "ئایەتە شەیتانیەکان"ی سەلمان ڕۆشدی لە لایەن عەزیز نەسینەوە، هۆی ئەسڵی ئەم هێرشە بوو. عەزیز نەسینیش وەك زۆربەی ئازادیخوازان و ئازاد ئەندێشان، ناڕەزایەتی دەربڕین و بەربەرەکانێ کردن لە دژی تیرۆریسمی فیکری فاشیستە مەزهەبیەکانی بە ئەرکیکی گەورە دەزانی و هەر لەم ڕووەشەوەیە کە کتێبەکەی سەلمان ڕۆشدی تەرجەمە کرد و جەسوورانە سنگی کردە قەڵغان. هەروەها ساڵێك دواتر بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە کوشتاری کوردەکانی کوردستانی تورکیە بە دەستی دەوڵەت و هێزە سەرکوتگەرەکانی ئەو وڵاتە، هاو دەنگ لەگەڵ ژمارەیەك لە ڕووناکبیران هەڵوێستی گرت و ئەو کوشتارەی مەحکوم کرد.

عەزیز نەسین لە بابەت بنیاد گەراییەوە دەڵێ:

"بنیاد گەرایی مانا و مەفهوومێکی تایبەت بە ئیسلام نییە. مەترسیەکە کە لە تەواوی مەزهەبەکانی دنیادا هەیە. هەست و تەعەسوب، جیاواز لەوەیکە لە چ مەزهەبێك دا بێ، دوژمنی ئاشتی و، دەروون فراوانی و شارستانیەتە".

عەزیز نەسین هێندە لە ژیان و دنیای ئینسانیەت نیزیك بوو کە بۆ زۆربەی لاوان و ڕووناکبیران ڕچە شکێن و ڕێنوێنی تەنز و ئەدەبیات بوو. بەرهەمەکانی گەنجینەیەکی جیهانین و ژیانی سەرچاوەی ئیلهام و پەیامە بۆ ڕێبوارانی ڕێگای ئینساندۆستی و ئازادی بەیان و ئەندیشە. عەزیز نەسین هێندە عاشقی زانست و ئینسان بووە کە لە جێگایەك بەم شێوەیە هەستی خۆی دەردەبڕێ:

"ئەگەر لە تەواوی مێژووی بەشەر دا کەسێکی نەمر و هەتا هەتایی پەیدا ببێ، بۆ ڕێنوێنی کردنم پەنای بۆ دەبەم تا منیش نەمر و هەتا هەتایی بم و هەتا هەتایە وەمێنم. بەلام بەبێ نوونە چیم پێ دەکرێ؟ گوناهی من نییە، منیش وەك هەر کەسێکی تر دەمرم. من هێندە ئینسانەکانم خۆش دەوێ کە تەنانەت دەتوانم لێیان تورە بم".

سەرچاوە: ئارشیو

***

# ئاشتی لەگەڵ ئەدەبیاتی ئەمریکادا

ن: سوهرابی مەلا ئاوارە
و: شەماڵ

جان ئێشتاین بەك، نووسەری ئەمریکایی وخاوەنی ڕۆمانی، هێشووەکانی تووڕەیی، دەیگوت: دوای وەرگرتنی خەلاتی نۆبل لەساڵی 1962دا لە بلاوکەرەوەکەی بیست کە ژنێکی لادێی لە دانیمارك دا بە گەمیەکەی خۆی چەند کیلۆمەترێك تاشار سەوڵی لێداوە تاکوودوومریشکە ماڵیەکەی بگۆڕێتەوە بەکتێبێکی گیرفانی ئەوبۆخوێندنەوە.

ئشتاین بەك ئەم ڕووداوەی لە وەرگرتنی خەلاتی نوبڵەکەی بە گرێنگتر دەزانی و دەیگوت هۆگری ودژکردەوەی خوێنەران بە بەرهەمەکانی، گرینگترە لەڕای خوپەرستانەی هەندێك لەڕەخنەگرانی ئەدەبی. بەڕای ئەو نووسەرێکی ڕاستەقینە دەبێت بەکێشەو مەسەلەکانی چاخ ودەورەی خۆیەوە خەریك بێت و تاجێگایەك عەقڵ و ڕووناکبیری ئیزن دەدەن بکەوێتە گاڵتەکردن بەگێلی ونەزانی و خەبات کردن لەگەڵ ئەوناعەداڵەتیانەی کۆمەڵگا کە لەڕواڵەتدا قایل بوون پێی. بەرهەمەکانی ئشتاین بەك دەتوانرێ بە ئاکامی سێ دیاردەی: کلتووری ئەورووپایی، سروشتی ئەمریکا، و قەیرانی ئابووری دەیەی 30 لەجیهانی پێشەسازی سەدەی بیستەم بزانرێت.

کەسێکی تەنزبێژ بە تەشەرەوە دەپرسێت ئەگەر ئەمریکا ولاتێکە بەئێمکاناتێکی بێسنوورەوە بۆچی ئەم بارودۆخە ئەدەبیات وکلتوور لەبەرنەگرێت؟ ئێشتاین بەك نە تەنیا نووسەرێکی کۆمەلایەتی، بەڵکوو یەکێك لە چیرۆك نووسانی مودێرنی سەدەی ڕابردووی ئەمریکایە. ئەویەکەمین جار تەوەری ژینگەی خستە نێو ئەدەبیاتەوە و لە جیهان دا، بوو بە یەکێك لە پڕخوێنەرترین نووسەرانی ئەمریکایی. مەسەلەی نووسەری ئەو لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ڕێکەوت بوو لەگەڵ شکۆفایی ئەدەبیاتی مودێڕن لەئەمریکادا. زۆربەی نووسراوەکانی بەشێوازی: ڕۆمان، چیرۆك، شانۆ، سەفەرنامە وفیلم بلاوکراونەتەوە. جان ئێشتاین بەك، تەنز نووس، نووسەر و ڕەخنەگری کۆمەلایەتی لەساڵی 1902 لەئەمریکادا چاوی بەدنیا هەڵێنا ولەساڵی 1968دا وەکوو سونبولی بەشێك لەئەدەبیاتی مودێڕنی ئەمریکا گیانی لەدەست دا. دایکی ئیرلەندی وباوکی بەڕەگەز ئەڵمانیایی بوو. ئەو لەهەل ومەرجی هەژاری وقەیرانی کۆمەلایەتی دا گەورەبوو ولە17ساڵەیی دا دەستی دایە خوێندنی، زیندەوەرناسی زەریاکان، لەزانکۆدا وبەلام دوای ماوەیەك دەستی لەخوێندن هەڵگرت وچووەبازاری کار لە مەزرا وکارخانەکان دا. ئەولەم ڕێگایەوە، زۆرتر لەگەڵ ژیان وئازاری کرێکارانی کاتی وەرزی و کۆچبەردا ئاشنا بوو. قەیرانی ئابووری ساڵی 1929 کاریگەریەکی گرینگی کردەسەر چیرۆکە کۆمەلایەتی وڕەخنەگرانەکەی.

ئەو لەبەرهەمەکانی دا لەدەیەی 30دا کەوتە ڕەخنەگرتنێکی توند لەپێوەندی سەرمایەداری وناعادلانەی کۆمەڵگای ئەمریکا. ڕەخنەگرانی ئەدەبی بەهۆی ڕۆمانە کۆمەلایەتیەکان وتێکۆشانی دۆزینەوەی تکنیك گەلی نوێی چیرۆك نووسی، وەکوو یەکێك لە گەورەنووسەرانی ئەدەبیاتی ئەمریکای دەزانن. ئەو لەدرێژەی دۆزینەوەی شێوازگەلی نوێی ئەدەبی، لەساڵی1948دوای کۆتایی شەڕ، سەفەرێکی توریستی–ئەدەبی کردبۆسوڤیەت تاکوو یادداشتەکان وبیرەوەریەکانی سەفەرەکەی بلاوبکاتەوە. بێجگە لەیادداشتەکانی سەفەر بۆسوڤیەت. سەرەڕای چۆنایەتی جۆراوجۆری سەفەرنامەکان وڕاپورتگەلی

ئەدەبی لەچوارگوشەی ولایەتەکانی ئەمریکا، ئەوانە لایەنە واقێع گەراکانی هونەری ئەوسەفەروگەڕانانە بەباشترین شیوەی شیاو بەخوێنەر دەناسێنن.

بەوتەی ڕەخنەگرانی چەپ، دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، پێوەندی ئێشتاین بەك لەگەڵ بزووتنەوەی پێشکەوتن خوازانەدا بچڕاو ئەوبوو بەڕاگەیەنەری ڕوانگەی دەروونناسانە وئاژاوەچیانە. لەساڵەکانی کۆتایی دا ئەو بوو بە وتەبێژی ڕامیاری ئێمپریالیستی دەوڵەتی ئەمریکا لەولاتانی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیای دوورو کەوتە بەرگری کردن لێی. گروپێك لەڕخنەگرانی تەواوگەرا دەکەونە ڕەخنەگرتنی گەرورەو بچووکی دیکە لێی ودەنووسن، جیهانی ئەو نەچاکە ونە ریفورم هەڵگر، بەڵکوو مرۆڤی ئازارچێشتووی ئەمریکایی دەبێت لەژیانی ڕۆژانەی دا خۆڕاگری و بەرخودان بکات ولەگەڵ کێشە جۆربەجۆرەکانی دا ڕابێت.

ئەو لەچوارچێوەی تەوەرە کۆمەلایەتیەکان دا تێدەکۆشێت بە یارمەتی ئەدەبیات، خەریك بێت بەفەلسەفەی مرۆڤ ناسی و ئانتروپولوژیك و چەرخ وچەرخانیەتی(فەلەك ولئەفلاکی)یەوەو وەکوو دەرباز کەرێکی مەسێحایی(دیانایی) لەچاوەڕوانی هاتنەکایە ودیارکەوتنی مەزهەبی کەسانێکی وەکوو مەهدی ومەسێح و ....چی دا مایەوە. بەرهەمەکانی تێکەڵەیەکن لە گەلاڵەی سانای مەسەلەگەلێکی جیدی وتەوەرەگەلێکی پڕهات وهاوار، بازاڕی و گشت پەسەند بۆڕاکێشانی پشکێنەریەکانی خوێنەری زیاتر. خەباتی ئەو لە ژیان دا وبۆ ژیان تووشیاری سنوورداربوونەوەو داوەری کردن گەلی سادەگەرایانە ولایەنەکانی ئاژەڵیانەی مرۆڤی داروینیستی دەبنەوە. ئەو لەبەرهەمەکانی دا بە خەسڵەتە ئاژەڵیانەیەکانی مرۆڤ گرینگیەکی زۆردەدات وبەهۆی لاوازی وهەژاری ڕووناکبیری کێشە خولقێن، تووشیاری زانست گەرایی مرۆڤ ناسی وهەڵس وکەوتی ئاژڵیانەیەکەی دەبێت. لە کۆی بەرهەمەکانی ئێشتاین بەك: شەقامی ساردینەکان ـهێشوەکانی تووڕەیی_پارە، پارە دێنێ_ مرۆڤەکان ومشکەکان_ پێنجشەممەی جوان _ ئوتووبووس(پاسڕیم)ی جادە خاکی_ مانگی دانیشتن_ مشتێك زێڕ_ سەفەربە چی_ مێوەکانی زریان_ دۆڵی ئاسمان_ هێستری پوزی ڕەنگ سوور _ ئیزنم بدە لاسایی شابکەینەوە_ و ئەوبەری عەدەنن.

ئێشتاین بەك کتێبی ئەوپەڕی عەدەنی بە گرینگ ترین ڕۆمانی خۆی دەزانی. نویٚ کردنەوەی تەوەرەی هابیل وقابیل واتە جیاوازیەکانی باب وکوڕ وخەباتی شەڕوخێر پێکەوە، ناوەرۆکی ئەوکتێبەن. ئەولەساڵی 1929بەنووسینی کتێبی، مشتێك زێڕ، بەفەرمی دەستی بەنووسین کرد. هەندێك لە خاوەن ڕایان بەرهەمە سەرەتاییەکانی ئەو، بەڕومانتیك یان شێوەعێرفانی دادەنێن. کتێبی، هێشوەکانی تووڕەیی، گێڕەرەوەی دەورانی قەیرانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لەئەمریکادایە. ئەم کتێبە ڕۆمانێکە کرێکاری وڕێئالیست ولەپێوەند بەمانگرتنی جەماوەری دایە. ئیشتاین بەك بەم ڕۆمانەوە، نزیك کەوتەوە لەئەدەبیاتی کرێکاری سەردەمی خۆی. لەڕۆمانە دەروونناسانە وهەراوهووریا نەرەوەی دوای شەڕی دا: شەقامی ساردینەکان وپێنجشەممەی جوانن کە دەربارەی لومپەنی پرولتاریاوەن. کتێبی، مانگی دانشتن، ڕۆمانێکە دژبە نەریت گەرایی. کتێبی، سەفەر بەچی، ڕۆمانێکە ڕێئالیستی_ڕەخنەگرانە کە دژبەربوونی ئازادی تاکەکەس وپێویستی وگوشاری کۆ پیشان دەدات. ڕۆمانی مشکەکان ومرۆڤەکان، ڕۆدەچێتەناو ژیانی کرێکارانی کۆچبەر ووەرزیەوە وزمانی گشتیەتی کرێکاران لەدەورانی ئەزمەوقەیرانی ئابووری_ کۆمەلایەتی پیشان دەدات. بەیارمەتی ئەم کتێبە ئەو یەکشەوە ناوبانگی دەرکردو ناوی نووسەری نەتەوەیی ئەمریکای بودەست هێنا. سیٚ ڕۆمانی ئەوبەری عەدەن _ هێشوەکانی تووڕەیی_ ومشکەکان ومرۆڤەکان، ساڵهایە کە کراونەتە فیلم. ئێشتاین بەك لەساڵی 1961دا بەنووسینی ڕۆمانی، پارە، پارەدێنێت، پیشانی دا کە دووبارە گەڕاوەتەوە بۆشێوازی ڕێئالیسمی ڕەخنەگرانە وئەدەبیاتی کۆمەلایەتی لەئەمریکادا.

***

# بیرەوەریەکانی زیندان

ن: ف. ئازاد

—لە فروودگا، لە پێ پلیکانەکانی تەیارەکەدا، پاسدارەکان چاوەڕوانی ئێمە بوون. کە ئێمە دابەزین لە ئۆتۆمبێلێکیان هاویشتین. ئێمە کە 3 زیندانی بووین لەگەڵ پاسدارێك لە سەندەڵی پشتەوە دایاننایین و پاسدارێکیش لە پێشەوە دانیشت. کاتێك بە شەقامەکانی شیراز دا تێدەپەڕین، بیرەوەری شیرینی لاوێکم دەهاتەوە بیر لە زیندانی "عادل ئاباد"ی زەمانی شا کە بە "زیندانی تەبعیدیەکان" بەناو بانگ بوو.

ئۆتۆمبێلەکە بڕێك لە شار دوور کەوتەوە و لەبەردەم بینایەکی گەورە دا کە پێشتر ناوەندی ئەرتەشی سێهەمی شیراز بوو، ڕاوەستا. دایانبەزاندین و پۆلیسێك منی بانگ کرد و لەگەڵ خۆی بردمی. بڕێك ڕۆیشتین و گەیشتینە دەرگای ساختمانێك کە بە خەتێکی گەورە بەسەر دەرگاکەیەوە نووسرابوو: سپای پاسدران.

پاسدارێکی ڕیشن دەرگاکەی کردەوە. تەسبێحێکی بە دەستەوە بوو کە هەڵیدەسووڕاند و جووتێك سەرپایی لە پێدا بوو. کە چوومە ژوورەوە دەرگایەکی ئاسنین کە وەك دەرگای سیاچاڵی چیرۆکەکان دەچوو بە جیڕەیەکی وشك و ناخۆش پێوە درا.

هەرکە گەیشتمە یەکەم ژوور، پاسدارێك شتە شەخسیەکانی لێ وەرگرتم و ناو نیشانمی لە دەفتەرێکدا نووسی. لە ژوورێکی دیکە دا وێنەیان لێ گرتم و ئیمزایان پێ کردم. لە ژووری سێهەم دا ژنە پاسدارێك کە سەر و چاوی داپۆشرابوو، بە شێوەیەکی ناشرین پشکنیمی. بە ناڕەزایەتیەوە وتم:

—منیان لە زیندانی ئێوینەوە هێناوە، لە مێژە کە لە زیندان دام.

وتی:

—بێدەنگ بە، ئێرە زیندانی شیرازە. دیارە لە بارەیەوە هیچت نەبیستووە.

چاو بەستێکیان پێ دام کە لەگەڵ ئەوانەی زیندانی ئێوین جیاواز بوو. وەك مەقنەعە تەواوی سەر و چاوی دادەپۆشی. پاشان، پاسدارێك سەری قەڵەمێکی دا بە دەستمەوە و سەرەکەی تری لە دەستی وی دا بوو. کەوتە ڕێ و بە دوای دا چووم. هیچم نەدەدیت و هەردەم پێم وابوو دەکەوم. ئاخریەکەی لەبەر درگایەك ڕاوەستاین درگاکە کرایەوە. پاسدارەکە تەحویلی دام و وتی: قسە کردن بە تەواوی قەدەغەیە. کەسێك وتی "بەسەر چاو حاجی ئاغا" و دەرگاکە داخرا.

پاش ماوەیەك سەیرم کرد زۆربەی زیندانیەکان دەناسم. لە دۆستی نزیکی دەورانی مەدرەسەم بوون. بەڵام هیچ کامیان لێم نزیك نەکەوتنەوە. تەنانەت بە قینەوە سەیریان دەکردم. پەری، کە دۆستێکی زۆر نزیکم بوو، هەرکە دیتمی تووڕە بوو و هەڵات. ترسام و گەڕامەوە سەر جێگاکەم. سەعاتەکەم خەوتبوو و لەوەی لای دەستی خۆمەوە پرسی: سەعات چەندە؟ وڵامی نەدامەوە. لە کەسێکی دیکەم پرسی، ئەویش وڵامی نەدایەوە، بەڵام بە ئاماژەی دەست، بەرپرسی بەندەکەی نیشان دام. سەرم لەم وەزعە دەرنەدەهێنا. بە دەنگی بەرز وتم:

—کەسێك نییە کە پێم بڵێ سەعات چەندە؟

بەرپرسی بەندەکە وتی: بۆ هاوار دەکەی؟

وتم: دەمەوێ بزانم سەعات چەندە.

وتی: مەگەر پێم نەوتبووی کە "قسە کردن بە تەواوی قەدەغەیە و نابێ لەگەڵ هیچ زیندانیەك قسە بکەی و کەسیش بۆی نییە لەگەڵ تۆ قسە بکا. تەنانەت نابێ پرسیاری سەعاتیش لە هیچ زیندانیەك بکەی. هەر

کاتێک کارێکت هەبوو دەبێ بە من بڵێی؟ دەبرۆ بێدەنگ بە و سەعات 3 و نیوە.

ڕۆیشت و لە گێژاوی خەیالات و دڵە خورپەی خستم. زیندانی ئینفرادیم لە ناو کۆمەڵێ زیندانی دا تەجرەبە نەکردبوو. بەڵام دەمزانی کە تاقەت هێنانی سەخت و بە زەحمەتە. لە زیندانی ئینفرادی دا لانی کەم دەجولێی، گۆرانی دەڵێی و تەنانەت دەتوانی هەڵیشپەرێی. بەڵام لێرەدا بە هیچ شێوەیەک. لە ژوورەکە هاتمە دەر و بەرەو دالانەکە ڕۆیشتم. ئارام و قەرارم لێ برابوو. ئاسەوارێک لە دۆستایەتی لە ڕوخسارەکان دا بەدی نەدەکرا. دۆستایەتی نێوانی گەرمی ڕابردووم لەگەڵ پەری هاو کلاسیم هاتەوە یاد و قورگم پڕ بوو لە قوڵپەی گرین. لەسەر خۆ و فیداکار بوو. عەشقی فراوانی بە خەبات هەبوو و لە خۆ بە زل زانی بێزار بوو زوهرە و ناهیدیش هەر بەو شێوەیە بوون. پێکەوە دەستمان بە خەبات کرد و بە نهێنی کتێبمان دەخوێندەوە. لە سەردەمی ڕاپەڕین دا شەو و ڕۆژ پێکەوە بووین، ئێستا مۆڕەم لێ دەکەن و لێم دەترسێن.

لە گەرمەی ئەم یاد و حەسرەتانە دا بووم کە بانگیان کردم بۆ لێپرسینەوە. بردیانمە ژوورێک. مێزێک و چەند کورسیەکی لێبوو. پاسدارێکی ڕیشن لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوو کە ماسکی بە سەر و چاوەوە بوو. وتی دانیشە. لە کاتی قسە کردن یەکسەر چاوی بڕیبووە نێو چاوانم. بە نازناوەکەم بانگی کردم و وتی چکارەی. وتم زیندانی ئێوینم و 10 ساڵ حوکمم دراوە.

دوو جار لە هەوەڵەوە پرسیارەکانی دووپات کردەوە و وتی:

–باسی تەواوی هەڵسوڕانەکانت بکە کە چیت کردووە؟

وتم: نیزیکەی ساڵێک و 8 مانگە کە لێپرسینەوەم لەگەڵ کراوە و ئیتر وڵام نادەمەوە.




وتی: وا دیارە نازانی لە کوێی، ئێرە زیندانی شیرازە و لەگەڵ ئێوین فەرقی هەیە.

وتم: بەهەر حاڵ من وڵامی خۆمم داوەتەوە و 10 ساڵ حوکم دراوم. تۆ دەتوانی داوای پەروەندەکەم لە زیندانی ئێوین بکەی.

وتی: ئێرە شیرازە و تۆ پەروەندەیەکی گەورەت هەیە. لانی کەم 40 بۆ 50 کەس لەسەر تۆ شتیان نووسیوە.

وتم: شتێکی سروشتیە. چونکە لێرە دانشجو بووم. چ زەمانی شا و، چ پاش ڕاپەڕین، هەڵسووڕانی ئاشکرای خوێندکاریم بووە. پاش ماوەیەک دەستم هەڵگرت. جگە لەمەش 10 ساڵ حوکم دراوم.

وتی: بەهەر حاڵ ئەوەیکە لە تۆم دەوێ، لێتی وەردەگرم. ئێمە لە هیچ کەسێک خۆش نابین و گاڵتەمان لەگەڵ هیچ کەسێک دا نیە.

–پاش برێک تانە و تەشەر و هەڕەشە و گوڕەشە ناردمیەوە بۆ بەند.

ئەو بەندە، دوو ژووری هەبوو کە 40 کەسیان تێدا بوو. تەنیا 2 ئاو دەست و 1 حەمامی هەبوو. بە چوونی من بۆ ئەوێ، یەکێک لە ئاودەستەکانیان بە ناوی "تایبەتی" بۆمن تەرخان کرد و ئەوەی دیکە بۆ 39 کەسەکەی تر. سەرەڕای ئەوەیکە بەیانیان ڕیزیان بۆ ئاودەست دەبەست، کەس لە تایبەتیەکە کەڵکی وەرنەدەگرت. بۆ حەمام کردنیش دەبوو بەرپرسی بەندەکەم ئاگادار کردبا. پاش تەواو بوونی حەمامەکەم، بە تەواوی حەمامەکەیان دەشتەوە و ئاویان دەکێشا. کاریان پێ نەدەکردم و بە دەستی تەڕەوە قەت نەیان دەهێشت دەست بە هیچ شتێکەوە بدەم.

تەواوی زیندانیەکان لە بەیانی زووەوە تا شەو، بەسەر یەک بەرماڵەوە نوێژیان پێ دەکردن. هاو بەندەکانم بە زۆری بە ڕۆژوو بوون و تەنانەت بە شەویش تا درەنگانێک لە ترسان نوێژیان دەکرد. تەنانەت حەبی بەرگریشیان دەخوارد تاکو نەکەونە

عادەتی ژنانەوە. 5 تا 6 کەسێکی تر بوون کە بە تەنیا نوێژیان دەکرد و ڕۆژوویان نەدەگرت. لە ئاخری ڕاڕەوەکەدا ڕەفەیەکی لێ بوو کە چەند ڕۆژنامە و نەشرییەیەکیان لەسەر چنیبوو، وەك گۆڤاری "پاسدارانی ئینقلاب" و "سروش" بەڵام کەس لێی نەدەپرسین و کەس تاقەتی ڕۆژنامە و کتێب خوێندنەوەی نەبوو.

((شێوەی لێپرسینەوە))

تەقریبەن هەموو ڕۆژێك دەیانبردم بۆ لێپرسینەوە. شێوەی لێپرسینەوەکانی زیندانی شیراز لەگەڵ ئەوەی ئێوین دا جیاواز بوو. لە عادل ئاباد دا، بازجوو سەرەتا لەگەڵ زیندانی قسەی دەکرد و پاشان دەیبردە ژوورێکی دیکە و داوای لێ دەکرد ئەو قسانەی کە کردوویەتی بینووسێتە سەر کاغەز. بازجووەکانی ئێرە نازناویشیان نەبوو و هەرکامە نیشانەیەکی تایبەتیان هەبوو. یەکەم لێپرسینەوەم تێگەیشتم کە بۆ کامڵ بوونی پەروەندەی دەورانی خوێندکاریم دیسانەکە لێم دەپرسنەوە.

ڕۆژێکیان کە بردیانم بۆ لێرسینەوە، نەیانبردمەوە بۆ ژوورەکەی جاران بەڵکوو بردیانمە ژوورێکی دیکە ئەویش بە

چاو بەستراوی تەحویلی پاسدارێکیان دام. پاسدارەکە وتی چاو بەستەکەت لابە و لەسەر ئەو کورسیە دانیشە. سەر و چاوی داپۆشیبوو. پاش چەند دەقیقەیەك پرسیاری کرد: نامناسیەوە؟ وڵامم نەدایەوە. دیسان بە دەنگی بەرز بە نازناوەکەم بانگی کردم و وتی ئێستا چی دەنگم ناناسیەوە؟

وتم ناتناسم.

ئەمجار ڕووپۆشەکەی لابرد و هەر کە بینیم، پێم سەیر بوو. ناسیمەوە. یەکێك لە هاوکلاسیەکانی دانشگام بوو. تەواوی خوێندکارانی سیاسی دەناسی. زۆر جار سەبارەت بە مارکسیسم قسەم لەگەڵ کردبوو و وتی: هێشتا ئامادەی لە بارەی مارکسیسمەوە قسەم لەگەڵ بکەی؟

وتم: نا. برشیارم داوە چیتر خۆم لە باس و مناقشە نەدەم. جگە لەوەش لە نێوان زیندانی و زیندانەوان دا باس و مناقشەیەك لە ئارادا نییە.

وتی: بۆچی نا، لێرە باس ئازادە. یان تۆ من قانع دەکەی یان من تۆ قەناعەت پێ دەکەم.

وتم: من هیچ قسە و باسێکم نییە. تازە پاش تەواو بوونی خوێندنی زانکۆش هەڵسووڕانی سیاسیم نەبووە.

وتی: ئەی بۆ حوکمیان داوی؟

وتم: نازانم.

وتی:

ئایا ئامادەی لە ناو زیندانیەکاندا قسە بکەی و مارکسیسم و ڕێکخراوە سیاسیەکەت مەحکووم بەی

وتم: نا.

ئەمجا تووڕە بوو. کەوتنە هەڕەشە کردن و وتی کە پەروەندەیەکی تازەت بۆ دەکەمەوە تا دیسانەوە محاکمەت بکەن و، هەڕەشەی کرد کە لەبەر نوێژ نەکردن شەلاقم لێ دەدەن.

هیچم نەگوت و پرسی: ئیتر قسەیەکت نییە؟

وتم، نا هیچ قسەیەکی دیکەم نییە. پاشان ناردمیەوە بۆ بەندەکەی خۆم و پاش ئەو لێپرسینەوە هەڕەشە ئامێزە، تا چەند ڕۆژێك بانگیان نەکردمەوە بۆ لێپرسینەوە.

زوهرە

ڕۆژی 15ی فەروەردین ناوی ژمارەیەك زینانیان خوێندەوە کە دەیانبردن بۆ زیندانی "عادل ئاباد" و ناوی زوهرە و منیشیان تێدا بوو. سواری مینی بوسێکیان کردین. زوهرە کە لە دۆستانی کۆنم بوو و بە پێچەوانەی پەری ئارام و لەسەر خۆ بوو، هات و لەلام دانیشت. بیستبووم کە تا حەدی سەرە مەرگ ئەشکەنجەیان کردبوو. ناوبراو لە هەڵسوراوانی ڕێکخراوی پەیکار بوو کە ساڵی 60 لەگەڵ 3 کوڕی دیکەی



هاوڕێی دا لە ماڵێك كە نەشریاتی ئەو ڕێكخراوەیان تێدا چاپ دەكرد، دەسگیركران. پاش ماوەیەك هەر سێ كوڕەكە ئیعدام دەكەن و زوهرەش دەخەنە ژێر ئەشكەنجەوە. هەر كە میذیبووسەكە لە دەرگای زیندانی سپا دووركەوتەوە، زوهرە، دەستی بە قسە كردن كرد و وتی:

تەنیا گوێم بۆ بگرە و پاشان بۆخۆت چۆنت پێ باش بوو وابكە. من بە ئەركی خۆمی دەزانم كە چەند



مەسەلەیەك هەن بۆتی ڕوون بكەمەوە. ئێمە 5 ساڵە لە ژێر فشار داین و ئێستاش تەواو نەبووە. ساڵی 60 زیندانییە چەپەكانی ناو بەندەكەی ئێمە تەشكیلاتێكمان پێكەوە نا كە ئەفرادی حیزبی تودە و ئەكسەریەتی نەبێ، لە زۆربەی ڕێكخراوە چەپەكانی ئێرانی تێدا بەشدار بوو. لە بەرانبەر فشارە لە تاقەت بە دەرەكانی زیندان دا موقاوەمەتمان دەكرد و كاری خۆمانمان دەبردە پێش. لەگەڵ دەرەوەی زیندانیش پەیوەندیمان هەبوو. لە ساڵ 61 دا بە دەسگیر كردنی ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێكخراوی "پەیكار" ڕێكخراوی ناوەوەش یانی ئەوەیئێمە ئاشكرا بوو و پێیان زانی. ئەمە هاوكات بوو لەگەڵ ئاشكرا بوونی "تۆبەی تاكتیكی" موجاهیدینی ناو زیندان. لەو كاتەوە تا ئێستا ئێمە لەژێر لێپرسینەوە و ئەشكەنجە و فشار داین. سەرەتا لێپرسینەوە لەسەر تەشكیلاتی ناو زیندان بوو پاشان مەسەلەی نوێژ نەكردنی ئێمەشی پێوە زیاد بوو. هەر زیندانییەك لە بات 5 جار نوێژ نەكردن لە ڕۆژدا، 5 جار شەلاقیان لێ دەدا. من لەبەر نوێژ نەكردن 40 ڕۆژ شەلاقیان لێدام. هەر كەسێك ملی دابا، ناچاریان دەكرد كە شەلاق لە نزیكترین دۆستی خۆی بدا. بۆ نموونە كاتێك پەری نەیتوانی چیتر تاقەت بهێنێ، وتیان دەبێ شەلاق لە من بدا. تازە ئەمە سەرەتای كار بوو. دواتر هەڵیانپێچاین و كلاس و كۆڕی ئیدئۆلۆژیكیان بۆ دەگرتین، چونكە زۆربەمان دیفاعمان لە ماركسیسم دەكرد. قسەی ئەوان ئەوە بوو كە یان ئێوە قەناعەت بە ئێمە دەكەن یان ئێمە قەناعەت بە

ئێمەوە دەکەین. ڕۆژی 7–8 سەعات کلاس و کۆبونەوەی باس و مناقشەمان هەبوو. چەند کەسێکیان شارەزاییان لە مارکسیسم هەبوو کە تا ڕادەیەك لەگەڵ ئێمە باش بوون. باسەکانمان بە زۆری لەسەر سەرچاوەی ژیان، ئابووری، سیاسەت و فەلسەفە بوو. ئەم مەسەلەیە چەندین مانگی خایاند و لە ژێر فشاری ئیدئۆلۆژیك دا زیندانیەکان هەر ڕۆژە بەرەو داڕمان نا ئومێدی دەچوون تا بەرە بەرە بەبێ ئاکامی و بێ سەمەر بوونی هەوڵ و تەقالایان گەیشتن. لە ئاوا وەزعیەتێکدا بوو کە زیندانیەکان تووشی بوحرانی ڕۆحی بوون و دەستیان دایە خۆ کوشتن. بەرپرسی زیندان پێشی بەخۆ کوژی نەدەگرت بەڵام پاش خۆ کوشتن و لە کاتی بێهۆشی دا، دەیانبردن بۆ نەخۆشخانە. ژنانی پاسدار، بە حاڵەتێکی دایکانە و ڕۆحانی، بەسەر سەری زیندانیە بێهۆشەکانەوە ڕادەوەستان و هەرکە دەهاتنەوە هۆش پێیان دەوتن: خودا ئێوەی نەجات داو لە ئاوا حاڵەتێکی ڕۆحی‌دا، فریویان دەدا. ئینسانێکی گوناهبار کە بۆ پاك بوونەوە لە گوناهەکانی دەبێ ساڵانێك تۆبە و پەشیمانی لە ڕابردووی دەربڕی، زۆر جاران لە پاسدارێك خراپتر دەبوو. برێکیان لە کاروباری زیندان و بوارەکانی زانیاری و جاسوسی دا هاوکاری بەرپرسانی زیندان دەکەن. بە دەم خۆشە بەڵام تاقەت هێنانی 3 ساڵ ئازاد و ئەشکەنجە و شۆردنەوەی مێشك هەروا ئاسان نییە. یەك، دوو کەسێك کە لە زیندان ئازاد کراون، تێکچوون و تەواو نین. منیش لەبەر ئەوەیکە شێت نەبم، مەرجەکانی نوێژ کردن و موسڵمان بوونم قبوڵ کرد. بەڵام بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ بەرپرسانی زیندان ملم نەدا و سەرپێچیم کرد. هەر بەم دەلیلە بە تەواوی لە تۆبە کردنم دڵنیا نین و قەرار وایە کە دیسانەکە دادگاییم بکەنەوە.

لەگەڵ قسەکانی دا دەگریا و فرمێسك بە چاوەکانی دا دەهاتە خوار و منیش بێدەنگ و ئارام لەگەڵی دەگریام. وتی:

–زیندانێکی ئێجگار سەختە ئاگات لە ڕەفتاری خۆت بێ و ژیرانە هەنگاو بنێ.

ئەوجار زانیم کە چ بەڵایەکیان بەسەر دا هێناوە و بۆ بە کوورە کوور دەڕوا. دەستەکانیم گرت و توند گوشیم. گەیشتینە زیندانی عادل ئاباد. ژنێکی پاسداریان لەگەڵ خستین. دەرگایەکی گەورەی ئاسنین کرایەوە و بە حەوشەیەکی دوور و درێژدا تێپەڕین و چووینە داڵانێکی گەورە کە گڵۆپێکی کەم نوور ڕووناکی کردبوو. بۆنی ئەلکول تەواوی جێگایەکی پڕ کردبوو پەردەی ئەستوریان بە دەرگای ژوورەکاندا دابوو، لەبەر ژوورێك دا ڕایانگرتین و پەردەکە لادرا و چووینە ژوورەوە. لە نیگای یەکەم دا ساختمانی زیندانەکە سەرنجی ڕاکێشام. زیندانی عادل ئاباد وەك ئەو زیندانە نەبوو کە لە تاران دا دیتبووم. بە سیستمی ئەمریکی دروست کرابوو. بەند، بەندە و 3 قات و هێوانەکانی بەرزن. لەم بەر و لەو بەری داڵانەکانی دا ژووری بچووك هەن کە بە میلەی ئاسنین تەیمان کراون. منیان بردە ژوورێکی 3 کەسی لە ئاخری داڵانەکەدا. ئەم ژوورە تەنیا دەلاقەیەکی بۆ هەواو ڕووناکی هەبوو کە تەختێکی 3 کەسی و قەفەزەیەکی کتێبی تێدا بوو. بەهەر حاڵ ئەو ژوورانە لە ژوورەکانی زیندانی ئێوین ڕووناکتر بوون.

زیندانی عادل ئاباد، حەوشێکی خۆش و دڵگیری هەبوو. بە گوڵ و گوڵزار ڕازابووەوە و حەوزێکی جوان کە فەوارەیەکی لە ناوەڕاستدا بوو دیمەنێکی جوانی بە حەوشەکە بەخشیبوو. بۆ هەوا خۆری دەیانبردینە ئەو حەوشە و هەر لەوێ جلەکانمان دەشۆرد. لە بەرێکی دیکەی حەوشەکە پەنجەرەی ژوورەکانی دیکەی زیندان ڕوویان لە حەوشی ژنان بوو. دەیانگوت ئەو ژوورانە جێگای پیاوانی سیاسی زیندانییە کە 4 ساڵە لە ژێر فشار و ئەشکەنجە و لێپرسینەوە دان و لە هەڵویست و باوەڕیان پاشگەز نابنەوە و مقاومەت دەکەن. ئەو پیاونە لە لای ژنانی زیندانی ڕێزیتایبەتیان هەبوو.ئەو بەری حەوشەکە ناوەندی ئیدارەی سپای پاستاران و پۆلیسی شارەبانی بوو.

دوانیوەڕۆی ڕۆژێکی هەوا خۆری ڕایانگەیاند کە هەرهەمووبان بە چارشێو و چاوبەستەوە بچێنە ناو حەوشەکە. هاو بەندەکەم چووە سەر تەختی خەوتنەکە

و لە پەنجەرەکەوە سەیری ناو حەوشەکەی کرد و بە نیگەرانییەوە وتی:

—پڕە لە پۆلیسی شاربانی.

وتم: بۆ هاتوون و ئەمە مانای چی؟

وتی: مانای داستانێکی تاڵ و دڵتەزێن، ئەمە یانی ئەشکەنجەی ڕۆحی.

وتم: باسی چی دەکەی؟ دەڵێی چی؟

وتی: لە زیندانی عادل ئابادیش دا زیندانی غەیرە سیاسی هەیە. چەند مانگێك لەوە پێش بردیانینە حەوشەکە. بار و دۆخەکە ئاسایی نەدەهاتە پێش چاو. ژمارەیەك پاسداری ژن و چەند پۆلیسێکی لێ بوو. مێزێکیان لە ناوەڕاستی حەوشەکە دا دانابوو کە جەعبەیەکی لەسەر بوو. پاشان لە دەرگای حەوشەکەوە پیاوێکی لەڕ و لاوازیان هێنا کە بە دەستبەند بەسرابوو بە دەستی پۆلیسێکەوە. بە ئێمەیان گوت بە دەور تا دەوری حەوشەکە دا ڕاوەستاین تا هەموومان بتوانین مێزەکە ببینین. پیاوەکە ئارام و لەسەرخۆ لە حاڵێکدا کە سپی هەڵگەڕابوو لە مێزەکە نزیك بووەوە. پۆلیس دەستەکانی کردەوە. پۆلیسێکی تر بە بڵند گوێ وتی: ئەم پیاوە بە تاوانی دزی حوکمی دەست پەڕاندنی دراوە و ئەمڕۆ لێرەدا ئەم حوکمە بەڕێوە دەچێ. پاسدارەکان چاویان لە ئێمە بوو کە کەسێك سەر دانەخا. پێم وابوو سەیری فیلم دەکەم. باوەڕم نەدەکرد. دەستی پیاوەکەیان نایە سەر مێزەکە و بڕێك قورئانیان خوێند و بە ساتوور لێیاندا و پەڕاندیان. هاوکات هاوارێکی زەلیلانە وەك هەوری لی بەرز بووەوە. دەست بەجێ مەچەکی بڕاوی پیاوەکەیان بە ڕۆنی قرچاودا کرد. چەند کەسێك لە زیندانیەکان قیژاندیان و حاڵیان تێك چوو. زۆر کەسیان لە ترسا حەپەسابوون. بەڵام تەوابەکان تەکبیریان دەگوت.

بیستنی ئەم ماجەرایە گۆڕانی بەسەر داهێنام هەستم دەکرد کە حەوشە پڕ لە گوڵ و گوڵزارەکەی زیندان بیزارم. لە دوای سەعاتێك، بڕیارم دا ئیتر نەچمە ناو حەوشەکە. ئارام و قەرارم لێ بڕابوو. پەنام بۆ حەمام برد و لەو دیوەوە دەرگاکەم داخست و دووشەکەم کردەوە و نزیك بە دوو سەعات لەژێر ئاودا بەبێ ئەوەی بجوڵێم ڕاوەستام.

لەپڕ دەنگی پێ هات. پێم وابوو پاسدارەکانن. نەجووڵام. چەند تەقەیەك لە دەرگاکە درا. لای دەرگاکەم کردەوە سەیرم کرد هاو زیندانی ژوورەکەمە. وتی: وەرە دەرەوە، حوکمەکەیان بەڕێوە نەبرد و کەوتە دواتر. لەژێر دووشی ئاوەکە هاتمە دەرەوە و بەهەر جۆرێك بێ جلەکانم لەبەر کرد. لە سەرمادا هەڵدەلەرزیم. حەبێکی موسەکنم خوارد و لەسەر تەختەکە ڕاکشام.

بۆ سبەینێ بەرپرسی زیندان بانگی کردم. ڕێ و شوێنی زیندانی بۆ خوێندمەوە و لێی پرسیم ئایا ئامادەی ئەم یاسا و ڕێ و شوێنانەی زیندان بەڕێوە بەری؟ دەبوو گوزارشی وەزعی زیندانیانیش بدەمەوە بە بەرپرسەکە، هەر بۆیە وڵامی "نام" دایەوە. بڕێك هەڕەشەی لێ کردم و ناردمیەوە بۆ ژوورەکەم. دوانیوەڕۆی هەر ئەو ڕۆژە بە بڵند گۆ ناویان خوێندمەوە و وتیان شتەکانم کۆ بکەمەوە و ئامادە بم. بڕێك ترسام. پاشان وتم چی ئەبێ با ببێ! خۆم ئامادە کرد و ماڵ ئاوایم لە دۆستەکانم کرد. بەڵام دڵم بەرایی ماڵ ئاوایی لە زوهرە نەدەدا. زوهرە بە نیگەرانی و چاو بە فرمێسکەوە بەڕێی کردم و وتی: هیوادارم بۆ ئێوینت بەرن.

بە ئۆتۆمبێلێکی سپا من و 3 پیاوی زیندانییان هێنا بۆ "کومیتەی مەوادی موخەدر و مونکرات"ی شیراز. شەو لە زیندانی کومیتە دا بووم و بەیانی بە تەیارە بردیانم بۆ تاران. دەور و بەری زیندانی ئێوین سەر سەوز و خورەم بوو. شنە با و سروەی فێنکی بەهاری، دەروونی گڕ گرتووی فێنك دەکردەوە. کچەکەم ئیمساڵ دەبێتە چوار ساڵان، خۆزگە لە لای بوومایە، لە باوەشم کردبا و تێر تێر ماچم کردبا، بەڵام لەوەیکە دەستە گەرم و بچکۆلەکانی لە دەستی باوکی میهرەبانی دایە، هەست بە ئاسوودەیی دەکەم. تەحویلی زیندانی ئێوینیان دام، چوومە بینای نیگابانی و، کابووس کۆتایی پێ هاتبوو.

***



# "من ڤینم لە ڕێبەر بوونە"

## وتارخوێندنەوەی چارلی چاپلین لە کۆتایی فیلمی "گەورە دیکتاتۆر"

سەرچاوە: ئنترنێت

وەرگێر لە فارسی یەوە: سەباح مرادی

بەداخەوەم بەڵام نامەوێ ببمە ئێمپراتوور– ئیشی من نیە. من نامەوێ فەرمان بەکەس بدەم یان جێگایەك بەدەست بێنم. من پێم خۆشە یارمەتی هەموان بدەم، ئەگەر هەلێك هەبێت،–یەهوودی، بێ ئایین، ڕەش، سپی. ئێمە هەمو دەمانەوێ یارمەتی یەکتری بدەین، جۆری مرۆڤ ئاوەهایە. ئێمە هەموو دەمانەوێ لە شادی یەکدی دا بژین، نەك لەئازار وچارەڕەشی یەکتری دا. ئێمە نامانەوێ ڕقمان لە یەك ببێتەوە وسووکایەتی بەیەکدی بکەین. لەم دنیایەدا ژوورێك بۆ هەموان دەست دەکەوێت و زەوین گەلێك دەوڵەمەندە و دەتوانێت خوراك بو هەموان دەستەبەر بکات. شێوازی ژیان دەتوانێت ئازاد بێت. بەڵام ئێمە ڕێگاکەمان ون کردووە. تەماح و چاوچنۆکی گیانی مرۆڤی ژاراوی، دنیای پڕ لە ڤین وئێمەی لە چارەڕەشی وخوێن گەوزاندوە. ئێمە خێراییمان بردوەتە سەرێ بەڵام خۆمان بەند کردوە. پیشەسازی ماشینی بە بەرهەمهێنانی چڕ وپڕ ئێمەی دەستەوداوین کردوە. زانست ئێمەی بەدگومان کردوە، بیرمان سەخت و بێبەزەیی بوەتەوە.

ئێمە گەلیك بیر دەکەینەوەو زۆربەکەمی هەست. زۆرتر لەئامێرەکان ئێمە پێویستیمان بەمرۆڤایەتیە. زیاتر لەهۆش وبیر پیویستیمان بە بەزەیی ونەرمیە. بەبێ ئەم چۆنایەتیانە، ژیان توندوتیژ دەبێت و هەموو شتێك لە دەست دەچێت. فرۆکە ورادیۆ ئێمەی نزیکەوە کردوەتەوە. سروشتی سەرەکی ئەم داهێنانانە هاواربۆ چاکی مرۆڤایەتی دەکات. بۆ برایەتی جیهانی، بۆ یەکبوونی هەمووی ئێمە هاوار دەکات. تەنانەت ئێستا دەنگی من دەگاتە گوێی ملیۆنان کەس لەجیهان دا، ملیۆنان پیاو، ژن ومنداڵی بێ هیوا، قوربانیانی سیستەمێکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ ئەشکەنجە بکات و خەڵکی بێ تاوان بخاتە بەندەوە. بەوکەسانەی کە دەنگی من دەبیستن دەڵێم: "بێ هیوا مەبن". ئازارێکە ئێستا لە نێوانی ئێمەدایە تێپەڕبوونی مرۆڤە، تاڵی مرۆڤێکە کە ڕێگای بەرەوپێشچوونی مرۆڤ ئەوی دەترساند. ڕقی مرۆڤ تێدەپەڕێت ودیکتاتۆرەکان دەمرن، و ئەو دەسەڵات وهێزەی کە لەخەلکی زەوت دەکەن دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکی وتا کاتێك کە مرۆڤەکان دەمرن ئازادی لە نێوناچێت. سەربازەکان! خۆتان مەدەنە دەست دڕندە خووانەوە، ئەو مرۆڤانەی کە سووکایەتی بەئێوە دەکەن، دەتانکێشنە بەندەوە، ئەوکەسانەی کە ژیانی ئێوە چاودێری دەکەن، پێتان دەلێن کە چ بکەن، چ بخۆنەوە، چۆن بیربکەنەوە وچۆن هەست بکەن، ئەو کەسانەی کە پێملتان دەکەن، ڕژیمی خۆراکیتان بۆ دادەنێن، وەکوو گا لەگەڵتان هەلس وکەوت دەکەن و وەکوو گوللە تۆپ کەڵکتان لێ وەردەگرن. خۆتان مەدەنە دەست مرۆڤگەلێکی ناسروشتی، پیاوانێکی مەکینەیی، بەزەینی مەکینەیی ودڵی مەکینەییەوە! ئێوەمەکینە نین! ئێوە گا نین! ئێوە مرۆڤن! ئێوەخۆشەویستی وئەوینی مرۆڤتان لەدڵایە. ئێوە ڕقاوی نین ورقتان لە دڵدا نیە، تەنیا بێ ئەوینان

ڕقاوین، بێ خۆشەویستی ونا سروشتی. سەربازەکان! خەبات بۆ کۆیلەتی مەکەن! بۆ ئازادی شەڕبکەن! ئێوە، ئێوە خەڵکێکە هێزتان هەیە، هێزیکە ئامێر دروست بکەن، هێزێکە شادی بەرهەمبهێنن. ئێوەخەڵکێکە هێزتان هەیە تاوەکوو ژیان ئازاد وجوان بکەن و هەتا وەکوو ئەم ژیانە پڕبکەن لەڕووداو.

جا بەناوی دیموکراسی، ئێزن بدەن کەڵك لەوهێزە وەربگرین! یەکگرتوو بین. یەکانە! بۆ دنیایەکی نوێ خەبات بکەین، دنیایەکی ڕازاوە کە ئیزن بەهەموو مرۆڤەکان دەدات کار بکەن، کە داهاتوو و ئاسایشی دەورانی بەتەمەنی تان پێدەدات. بە بەڵێنی ئەم شتانە، بەدخووان وناحەزان بەدەسەڵات دەگەن بەڵام ئەوانە درۆدەکەن. ئەوان بەڵێنیەکانی خۆیان بەکردەوە دەر ناهێنن، و هیچ کات نایهێنن. دیکتاتۆرەکان خۆیان ئازاد دەکەن بەڵام خەڵکی بەکۆیلە دەکەن. ئێستا، خەبات بکەین بۆ گەیشتن بەوبەڵێنیانە! خەبات بکەین بۆ ئازاد کردنی دنیا، بۆ لەنێو بردنی لەمپەرەکان، بۆ دوورخستنەوەی تەماح و چاوچنۆکی، ڕق وبێ ئوقرەیی. خەبات بکەین بۆ جیهانێکی مەنتێقی وبیرسایی، جیهانێکە زانست وپێشکەوتن، دەبێتە هۆی شادی مرۆڤ. سەربازەکان! بەناوی دیموکراسیەوە یەکگرین!!

هانا، دەنگم دەبیستی؟ لەهەرکوێیەك هەیت چاولێبکە هانا: هەورەکان دەبزوێن، هەتاو تێشك دەهاوێژێت. ئێمە لە تاریکیەوە بەرەو ڕووناکی ڕێدەکەین. ئێمە دەچینە جیهانێکی نوێەوە. دنیایەکی بەبەزەییتر. جێگایەك کە مرۆڤەکان پێ لەسەر ڕق وتەماح ودڕندە خوویی خۆیاندا دەنێن و لەسەری ڕادەوەستن. چاولێبکە هانا: باڵ بەگیانی مرۆڤ دراوەوسەرەنجام هەڵفڕین دەست پێ دەکات. بەرەولای کۆلکە زێڕینە فڕین دەست پێ دەکات–بەرەو ترووسکەی هیوا، بەرەو داهاتوو، داهاتووی بەشکۆ بۆ تۆ دەبێت، بۆمن وهەموئێمە. چاولێبکە هانا، چاو لێبکە.

***



# جیهانێکی جیاواز

ن: شۆڕش محەممەدی

ئەو کاتەی کە هەمو شتێك سەیر دەنوێنێ و چاوەکان بەقایان نامێنی، ولاتی کەس نەزانم دێتەوە یاد، ئەو ولاتەی کە هەر کە سە و بۆ خۆی بوو، هەر کەس کاری خۆی پێ باش بوو، راوە رووت کاری ئینسانەکان بوو، و کەس بەقای بە کەس نەمابوو.

لەو ولاتە دا کە شادیەکانیش بە درۆن. چاو لێکردنەکان باس لەوە دەکەن

کە ئاگات لە خۆت نەبێ فریو دراوی. لەو ولاتە دا ئەگەر لە شوێنێك تیکە نانێك کەوتبێ وەك چۆن چەقەلەکان گۆشتی دەم یەك ئەپچڕن ئاوا هێرشی دەکرێتە سەری و هەر کەسەو بەشی خۆی یان باشتر وایە کە بلێین هەر کەسەو بە پێی هێزوتوانایەك کە هەیەتی بەشی بەر دەکەوێت.

ئاخۆ دوێنێ من لەم ولاتە بووم و هەموی ئەوانەم بە چاوی خۆم دیت.

ئێستا کە لێرە و لە ولاتەکەی خۆشم ئەم شتانە دەبینم، ئیتر بۆم دەر دەکەوێ کە ئێرەش چی وای جیاوازی لە گەڵ ولاتی کەس نەزان نیە. لێرەش کلاو لە سەر یەکنان ، کۆتایی هێنان بە ژیانی یەکتر، گرینگی نەدان بە یەك کارێکی ئاساییە، دۆستایەتی و خۆشەویستی باوی نەماوە. لێرەو لە ولاتی ئیمەش چاوەکان نوقاون، کەس زولم، چەوسانەوە، مافی یەکتر خواردن نابینێ.

دوێنێ لەم ولاتە گەورەیەی ئێمە کە دەسەلاتدارانی ئیدعای زۆریان دێ، بە چاوی خۆم کوشتنی هاونەوعەکانم بە دەستی یەکتر دیت، بەلام دایکەکان فرمێسکیان بە چاو دا نەهاتەخوار، چون سۆزی دایکایەتیش ڕەنگ و بۆی جارانی نەماوە. ئیتر وەك سالانی زوو نییە کە دوای مردنێك، هاواری دایکان تا رۆژە رێیەك بڕوات. هەڵبەت ئەوەیان زۆر لام نا سروشتی نیە. چونکە مردن هێندە بۆتە شتێکی ئاسایی کە ئیتر شتێکی سەیر و سەمەرە نیە، جاری وایە لە چرکەیەکدا بە سەدان و بە هەزاران کەس گیان لە دەست دەدەن. جاران مردن لە بەر چاو بوو کەسێك کە یەکێکی تری ئەکوشت مردنی کەسەکەی بە چاو دەدی و هەر خۆشی مەگەر زۆر زۆر دڵ ڕەق بایە دەنا عەزابی دەکێشا. بەلام ئێستا بکوژ بە فروکە دێت و بۆمبێك بەر ئەداتەوە و ئەڕوات و نایبینێ کە چۆن کەسەکان دەمرن و چیان بە سەر دێت. هەر بۆیە زۆری خەم بۆ ناخوات. خەڵکانێکی تریش هەن کە خۆیان لە گەڵ کوشتنی کەسانی تردا دەکوژن، ئەوان ئیتر لە سەر کام مەرامن و چ بیرۆکەیەکیان بۆ ئەم کارەیان هەیە هەر خۆیان ئەی زانن. ئەرێ ولاتەکەی ئێمەش چی وای لە ولاتی کەس نەزان کەمترنیە، ئاخر لەم ولاتە ئەوەی چاوت پێی ناکەوێ ئینسانیەت و مافی ژیان بۆ هەموانە. بەلام لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە هەندێ لە ئینسانەکانی ئەم ولاتەی ئێمە شانازی بە خۆیانەوە ئەکەن کاتێك کە هاونەوعەکانیان دەچەوسێننەوە.

زۆردارەکان خوێنی داماوان ئەمژن، بێ هیوایان ئەکەن و هەر چی هەیانە لێیان ئەستێنن، پاشانیش پروپاگەندە بۆ بێدەنگی ئەکەن. ئاخ کە ولاتی ئێمە چ ولاتێکی ناخۆشە. ئاخر بۆ دەبێ لێرە یەکێك مالی لە عەرشی ئەعلا بێت و یەکیش بستێ



خاکی نەبێ بۆ حاوانەوە، ئەم بێدەنگییە تا کەی بەردەوام دەبێت.

بەڵام رۆژێکیان لەم وڵاتە سەیر و سەمەرەی ئێمە، شتێك زۆری سەرسام کردم، کۆمەڵێك خەڵکی ڕەش و رووتی بێ ماڵ و حاڵی تا ئێستا نۆکەر، چەند کەس لەو مرۆڤە بە فیزانەیان لە شوێنی کارەکەیان وە بەر شەق دا بوو. سەیرەکە ئەوە بوو، تێهەڵدراوەکان هەر ئەوانە بوون کە تا دوێنێ کەس بۆی نەبوو ناویان بێنێ چ بگات بە ...

دوای ئەم رووداوە، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەگەرکو ئەم هەموو خەڵکە لێقەوماوەی وڵاتی ئێمە وەك ئەم خەڵکە وەگیانهاتوەی باسمان کرد وەدەنگ بێن و نا بڵێن بە بێ دەنگی، چی دە قەومێ؟ ئەرێ لەوە زیاتر ڕێگایەك نیە کە وڵاتەکەمان لە ڕەش و رووت و تاڵان و کوشت و بڕ رزگاری بێت.

تەنیا ئەم ئۆقیانوسە پان و بەرینە لە خەڵکی تا ئێستا بن دەست وتێرکەری زگی خوێن مژەکانە کە، ئەتوانێ بە وەرێ کەوتن و بە لرفە لرفی شەپۆلەکانی هەر چی زوڵم و زۆر و نەهامەتی و رۆژ ڕەشی دونیای ئێمە یە لە گەڵ خۆی ببات و وڵاتێکی نوێمان بۆ دابمەزرێنێ کە لەوێ دا چی تر وەك میللەتی خۆخۆری ناو داستانەکان نەکەین و وڵاتە پڕ لە ناز و نیعمەتەکەمان چی تر شایەتی ئاغایەتی هێندێ مرۆڤ نەبێ بە سەر مرۆڤەکانی تردا، دۆستایەتی جێگای دوژمنایەتی بگرێتەوە و چاوی یەکتر نەدیتن نەمێنێ.

خۆزگە هەموو دلۆپەکانی ئەم ئۆقیانوسە هەستیان بە گەورەیی و لە بن نەهاتویی خۆیان کردبایە و بە تێکەڵ بوونی دلۆپ لە گەڵ دلۆپیان، ئۆقیانوسە پان و بەرینەکەیان بەرەو نەمانی وڵاتی بێدەنگی ئێمە هیدایەت کردبا و بەهەشتیان لە سەر زەوی مسۆگەر کردبایە.

***

# عەشق

و: هێمن ئەمانی

هێگڵ، نوسراوە گەلێکی گرنگی هەیە سەبارەت بە کامڵ بوونی عەشق، هەستێك کە بۆتە یەکێ لە گرنگترین سەرچاوەکانی گرفتی کۆمەڵگای مەعنەوی مرۆڤ.

لە کتێبی ((سەیر و سەمەرەکانی ژیان)) دا دەنوسێ: ((وێستێر مارك)) لە کتێبی ((مێژووی هاوسەرگیری)) دا نیشان دەدات کە هەڵەی حەیوانی و دڕندانەی هاوسەرگیری لە نێوان مرۆڤی سەرەتایی دا، چون، پلە پلە، بە شێوەی هەستێکی ناسکی هاو دەردی و خۆشەویستی دەرهات و لە کۆتایدا بە سەریاندا سەرکەوت، عەشق، بە تایبەت لە هونەری پلاستیکی دا، مۆسیقا و شێعر و لە کامڵ بوونی هەستی جوانی دا، پێیدا هەڵگوترا و بووە بە توانا ترین سەرچاوەی هەڵسورانی کۆمەڵگای مەعنەوی مرۆڤ. عەشق، بە مانای نوێی وشە، هەستێکە کە بە مانای بە دەستکەوتی مێژوویی کۆمەڵگای مەعنەوی مرۆڤ دادەنرێ. بە تەواوی هەڵەیە ئەگەر بڵێین کە هەست و سۆزی توندی خۆشەویستی، و هەڵسوڕانەکانی کۆمەڵگایی و مەعنەوی هەمیشە بووە. لە دەورانی پێش مێژوودا، هەرگیز شتێك بە ناوی عەشقی جنسی، و هەست و سۆزی لەو جۆرە نەبووە.

ئینگلس دەڵێ پێش لە سەدەی ناوەڕاست، مەسەلەی عەشقی تایبەتی جنسی، ناتوانرێ بوونی بووبێ. دیارە کە جوانی جسمانی و خۆشەویستی و مەیلی یەك، ئەنگیزەی پەیوەندی جنسی لە هەردوو ڕەگەزدا دروست دەکات. بەڵام، ئەمە بە بینینی ئێمە لە عەشقی جنسی زۆر دوورە. عەشق بە ژن و مێرد بوون، لە دنیای باستان دا، نە یەك مەیلی زەینی، بەڵکوو، یەك ئەرکی عەینی، و بە مانایەکی کە ئێمە لێی هەمانە، لە نەزەری ((ئاناکرێئۆن))، شاعیری باستانی، هەر بەو ڕادەیە گرنگ بوو کە پەیوەندی جنسی لەگەڵ خۆشەویستەکەی. لەو ڕۆژگارەدا، پیاوانی ژندار پێیان عەیب بوو کە بچووکترین عیلاقەی خۆشەویستی نیشانی مەعشوقەکەیان بدەن. بەڵام پیاوان بە سزادانی خۆیان، لە ڕێگای نقوم بوون لە عەشقی فاسید بە گەنجەکان و خۆ تووڕە کردنی خۆیان و خواکانیان بە ئەفسانەی ((گنۆمدین)) بوونە هۆی سزادنی ژنەکانیشیان.

عەشقی جنسی ئێمە و هەستی پێویست بەو، بە تەواویبە کشانەوەی سادە، و بە (ئاروس)ی جیهانی باستان جیاوازە. سەرەتا، پێویستی بە هەستی بەرانبەر، لەلایەن ژنەوە، کە هاو شانی پیاوی دەکا، لە حاڵێکدا کە لە دەورانی باستاندا، تەنانەت داواشی لێ نەدەکرا. دوەم ئەوەی کە، عەشقی جنسی دەتوانێ ئەوەندە توند و درەنگ پێك بێت کە جیا بوونەوە و دوور کەوتنەوە لێی بۆ هەر دوولا، قورس و گران دەبێت. خەڵکی میالەند، لە ڕێگەی عەشقدا، لەگەڵ کۆسپی گەورە بەرانبەر دەبن و تەنانەت گیانیشیان لە دەست دەدەن. ئەگەر وایە عەشق بە مانای نوێی خۆی، داواکاری ڕادەی ئەخلاقی تەواو نوێیە. لە سەردەمی باستاندا، پەیوەندی عەشقی، تەنیا، لە دەرەوەی چوار چێوەی کۆمەڵگای ڕەسمی _ وەکو لە نێوان شوانەکان _ کە ((تێئۆکریتیوس))، ((مۆسکوس))، ((لانگوس)) و خەڵکانی تر، خۆشیەکان و خەمەکانی ئەوانیان بە گۆرانی وتۆتەوە، بوونی بووە.

یەکەمین شێوەی خۆشەویستی جنسی کە لە مێژوودا بە عینوانی شێواندنی، و بەرزترین شێوەی مەیلی جنسی دروست دەبێت _ و دروست کرداری

تایبەتی ئەوە _ ئەمە، یەکەمین شێوەی بوونی عەشقی جنسی، عەشقی شوالیەی سەدەی ناوەڕاست، بەبێ هیچ شێوەیەك عەشقی هاوسەرگیری نەبوو. بە پێچەوانەوە، ئەم ئەوینە لە نێوان خەڵکی ((پرۆڤانس))ی فەڕانسە، بە بایەوانگەلێکی گەورە، بەرەو لای زێنا، لە ڕۆیشتن دایە، کە شاعیرەکانیش پێیاندا هەڵدەڵێن. ((سروودەکانی بەیانیان)) دەستکەوتی کاری شاعیرەکانی (پرۆڤانس)ە. لەم شێعرانەدا، خەوتنی شوالیە لە ناو جێگای خۆشەویستەکەی، کە هاوسەری پیاوێکی ترە، شەرح دەکرێ. خەڵکی باکووری فەڕانسە و ئاڵمانیاش لەگەڵ فەرهەنگ و کلتووری وەك ئەوینی زمان لوسانە، ئەم جۆرە شێعرانەیان قبوڵ کردووە.

عەسر و زەمانی ڕێنسانس (نەوزایی) شاهیدی دروست بوونی غەزەلی عاشقانەی (پێترارك) و تراژیدیای شاعیرانەی ((رومیۆ و ژولیێت))، نوسراوی شێکسپیر، بوو. رومیۆ و ژولیێت نموونەیەکی تەواو لە عەشقی سەر شێتانەیە کە هەردوو لا پێیان خۆشە، لەبەر ئەوە، ئامادەن بۆ هەر جۆرە کۆسپێك و تەنانەت گیانی خۆشیان لە ڕێگایدا دادەنێن.

هەر بەو جۆرەی کە ((بلینسکی)) دەڵێ، وەرگری رۆمیۆ و ژولیێت، لە باوەڕ بوونیان بە عەشقە، لەبەر ئەم هۆکارەشە کە عاشق و مەعشوق، بە جۆش و خرۆشی خۆیان _ کە لە نووری ئەستێرەکان ڕۆشنایی وەردەگرێ _ ئەوەندە وشەی دڵتەزێن و عاشقانە، دەێننە سەر زمان. تەنیا قسەکانی ڕۆمیۆ و ژولیێت نە تەنیا بەینی عەشقی قوڵیان بۆ یەکتر، بەڵکو، هەبوونی سەرکەوتوانە و سەر بەرز کەری عەشق، وەکوو هەستێکی بەرزی (بێ وێنە)یە.

ژنی کاتی ڕێنسانس، عەشقی ڕاستەقینە، یانی عەشقێك کە پێویستی بە بەشداری، ئازادی، بەرابەری، سەربەخۆیی و شەرافەتی نەفس، و بە کورتی، هەموو ئەو وشانەی کە ژنی باستانی تەنیا لە خەیاڵیدا دەیانناسی، لەو بەشەی خوارەوە، کە لە کتێبی ((دۆنکیشۆد) وەرگیراوە، و لەوێدا (مارسیلا)ی جوان، باسی ((ئامبرۆسیۆ)) هاوڕێیی ((کریسۆستۆم)) دەکات،



دەتوانین بزانین کە عەشق، لە ژنی کاتی ڕێنسانس دا، چ هەست و ئاواتهایەکی هەبووە و وتوویەتی:

((تۆ دەڵێی، خوا جوانی داوە بە من، نە هەر ئەوەی کە هەیە، بەڵکوو، بەو ڕادەیەی کە تۆم، لەگەڵ ئەوەیکە ناتەوێ، و هیوادارم تا منت خۆش بوێ، لە کوێ گەیشتیە ئەم شتانە، و ئەوەندە پێداگری دەکەی کە وڵام دانەوە بە شەهوەتی تۆ، ئەرکی منە؟ بە یارمەتی ئەو توانایە کەمەی کە سروشت پێی بەخشیوم، دەزانم کە هەر شتێکی جوان، خۆشەویستە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ناتوانم ئەو شتەی کە خەڵك لەبەر جوان بوونی خۆشیان دەوێ قبووڵی بکەم، دەبێ لە زیندانی عاشقی و پیاهەڵانی خۆی دابێت... گەورەیی و تاکی، جوانی، کە بەبێ ئەوانە، هەر مرۆڤێك، تەنانەت جوانیش، سەرنج ڕاکیش نابێت،... ئەگەر وایە، ئەگەر داوێن پاکی یەکێك لەو تاکانە بێت کە جسم و گیانی ئارایش کردووە و لەبەر ئەمە خۆشیان دەوێ، بۆ تێر کردنی شەهوەتی کەسێك، لە دەستی بدات کە بۆ هەوەسی لەخۆ باییانەکەی، بە تەواوی بیر و توانایەکەی خۆی بۆ لە ناو بردنی ئەو دەبەستێتەوە؟

((من ئازاد لە دایك بووم، وە بۆ چێژە وەرگرتن لەو ئازادیە، دەورێك لەو کارانەم هەڵبژاردووە. داری سەر ئەو شاخانە، جێی ڕازەکانی منن، و من بێجگە لەو ئاوە ساف و ڕوناکانەی کانیاوەکان ئاوێنەیەکم نییە. لە ڕوخسار و جوانی خۆم، لەگەڵ دار و دەوەن و کانیاوەکان شەریکم، گرێکی بچوکم، و شمشێرێکم لە

دوور دەست: کەسانێکی کە چاوم داگیری کردوون، زمانم لە فریو دەپارێزێ...))

کاتێک کە قسەکانی ئەو تەواو بوو و لەناو دارستانەکەدا ون بوو، دۆنکیشۆد وتی: ((هەموو پیاوانی باش دەبێ ئەو ستایش بکەن و ڕێزی لێ بگرن...))

قسەکانی ((مارسێلا))، گشت پایەکانی ئەوینی، بەو جۆرەی کە لە سەدەی ناوەڕاست زانرابوو، دەگرێتەوە. ژنێک دەمار گرژی سەدەی ناوەڕاست کە ببوە هۆی دیلێتی زەین و خواستەکانی، لەخۆی تەکاندوە، زۆر بە لوت بەرزیەوە، عەشق، بە هەستێکی پاک و شەریف ناو دەبات، کە تەنیا کاتێک وا دەبێ، کە دوو لایەنە بێت. بەم جۆرە، روونە کە عەشق و عیلاقە، بە هیچ جۆرێک، یەک نین. عەشقی ڕاستەقینە، بەبێ بەرابەری، هیچ کات نابێ. بەڵام بەرابەری ژن و پیاو، هەر بۆخۆی، و باش بوونی ئەوان، پێویستی بە عەشق نییە. عەشقی ڕاستەقینە، بە هیچ شێوەیەک بە زۆری گیان نادا بە دەستەوە. ئازادی بێ قەید و شەرتی هەڵبژاردنیش شتێکی گرنگی ترە. یەکێکیتر لە بەشە گرنگەکانی قسەکانی مارسێلا ورد بوونەوە لەسەر ئەو نوسراوەیەیە کە لە پەیوەندی نێوان عاشق و مەعشوقدا، دەبێ سادەیی و پاکی حاکم بێت. پاکی و سادەیی لە پەیوەندی دا، پتر لە هەرشتێ، دەبێتە هۆی سەربەرزی گیان و ڕۆح.



بەم جۆرە، کاتێ ئێنگڵس دەڵێ، عەشق، بە مانای نوێی وشە، پێویستی بە سەنگی مەحەکی ئەخلاقی نوێیە، حەقیەتی. قسە کردن لە خۆشەویستی، بەبێ لە نەزەر گرتنی سەنگی مەحەکی ئەخلاقی ئەو، بە مانای ئینکار کردنی گرنگی مەعنەوی بێ کۆتایی ئەوە. کاتێک کە دۆنکیشۆد دەڵێ تەواوی پیاوانی باش دەبێ ((مارسێلا)) ستایش بکەن و ڕێزی لێ بگرن. جوانی مەعنەوی مارسێلای لە نەزەر دایە نە جوانی جسمانی ئەو. هەڵبەتە، تەواو حەقی بە دەستە. چونکە جوانی مەعنەوی، زۆرتر شایانی باسکردنە. جوانی مەعنەوی جوانی جسمانیش زیاد دەکات.

لەو ڕوانگەوەی کە نابەرابەری ژن و پیاو، خاڵێکی زۆرتری دابوو بە پیاو و ئەو دەیتوانی تەواوی بڕیارەکان بۆخۆی بیدا، تەنانەت بەبێ ئەوەیکە شتێک لە بیر و باوەڕی ژنەکە وەربگرێ، لە بابەت مارسێلا، شتەکان، بە تەواوی ئاوەژوو ببونەوە. ((سێروانتس)) هەڵسوڕاوی دیفاع لە بەرابەری ژن و پیاو و یەکگرتوویی ژنان، دژی قبوڵ کردنی لەخۆ باییانەی دەست بەسەردا گرتنی پیاو بەسەر ماڵی مارسێلادا، بەبێ ئەوەیکە ئەو بە ئاواتی ئەو پیاوە ولام بداتەوە، بە خاوەنی پلە و پایەی دادەنێ.

تەواوی ئەوانە، لە چاو مێژوەوە، ڕێنمایی هەست و پلەکانی ئەخلاقی، پێ خۆش بوون و بێزاری، مانای تازەی قوڵتری ئەخلاقی و جوانی ناسیە. هەروەها، ئەگەر وا بیر بکەینەوە، کۆمەڵگایەکی نوێ کە جێگای فیئۆدالیسمی گرت، بە کامڵ بوونی بەرەوپێش چوون ((هەستی ئاسمانی)) پلە و پایەیەکی دانا، هەڵەمان کردووە. هێگڵ بە تەواوی نیشانی داین کە هەر شتێک، لەسەر پایەی ((سەرەتای بەحسەکان))ی خۆی، تەواو دروست دەبن. دەورانی نیفرەت هێنەری هەوڵەکانی سەرمایەداری، لەگەڵ دزی ناو دەریا و دزی بێ شەرمانەی تەواوی میللەتەکان و وڵاتە تازە دۆزراوەکان، دەست درێژی بە ئەساسی ئەخلاقی، لە کەمیندا بوو. خیانەت لە هاوسەر، فاحیشەگەری ئاشکرا و شاراوە، هەموو جێگیر ببوون. بەم حاڵەوە بە توندی عەشق، بە تایبەتی لە دەرەوەی هەرێمی ژن و مێردایەتی، زیاد دەبێت. تەواوی ئەوانە دەتوانین لە ((عموبت))، ئەسەری ((باڵزاک))، و ((بێل ئامی)) نووسراوەی ((موپاسان))، و کۆمەڵیکی زۆر لە چیرۆکی درێژ و کورت، شانۆنامەکان و فیلمەکان دا سەیر بکەین.

بە بەرەو پێش چوونی هونەر و ئەدەبیاتی نوێ، بابەتی عەشق، لەلای خەڵک، بە جۆری یەک زمان

خویەکی جاویدانی بە خۆوە گرتووە. عەشق بۆتە، بابەتی ڕێك وپێك، شێعر، شانۆ نامەکان، وێنەکان و پەیکەرەکان. زۆرێك لە غەزەلەکانی پوشکین، گەواهی بۆ ئەوە دەدەن کە عەشق سەرچاوەی جوانی و زەرافەتی دەروونییە (لەشێعرەکانی وەك ((تۆم خۆش دەوێت))،((تۆ لە ولاتی ئاشنایی هەلاتی)) ).

شێعرە عاشقانەکانی پوشکین، هەر بەو جۆرەی کە بلینسکی دەڵێ، تێکەلاوێکە لە گەرمای توندی مرۆڤ و هونەری خۆشی هێنەری ئەو. هەستی شاعیر لەم شێعرانەدا هەمیشە ناسك و جوان، بەلام قوڵە. هەستێکی مرۆڤانەیە، کە بە شێوەیەکی هێواش و جوان دەرئەبردرێ. هەمیشە، عەشق و هاوڕێیەتی، وەکو چەند هەستێك دێنە کایەوە کە پێش لە هەر شتێك سەرنجی ئەوی پێ ڕادەکێشن و سەرچاوەی تەواوی خۆشیەکان و ناخۆشیەکانی ئەوە ناو دەبرێ. جار و بار، تەنانەت ناخۆشی ئەو، هەر چەندەش ناخۆش و گران، زۆر سەرسوڕ هێنەرانە چێژ هێنەر و سروشتیە، و ڕۆحی ناسك و دڵی شکاوی ئەوی پێ دەرمان دەکرێ.

هونەر، نیشاندەری بەرەو پێش چوونی هۆمانیزمیە کە، عەشق دەستی پێی گەشتووە و لەو ڕێگایەدا، نەرمی و جوانی ئەخلاقی هەیە. هەروەها، نیشان دەدات کە ئەگەر عەشق بچێتە چنگی سەرمایەوە _ کە هێزێکی بێ سنوری بۆ کڕین، فرۆشتن و لە ناو بردن هەیە _ چۆن کاڵ دەبیتەوە. بالزاك، زولا، موپاسان، ویکتۆر، مارگرێت و کوپرین، چەند شێوەیەکی ورد و ترسناك لە بەرانبەر خوێنەر دا دادەنێن، کە تەنانەت ئەگەر وا بووبێت، لە پەنای ڕاستی ڕووتدا کە نوێنەر بووە، توندیەکەی کەم بۆتەوە. چەند چیرۆکێك ((شکۆ و ڕۆژ ڕەشی فاحیشەکان))،((نانا))،((سیاچاڵ))، تەنیا بەشێك لە کۆمەڵە چیرۆکێکن کە بێ پەردە نیشانی دەدەن کە خراپی و ناشرینی، کە هەر ڕۆژ و هەر سەعات، لە بوونی پارە دا، نوێ کار دەبن، چۆن هەر ئەوەیکە پاك و جوانە، هەر وەکوو ئاشیك لێی دەدەن و وردی دەکەن.

بیر و بۆچوون سەبارەت بەوانەی سەرێ لە بارەی گرنگی و هەست و ئەخلاقی عەشق بوون وتمان، بۆ وەسفی ئاسارێك کە نووسەرەکانی ئەوان هەوڵ دەدەن و دەیانەوێ مەسەلەی عەشق بگۆڕن بۆ مەسەلەی جنسی و هەستێکی عاشقانە کە ئەرکەکەی ئیبزای مەیلی کۆمەڵێکی تایبەت لە خەڵکە (کە چاویان تەنانەت هەنگاوێك دوورتر لە خۆیان نابینێ)، دژوارە بتوانی وشەیەك بدۆزیتەوە. چون تیکەڵ بوون و حەل بوونی ئەو باسە زیندووە، گرنگیەکی ئەوتۆی نییە، بابەتەکە بە خوێندنەوەی شێعرێکی عاشقانەی ((ئێسپان شیپاچۆف))، بە لەخۆ بایی بوونێکی باس لێ کراوەوە کە سەبارەت بە کۆمەڵگای نوێ و عەشقی ئەوان قسە دەکات، کۆتایی پێ دێنین:

((ئێمە دنیایەکی نوێ دروست دەکەین. چیە ئەو، کە بتوانێ
لە ناسکی و جوانیدا، لە کاری ئێمە پێشتر بێت؟
ئەگەر وایە کێیە ئەو کە بتوانێ ئەوە بڵێ،
ڕەنگە عەشقی ئێمە کەمتر لە ئیرادەمان بۆ کارەکانمان بێت؟
لەوانەیە من، شیاوی وتنی ئەمە نەبم _ بەلام دڵنیام،
کە ڕۆحی هاوبەشبەڕێوە بردنی کارە گەورەکاندا،
لە بەرزی و پاکی دا،
هەر وەك هەستی ڕابردوومان، لە ئێمە دایە.))

ڕاستیەکان، بەبێ ئەملا و ئەولا، ئەم وتە بناغەدارەی فەلسەفەی عیلمی دەسەلمێنێ کە عەشق، وەکوو تەواوی هەستەکانی مرۆڤایەتی، سەمەرەی سەرجەم مێژووی بەشەرە.

هەست و دەڵسۆزیەکان، کشانی ڕۆحی و پێوانە ئەخلاقیەکان، کە سەمەرەی گەشە کردنی ئەوینە، نیشانەی نەقشی زۆر گرنگی عەشق، لە حەوزەی ئەخلاقی و جوانی ناسی دایە، بەلام خاڵی بنەڕەت، سوبارەت بە عەشق، بە مانای نوێی وشە، ئەوەیکە یارمەتی مرۆڤ دەدات تا لە پەیژەی مرۆڤانە کردنی هەستی مرۆڤ، دیسان زیاتر بڕواتە سەرێ. مێژووی هونەری سەردەم نیشانەی ڕۆشنی ئەم ئیدعایەیە.

سەرچاوە: کتێبی بازتاب کار و طبیعت در هنر

***

# دەیەمین ڕۆژی مەدرەسە

سەرچاوە: ئاڕشیو

ئەمڕۆ دەڕۆژە کە دەچمە مەدرەسە. دایکم لە ماڵە. باوکم لەماڵ نییە. دەبێ بەپێ بڕۆم بۆ مەدرەسە. باپیرە و دایەگەورەش کە لە لای ئێمە بوون، لە ماڵ نین. ئەوان لە دێ دەژین. لە دێیەکەی ئەوان دارستان نیە. ڕووباری گەورە نییە. ئەوان حەمامیان نییە.

لە مەدرەسەوە بەپێ دەچمەوە بۆ ماڵ. دایکم لە ماڵە، باوکم لەماڵ نییە. باوکم هێشتا نەهاتووەتەوە بۆ ماڵ. لە دایکم دەپرسم: "دایە باوکم کەی دێتەوە بۆ ماڵ؟" دایکم بە پێکەنینەوە دەستێك بە سەرمدا دێنێ و دەڵێ: "سبەینێ." هەر کاتێك لێی دەپرسم، هەر ئەم وڵامەم دەداتەوە. نازانم ئەو سبەینێیە کەی دێ؟!

کاتێك باوکم لە ماڵ بوو. پێکەوە کایەمان دەکرد. شێعری بۆ دەخوێندمەوە و قسەی خۆش و شیرینی دەگێڕایەوە. منیش شێعرم بۆ ئەو دەخوێندەوە. ئەو شێعرانەی کە لە دایکمەوە فێر ببوم. باوکم هەمیشە دەیگوت: "ڕۆڵەکەم، ڕۆڵە جوانەکەم، تۆ دەبێ ئینسانێکی نەترس بی. وەك مامەکانت!"

من مامەی زۆرم هەیە. پێشتر دەهاتن بۆ ماڵی ئێمە. مامەکانم هەمیشە لەگەڵ مندا کایەیان دەکرد. گۆرانیەیان بۆ دەگوتم و شتی باشیان فێر دەکردم. ئەوان لەگەڵ باوکم قسەیان دەکرد. بڕێك لە قسەکانیان تێنەدەگەیشتم. من تەواوی مامەکانم خۆش دەوێ. ماوەیەکی زۆرە مامەکانم بۆ ماڵی ئێمە نەهاتوون. ئەوان قەولیان پێ دابوون کیفی مەدرەسەم بۆ بکڕن. کتێب و دەفتەرم بۆ بکڕن. قەڵەم، ئاو ڕەنگ و دەفتەری نەقاشی و زۆر شتی ترم بۆ بکڕن. بەڵام ئەمە 10 ڕۆژ دەبێ کە دەچمە مەدرەسە و مامەکانم دیار نین کە قەولەکەیان وەدی بێنن. بێ گومان کارێکیان بۆ هاتۆتە پێش. زۆر دەمێکە کە نایەن بۆ ماڵمان.

ماوەیەك لەوە پێش کە هێشتا مەدرەسەکان نەکرابوونەوە، یەکێك لە پوورەکانم هاتە ماڵمان و ڕوومەتی ماچ کردم، دەستی بە سەرم دا هێنا و جووتێك کەوشی پێ دام و وتی: "ئەم کەوشانەم بۆ هێناوی تا بۆ مەدرەسە لە پێیان بکەی."

من زۆر خۆشحاڵ بووم. مامەکانم دەیان وت: "تۆ لە باوکت دەچی." دایکشم ئەمە دەڵێت. پووریشم هەرئەمە دەڵێت. کاتێك سەیری چاوەکانیم کرد، دیم خەریکە دەگری. من ناگریم. ئێستا گەورە بووم. بەڵام نەمزانی پوورم بۆ لە پێشدا سوور بووەوە و لە پاشان گریا. دایکیشم کاتێك سەیری ڕەسمەکەی باوکم دەکا، گریان دەیگرێ.

باوکم کاتێك کە لە ماڵ بوو، دەیگوت: " ڕۆڵەکەم، ڕۆڵە جوانەکەم، تۆ گەورە بووی. کاتێك کە من لە ماڵ نیم ئاگات لە دایکت بێ."

ماوەیەکی زۆرە کە ئاگام لە دایکمە، بەڵام هێشتا نەمتوانیوە پێش بە گریانی دایکم بگرم. ئەو زۆر گەورەترە لە من. دەزانم کە ئەگەر سبەینێ باوکم بێتەوە بۆ ماڵ، دایکم چیتر ناگری. ڕۆژی یەکەمی مەدرەسە منداڵەکان خۆشحاڵ بوون. هەموویان جل و بەرگی نوێ و خاوێنیان لەبەر کردبوو منیش خۆشحاڵ بووم. کەوشەکانم بریقەی دەدا. مامۆستاکەمان قسەی بۆ دەکردین. ئەو وتی: "ئەمڕۆ هەفتەی دیفاعی مقدّسە. شەڕی ئێران و عێراق 8 ساڵی خایاند. شەڕ زۆربەی خانووەکانمانی کاول کرد. بەشێکی زۆر لە مەدرەسەکان ڕووخان. ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك کوژران و بریندار بوون و بێ دەست و لاق بوون. خەڵکێکی زۆر ئاوارە و دەربە دەر بوون. ئەم هەفتەیە، هەفتەی شەڕە."

کۆڵانەکەی ئێمە کەم ئەندامێکی لێیە. کەم ئەندامێکیشمان لە مەدرەسە هەیە.

کوڕی بابە عەلی فەڕاشیش کوژراوە. وێنەی ئەو کوڕەیان لە کۆڵانەکان لە دیوار داوە. هێشتا سەیری ئینسانەکان دەکا.

شەڕ شتێکی خراپە. من زۆر ڕقم لە شەڕە. ئەم هەفتەیە خیابانەکان پڕ لە وێنە و نووسراوی ڕەنگا و ڕەنگ بوون. کە سەیری وێنەکان دەکەم، تێدەگەم کە شەڕ یانی چی!؟ وێنەی پیرە ژنێکم دی کە لەسەر ماڵە ڕوخاوێکەوە دەگریا. دەستی منداڵێکی بچکۆلەی گرتبوو. لەبەر خۆمەوە وتم: "ئەم منداڵە حەتمەن کلاسی یەکەمە." ئەو پیرە ژنەش دایە گەورەیەتی، نازانم ئەو منداڵە لە کویچوە دەچێ بۆ مەدرەسە و شەو لە کوێ دەخەوێ! دایکی لە وێنەکەدا نەبوو، باوکیشی نەبوو. منداڵەکە نەدەگریا. دایە گەورەی دەگریا. منداڵەکەش وەك من گەورە بوو.

لە مەدرەسەدا خوێندکارانی کلاسی چوارەم باسی موعەلیمەکەی ساڵی ڕابردوویان دەکەن. دەڵێن موعەلیمێکی باش بوو. تەواوی منداڵەکانی خۆش دەویێت. منداڵەکانیش ئەویان خۆش دەویست. ڕۆژێك پاسدارەکان هاتن و موعەلیمەکەیان سواری ماشینێکی زەردی گەورە کرد و بردیان. من لەم ماشینانەم زۆر دیوە. تەنانەت ڕۆژێك دەستم دا لە یەکێکیان. 4 نەفەر لە نێو ئەو ماشینەدا بوون. پاسداریان پێ دەڵێن. نازانم پاسدارەکان بۆ ڕیشیان هەیە.

من پاسدارەکان دەناسم. ئەوان جارێك هاتنە ماڵی ئێمە. تفەنگەکانیان بەرەو من و دایکم ڕاگرت. تەواوی کەل و پەلی ناو ماڵەکەمانیان تێك و پێك دا. هەموو جێگایەك گەڕان. نەمزانی بە دوای چ شتێکدا دەگەڕان. دایکم ترسابوو. ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو. لە ترسا نەیدەتوانی قسە بکا. بەڵام نەترسام. دەستی دایکم گرتبوو. دەستی دەلەرزی. کاتێك کە پاسدارەکان ڕۆیشتن، دایکم وتی: "کوڕم نەترس بە!"

دایکیشم ژنێکی نەترسە. بەڵام بۆچی ئەو ڕۆژە ترسا و دەستی دەلەرزی، تێنەگەیشتم. لە بیرمە پێشتر کە باوکم لە ماڵ بوو، لەگەڵ دایکم دا دەچووین بۆ خۆ پیشاندان. من دەچوومە قەلادوشانی باوکم. دایکم مشتی دەقونجان و هاواری دەکرد: "مەرگ بۆ ئامریکا!"

باوکم هەمیشە بە دایکمی دەگووت: "هاوسەرم، هاوسەری باشم، تۆ ژنێکی نەترسی." پوورەکانیشم نەترسن. ئەمڕۆ دوان لە پوورەکانم هاتن بۆ ماڵی ئێمە. بوخچەیەکیان دا بە دایکم کە بڕێك شتی تێدا بوو. سەیری منیان کرد. شان و ملمیان گووشی و ڕۆیشتن. یەکێك لە پوورەکانم منی ماچ کرد. منیش شەرم گرتمی...

پاش ئەوان مامم هات بۆ ماڵمان. زۆر دەمێك بوو نەم دیتبوو. لە خۆشحاڵیدا بەرەو لای هەڵاتم. مامم لە باوەشی گرتم و بەرەو ئاسمان بەرزی کردمەوە. زۆرم پێ خۆش بوو. وام زانی وەك کۆتر دەفڕم. زۆرم پێ خۆش بوو کۆتر بم.

بە کۆڵانی ئێمەدا ماشین و ئۆتوبوسەکان هات و چۆ ناکەن. من هەموو ڕۆژێك بە پێ دەچم بۆ مەدرەسە. ماڵەکەمان لە مەدرەسەوە دوورە. تا باوکم لە ماڵ بوو، بە دووچەرخە دەیبردم بۆ مەدرەسە. باوکم فێری دووچەرخە سواریەیم دەکا.

دوێنێ کاتێك کە زەنگی تەفریحیان لێدا، موعەلیمەکەمان کە ماڵەکەی لە کۆڵانی ئێمەدایە، بانگی کردم. نازانم بۆ لە پێشدا سەیری ئەم لا و ئەو لای خۆی کرد و پاشان بانگی کردم! بەرەو لای ڕۆیشتم. سەیری کردم. نێو چاوانمی ماچ کرد و وتی: "بەیانی 10 ڕۆژە کە دێی بۆ مەدرەسە." من ئەمەم دەزانی بەڵام نەمزانی مامۆستا بۆچی کاتێك ئەمەی وت لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد!

"قاسم" لە مەدرەسە دا لە لای من دادەنیشێ. من قاسمم خۆش دەوێ. برا گەورەکەی "قاسم" لە زیندان دایە. "قاسم" بڕێك جار بۆ بینینی براکەی دەچێ بۆ زیندان. براکەی ماوەیەکی زۆرە کە لە زیندان دایە. قاسم دەڵێ: کاتێ دەچم بۆ زیندان خواردەمەنی دەبەم بۆ براکەم. جلیشی بۆ دەبەم. زیندان شوێنیکی قەرەباڵغە." ئەو ناتوانێ لەگەڵ براکەی دا قسە بکا. قاسم دەڵێ: براکەم هەمیشە لە پشتی شیشەکەوە ڕادەوەستێ. سەیری من دەکا و پێ دەکەنێ. براکەم ئینسانێکی باشە، بەڵام نازانم بۆ لە زیندان دایە.

"قاسم" زیندانی پێ خۆش نییە. منیش ڕقم لە زیندانە. منیش جارێك زیندانم دیوە. چەند ساڵ پێش کە هێشتا منداڵ بووم، لەگەڵ دایکم ڕۆیشتین بۆ زیندان. زیندان شوێنێکی تاریك و قەرەباڵغ بوو. کاتێ

ویستمان بچینە ژوورەوە، ژنێک هەموو لەشمانی پشکنی. نەمزانی بۆ؟. پاشان بە دالانێکی تاریک و دوور و درێژدا تێپەر بووین. خەڵکێکی زۆر، هاتبوون بۆ ئەوێ. گەیشتینە شوێنێک کە پڕ لە میلەی ئاسن و تۆڕی سیمی بوو. هەر لەو تۆڕانەی کە، دایە گەورە لە لادێ هەیەتی و مریشکی تێدا ڕادەگرێ. ئەو دیوی تۆڕەکەم نەدەدیت. هێشتا زۆر چکۆلە بووم. بڕێک لە ژنان و پیاوە پیرەکان دەگریان. هەمووان بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد. دایکم ژێر باڵمی گرت و بەرزی کردمەوە و وتی: "ئەوەتا پوورە پەروانە، سلاوی لێ بکە." لەو دیوی تۆڕەکەوە پوورە پەروانە ڕاوەستابوو. سەیری منی دەکرد. پێکەنی و دەستی بۆ تەکان دام. ماوەیەکی زۆرە نەمدیوە. لە بیرمە ڕۆژێک لە دایکمم پرسی: "دایە! پوورە پەروانە کەی لە قەفەزی ئینسانەکان دێتە دەر؟"

دایکم گریا و وتی: "دێتە دەر"

ڕۆژێک کاتێک کە باوکم لە ماڵ بوو، لەگەڵ ئەو و دایکم دا دەڕۆیشتین بۆ جێگایەک کە پڕ لە دار و درەخت و تەپۆڵکەی بچووک. لەسەر تەپۆڵکەکان بەردیان دانابوو. بڕێکیشیان بەردیان نەبوو. باوکم لەسەر تەپۆڵکەیەک ڕاوەستا کە بەردی لێ نەبوو. لقە دارێکیان لێ چەقاندبوو و پارچە قوماشێکی سووریان پێوە بەستبوو. باوکم وتی: "خۆیەتی" دایکم دەستی بە گریان کرد.

ئەمڕۆ10ڕۆژە کە دەچمە مەدرەسە. ئەمە مامۆستای کلاسی دووهەم پێی وتم. کاتێک لە مەدرەسەوە گەیشتمە ماڵەوە، لە ناو ماڵەکەمان دا زۆر شت جێگایان گۆڕابوو. زانیم کە شتێک ڕووی داوە. دایکم چای لێنابوو و ماڵەکەی خاوێن و ڕێک و پێک کردبوو. لە دایکمم پرسی: "ئەمڕۆ چ خەبەرە؟" وتی: "میوانمان دێ."

پرسیم: "کێ دێ؟"

دایکم وتی: "پەلە مەکە، خۆت دەیبینی. "وتم باشە پەلە ناکەم."

ئەوەندەی پێ نەچوو کە لە درگایان دا. کاتێ درگام کردەوە، سەیرم کرد مامەمە. لە پێش دا سەیری دەور و پشتی خۆی کرد پاشان هاتە ژوورەوە. بە لادا دەهات و خەریک بوو بکەوێ. کە سەیری ڕوومەتیم کرد، ڕەنگی گۆڕا بوو. لە شتێک دەترسا. لەگەڵ مندا دەستی دایەوە، دەستەکانی دەلەرزین. بە شێوەیەک پەشۆکابوو کە لە بیری چووبوو ژێر باڵم بگرێ و وەک جاران بەرەو هەوا فڕێم دا.

پاش ئەو 2 مامی ترم و پوورەکانیشم هاتن بۆ ماڵمان. هەموویان چوونە ژووری میوان. وێنەکەی باوکمیان لەسەر مێزێک دانا بوو و گوڵێکی سووریان بە سینگیەوە لکاندبوو. باوکم پێدەکەنی. لە دڵی خۆمدا وتم حەتمەن باوکم دێتەوە. هەموویان پێکەوە قسەیان دەکرد. مامێکم شێعرێکی خوێندەوە، هەر لەو شێعرانەی کە باوکم دەیخوێندەوە. بڕێک جار دەم و چاوی دایکم و پوورەکانم سوور هەڵدەگەڕا و چاویان پڕ دەبوو لە فرمێسک.

لە ناکاو هەر هەموویان بێ دەنگ دەبوون. سەیری وێنەکەی باوکم دەکەم، پێدەکەنێ. مامەکانم سەیری باوکمیان دەکرد و فرمێسک بە چاویان دا دەهاتە خوار. دڵم پڕ بوو و دەمەویست بگریم. بەڵام قسەکانی باوکم وەبیر دەهاتەوە کە دەیگوت: "کوڕم، کوڕە باشەکەم، نەترس بە! تۆ ئێستا گەورە بوویت."

لە درگایان دا، دایکم و مامەکانم خێرا لە جێی خۆیان هەستان. مامم لە پەنای پەردەی پەنجێرەکەوە سەیری دەرەوەی کرد. بە دایکمی وت: "ئاشنایە!."

دایکم ڕۆیشتە دەرەوە. کاتێک گەڕایەوە، دەستە گوڵێکی سووری بە دەستەوە بوو. گوڵەکانی لە گولدانێکدا، لە پەنای وێنەکەی باوکم دانا. ڕووشی بە لای ئێمەوە نەدەکرد، من دەمزانی دەگری. پاش ئەوەیکە فرمێسکەکانی پاک کردەوە، ڕووی تێ کردین و بە پێکەنینەوە وتی: "ئەم دەستە گوڵە لە لایەن هاوڕێیانی باوکتەوە هاتووە."

سەیری وێنەکەی باوکم دەکەم، پێدەکەنی. لە مامم دەپرسم: "ئەی باوکم کەی دێتەوە؟"

مامم سەیری کردم. هەستا و دەستی لە شان و ملم ئالاند و گوشیمی. ڕوومەتی سوور هەڵگەرابوو. هەر بەو شێوەیە کە سەیری ناو چاوانی دەکردم، وتی: کوڕم، کوڕە باشەکەم، نەترس بە! تۆ ئێستا گەورە بوویت. دەمهەوێ ڕاستیەکت پێ بڵێم: باوکت لەگەڵ هاوڕێکانیدا تیر باران کراوە."

***

# مشکەکان شەوانە ئەخەون!

ن: ولفگانگ
و:بیستون

کورتەیەك سەبارەت بە نووسەرە:
ولفگانگ بورشرت شاعیر، نووسەری شانۆ، هونەر پێشە و نووسەری خاوەن نفوزی ئاڵمانی لە 20ی مانگی مارسی 1921 لە هامبورگ چاوی بە ژین پشکوت و لە ساڵی 1947 لە تەمەنی 26 ساڵیدا بە هۆی ئەشکەنجە و ئەزیەت و ئازارێکی زۆری جسمیی و روحی کۆچی دوایی کرد. ناو براو لە ماوەی تەمەنی کورت و پڕ بەرهەمی خۆیدا زۆر جار بە هۆی شیعری تەنزاوی و شانۆ و قسەکانی لە دژی فاشیزم کەوتە زیندان و سەرەنجام مەحکوم بە ئیعدام بوو. بەڵام لە بەهاری ساڵی 1945 جارێك ڕەوانەی بەرەکانی کرا و لە کۆتایی شەڕدا بە لەش و گیانێکی پرتووکاوەوە بۆ وێرانەکانی هامبورك گەرایەوە. هەستی ناسك و روحی پڕ لە سۆزی بە جۆرێك لە سیمای دزێوی شەڕ بێزار ببوو کە لە زۆربەی نووسراوەکانی دا بەسەرهاتی بێ خانە و لانەیییەکانی دەورانی شەڕ دەگێڕێتەوە "بورشرت"، سادە دەنووسیٚ و لەم سادەیییەشدا زۆرتر بۆ دژواری و هەوراز و نشێوەکانی روحی ئینسان دەروانیٚ. زۆربەی بەرهەمەکانی بە زمانی ئینگلیسی، سوئێدی، فرانسەیی، ژاپۆنی و فنلاندی تەرجەمە کراونەتەوە. کە بەشێك لە بەرهەمەکانی بریتین لە: چرا، شەو و ئەستێرە، هەر ئەو سیٚ شەممەیە، چەپکیٚ گوڵ و مۆمە غەمگینەکان، هەر وەها "مشکەکان شەوانە دەخەون" کورتە داستانێکی تری ئەو نووسەرەیە کە لێرەدا دەیخوێننەوە:

ئەو پیاوە کە سەرو روویەکی ئالۆزکاو و پەشێوەی هەبوو لە سەرەوە ڕا چاوێکی لەو کوڕە کرد و پرسی: "لێرە ئەخەوی؟" کورەش کە ناوی "یورگن" بوو لە بەینی لاقەکانی پیاوەکەوە سەیرێکی خۆرەی کرد کە خەریك بوو ئاوا دەبوو و وتی: "نا، ناخەوم، نیگابانی ئەدەم". پیاوەکە سەرێکی جولاند و پرسی: "ئاوا، کەوابوو ئەو داردەستەشت هەر بەو مەبەستە هەڵگرتوە؟"

"یورگن" زۆر جەسوورانە وتی: بەڵیٚ و بە توندی دارەکەی لە دەستیدا گوشی.

پیاوەکە پرسی: "بۆچی نیگابانی ئەدەی؟" کورەکە دارەکەی لە دەستیدا توندتر گرت و وتی: "ئیتر ناتوانم وەڵامی ئەوەت بدەمەوە".

پیاوەکە سەوەتەکەی لە سەر زەوی دانا و چەقۆکەی بە پانتۆڵەکەی خاوێن کردەوە و پرسی: چاوڕانی پوولٚ و مەقامێك، شتێك هەی؟ .

یورگن بە شێوەیەکی بیٚ بایەخانە وەڵامی دایەوە "پوولٚ، نەخێر"

– "کەوابوو لە پێناو چیدا".

– "وتم ناتوانم بیدرکێنم، بەڵام بزانە پوولٚ لە گۆڕیٚ دا نیە".

پیاوەکە وتی: زۆر باشە، ئێستا کە وای لێهات منیش بە تۆ ناڵێم ناو سەوەتەکەم چی تێدایە". ئەوەی وت و لە حاڵێکدا تەکانێکی سووکی لە سەوەتەکە دا، دەمی چەقۆکەی داخستەوە.

یورگن بیٚ سەرنج دان وتی: ئاهای! خۆم ئەزانم چی لە ناودایە، خۆراکی کەروێشك. پیاوەکە بە سەر سووڕماوییەوە وتی: "خێر بیٚ، چۆنت زانی؟ چ منالێکی چاوکراوەی تەمەنت چەندە؟"

-"9 ساڵ"

- "باشە، کەوابوو زانیاریت هەیە، سێ، نۆیی دەکاتە چەند؟"

یورگن وتی: "مەعلوومە" وە بۆ ئەوەی بتوانێ کەمێك بیر بکاتەوە درێژەی پێدا "مەعلوومە، ئەوە کارێکی نیە" لە بەینی لاقەکانی پیاوەکەوە سەیرێکی کرد و وتی: " وتت سێ، نۆیی دەکاتە چەند، ئەنجامەکەی بیست و حەوتە، وەك ئاو خواردنەوە وایە".

پیاوەکە وتی: ڕاستە ، منیش بەو ئەندازەیە کەروێشکم هەیە".

کورەکەش زۆری پێ سەیر بوو، دەربڕینێکی گومانییەوە وەڵامی دایەوە: "ئاخر من کە ناتوانم بێم، دەبێ نیگابانی بدەم".

پیاوەکە پرسی: یانی هەمیشە تەنانەت شەوانیش؟

یورگن لە سەرتاپای پیاوەکەی ڕوانی و چاوێکی لە ڕوخساری کرد و لە ژێر لێوییەوە وتی:"بەڵێ هەمیشە، بەردەوام، لە شەممەوە تائێستا".

-"یانی بۆ ماڵێ ناگەڕێیتەوە، ئەی کەوابوو لە کوێ نان دەخۆی؟"

کورە بەردێکی پانی هەڵدایەوە. لە ژێر بەردەکە لەتە نانێك و پاکەتێکی تێدا بوو، نیشانی پیاوەکەی دا.

پیاوەکە پرسی: سەیرە، سیگاریش ئەکێشی؟ کەوابوو "پیپ"یش ئەکێشی؟ یورگن بە خەجاڵەتییەوە وتی: سیگار بەڵێ، خۆشیشم لە پیپ نایە.

پیاوەکە داهاتەوە کە سەوەتەکەی هەڵبگرێ وتی:"بەداخەوە کە ناتوانی بێی، ئەگەر هاتبای کەروێشکەکانت ئەدی بەتایبەت بێچوەکانیان، یەکیانت بۆ خۆت هەڵبژاردبا"

یورگن بە حەسرەتەوە وەڵامی دایەوە "نانا، ناتوانم"

پیاوەکە سەوەتەکەی هەڵگرت و وتی: زۆر باشە، ئێستا کە ناتوانی، چمان لە دەست نایە، بەڵام بەراستی بەداخم"

گەڕایەوە کە بڕوات، یورگن بە خێرایی وتی



بەسەر سوورماوییەوە پرسی "بەڕاست بیست و نۆ دانە؟" بەڵێ ئەگەر پێت خوش بێ دەتوانی سەردان بکەیت بیانبینی، زۆربەیان چکۆلەن" یورگن بە

"ئەگەر لە لای کەس نەیدرکێنی پێتی ئەڵێم کە بۆچی نایەم، لە بەر مشکەکان". پیاوەکە هەنگاوێکی بەرە و پێشەوە هەڵگرت و پرسی "مشکەکان:؟

-"بەڵێ، ئاخر مشکەکان گۆشتی مردووەکان ئەخون، هەر ئەوە خۆراکیانە، خواردنی گۆشتی مردووەکان".

- "کێ ئەم قسەیەی کردوە؟"

-"موعەلیمەکەمان"

-"ئێستا تۆش هاتووی لێرە چاودێری مشکەکان بکەیت؟"

کورە وتی:"چاودێری مشکەکان، نانا". ئیتر بە دەنگێکی زۆر نەرم وتی "چاودێری براکەم دەکەم، براکەم لەو ژێرەدایە" وە بە داردەستەکەی ئیشارەی بۆ دیوارە داڕماوەکان و کاولە کۆنەکان کرد و وتی:"لە ناکاو ژێرزەمینەکە تاریك بوو. ئیتر ئەوم نەدیتەوە، زۆرم بانگ کرد، ئاخر زۆر لە من منداڵترە، تەنیا چوار ساڵی بوو، دەبێ لێرە ئاگام لێی بێ لە من منداڵترە".

پیاوەکە سەیرێکی سەروکاکۆڵی ئاڵۆزکاوی منداڵەکەی کرد و وتی: بزانم، موعەلیمەکەتان بە ئێوەی نەوتوە کە مشکەکان شەوانە ئەخەون؟"

یورگن کە ڕۆخسارێکی ماندووی پێوە دیار بوو وەڵامی دایەوە "نا، شتی ئاوای باس نەکردوە".

-"بەڕاست موعەلیمە،چۆن شتێکی ئەوتۆی باس نەکردوە، مەعلوومە شەوانە مشکەکان ئەخەون. تۆش شەوانە بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە لە ماڵێ بخەوە. مشکەکان شەوانە دەخەون و هەر کە هەوا تاریك بوو ئەچن ئەخەون."

یورگنی ساوا بە سەری نووکی داردەستەکەی چاڵ و قووڵکەی بچوکی لە زەوییەکە دەکرد ولە ژێر لێوییەوە زەمزەمەی دەکرد: دەبێ ئاواتەخواز بین، ئەوانە هەموو دوعای ئێمەن.

پیاوەکە بە خێرای ئەم بەراوبەرێکی بە لاقەکانی کرد و وتی : دەزانی چیە؟ من خێرا ئەڕۆم، خۆراکی کەروێشکەکان ئەبەمەوە و کە هەوا تاریك بوو دێمەوە بۆ لات. ڕەنگە یەکێك لە بێچوە کەروێشکەکانیش لەگەڵ خۆم بێنم، تۆ ئەڵێی چی؟ یورگن هەروا بە دارەکەی زەوی قوڵ دەکرد و بیری لە کەروێشکە سپی و خۆڵەمێشییەکان دەکردەوە، کەروێشکە بچووکە دوو ڕەنگەکان، لە ژێر لێوییەوە وتی:"نازانم."

پیاوەکە بە سەر وێرانەکەدا بەرەو جادە کەوتەرێ، منداڵەکە وتی: "بەڵێ موعەلیمەکەمان دەبێ دوکانەکەی بپێچێتەوە، عەجەب موعەلیمێك کە نازانێ شەوانە مشکەکان دەخەون"



ئیتر هەستایە سەر پێ و بە دەنگی بەرز بە پیاوەکەی وت: دەکرێ لەوانە کەروێشکێك بدەی بە من؟ یەکێك لە کەروێشکە سپییەکان."

پیاوەکە هەر وا بەدەم ڕۆیشتنەوە وتی: "هەوڵ ئەدەم. تۆ دەبێ ئێستاکانێ لێرە چاورێ بی. کاتێك گەرامەوە لەگەڵ تۆ دێم بۆ ماڵتان بۆ ئەوەی باوکت فێر بکەم بە چ شێوەیەك قەفەس بۆ کەروێشك دروست بکات"

یورگن هاواری کرد: باشە، سەبر دەگرم. هەتا هەوا تاریك نەبوو نیگابانی ئەدەم هەر وا سەبر دەگرم، ڕاستی ئێمە لە ماڵێ دار و تەختەشمان هەیە، لە سەندووقی داری" بەڵام ئیتر پیاوەکە گوێی لێ نەدەبوو. بەڵام بە لاقە خوار بوەکانیەوە بەرە و خۆر کە بە تەواوی سوور هەڵگەرا بوو، هەڵدەهات و سەوەتەکەشی پڕ لە سەوزەگیا و خۆراکی کەروێشکەکان بوو، بەم لاو بەولادا تلاوتلی دەخوارد.

***

# بیابان

ن: ناسر حەقپەرەست

لـــە درزی نێـــوان پـــەردە و لێـــواری دیـــواری پەنجەرەکەوە، تیشکێکی زەرد خەتی خستبووە سپیایی میچی ژورەکەی.

ئـەو کـە چـاوی بـە ڕوونـاکی زۆر وەڕەز بـوو دوای ماوەیەك جوڵـەجوڵ وەخەبـەر هـات، دوای باوێشـکدان و خۆکێشـانەوە لـە تەختەکـەی هاتـە خـوارێ. ویسـتی پەردەکـە بکێشـی. خـۆرێکی زەبـەلاح و کـەم ڕەنگـی لـە ئاسۆوە بەرچـاو کـەوت. لـە حاڵـەتی ئاسـایی خـۆی زۆر گەورەتر بوو...

ئەوەیکە بەلایەوە گرنگ بوو، دەسپێکردنی ڕۆژێکـی تـازە بـوو بـۆ دووپـات بوونـەوەی ڕۆژان، مـانگ و ساڵەکانی ڕابردووی.

تـەنیا شـتێك کـە لـەو کاتـەدا دەیتـوانی بـیری لـێ بکاتەوە گۆڕینی ئەو ژیانە بێ فەلسەفە و بەرهەمە بوو.

زۆر بـە بێـزاری و بـە تونـدی پـەردەی ژوورەکـەی کێشا، موبەریدەکەی خامۆش کرد، بەپەلە خۆی پێچاوە و ماڵـەوەی جـێ هێشـت، لـە کۆڵانەکـەیان ڕەد بـوو، بـە کۆتایی شەقام گەیشت و لە شار هاتە دەر...

یەکسەر، بیابان، گردی لمی، دڕك، تۆز و گەرمایەکی داهێزێنەر. خۆرێکی زەبەلاح و کەم نوور لە پشت سـەری و سـێبەرێکی درێـژ و ڕاسـت لـە بـەردەمی... زۆری ڕێ کرد و تا دەهات سێبەرەکەی کورت تر دەبۆوە.

لـە ناکـاو هاتـەوە یـادی کـە لـە کـاتی منـداڵی دا تەماشای فیلمێکی کرد بووکە تێیدا تەیارەیەك بە چەند سەر نشینەوە، لە یەکێك لە بیابانـەکانی ئـەفریقا کەوتـە خوارێ و لە گڵ چـەقی. بۆ ئـەوەی ڕێ دەرکـەن و دەوری بیابان لێ نەدەنەوە، چەپەوانەیەکیان خستەبەر خۆیانەوە و بە شوێنی دا ڕۆیشتن. چونکە ڕاستەکان پای چەپیان کورتترە و ئەگەر لە بیابان دا زۆر ڕێ بکەن، ڕەنگـە بتـوانن بازنەیـەکی گـەورە دروسـتکەن و هیچـی تر...

لـە دوورەوە گـردە چـکۆلانەکانی دەکـردە نیشـانە بـۆ ئەوەی ڕاست بڕوا. تا ئێوارە کە خـۆرە زەبەلاحەکـە سـور داگیرسا و لەو سەری بیابان لە لمەکان ڕۆچوو، هەر ڕێی کرد.

تـەواو مانـدوو ببـوو تـۆز و ئـارەق بـە روخسـاریەوە وشك ببۆوە نەیدەزانی چەند جار، بەڵام زیاتر لـە 4 جـار ئاویلکـەی دیبـوو، تروسـکەی دەراوی کانییـەك لـە دوورەوە، دارێکی سەوز لە کەناری...

دوای ڕاکردن و هەناسە بڕکێیەکی زۆریش کە سەری هەڵـدەبڕی، تـەنیا بیابـان، لم و تـەنیایی لـە زەینـی دا شکڵی دەگرت و دەهاتە بەر چاوی.

هـەروا کـە دەڕۆیشـت گەیشـتە چـەند کۆگـا گڵێکـی دەسکرد کە بە سەریانەوە چەند کوتە پەڕۆی کاڵەوە بوو و شیتاڵ شیتاڵ، بە دەم باوە دەشەکایەوە.

ڕوی کردە کۆگا گڵەکان و لێیان نزیك بۆوە، سوچـی چـەند دانەیـەکیانی کێشـا لـە پـاش کـەمێك دەرکێشـان دەپچـڕان. وەك ئـەوەی لـە ژێـر گڵەکەشـەوە دەسـتێك بیانکێشێت. هـەروا کـە بـە نـاو ئـەو گـردە چـکۆلانە دا تێدەپـەڕی چـاوی بـە ئێسـقانی چـەند پەنجـە دەسـتێك کـەوت کـە تـا مەچـەك بـە دەرەوە بـوون. ئەنگوسـتیلەی جوان و شلەوە بووی نێوان قامکەکان سەرنجی ڕاکێشاو بەرەو لایان چوو...

زۆر بە ئارامی دەچووە پێشێ و ئاڵقەکانی دەردێنا، وەك ئـەوەی، نـەبا وەخەبـەر بـێن و مسـتیان بقوچـێنن. زیاتر لە 7 ئەڵقەی کۆ کردبۆوە. یـەکێك لـەو ئەڵقانـە تـا

رادەیەک سەرنجی راکێشا، بێ ئەوەی بیهەوێ ئەوانەی تری لە دەست داکەوتن و تا توانی ئەو ئەڵقەیەی لە چاوی نزیک کردەوە.

هەر ئەوەندە ئاشنا بوو کە باوەڕی نەدەکرد. لە دڵی خۆی دا دەیگوت: بڵێی ئەو کەسەی ژێر خۆڵەکەش هەر ئەو ڕەسمە بێ کە دایکم چەند جارێک بە دزی زڕباوکمەوە نیشانی داوم...

ڕووناکی ئاسمان وردە وردە بەرەو لێڵی و تاریکی دەچوو. قەت ئەوەندە هەستی بە غەریبی و بێ دەسەڵاتی نەکردبوو. ئەسڵەن پێی وانەبوو دونیایەکی غەریبتر و نامۆتر لەو دونیایە هەیە کە لێی ڕای کردبوو...



ئەڵقەکەی نایە گیرفانی، بە ئارامی ئاوڕێکی لە گۆڕەکان دایەوە و ڕۆیشت. لە درەنگانی ئێوارە دا زۆر بە زەحمەت توانی خۆی لە ناو یەکێک لەو گردە لمیانە دەرکێشێتەوە کە تازە با دروستی کردبوو. ئەوەندەی تریش هیلاک بوو...

ئێستا لە دوورەوە شتێکی کەمێک بۆرتر لە خۆڵەکە دەجولاوە... بۆنی بە بن پنجە دڕکەکانەوە دەکرد و جارجارێکیش قەلەمبازێکی کۆمێدی دەدا. بۆی ببوو بە فریشتەی نەجات. نەکا ونی بکات چاوی نەدەتروکاند.هەرواکە لێی نزیک بۆوە بۆی دەرکەوت کە ڕێوییە.

– دەی حەتمەن ئەو فێڵبازە شوێنێک بۆ نان و ئاوی خۆی هەر شک دەبا...

ڕێوییەکە کە دیتی هێندێکی قووتە قوت کرد و بە ئاستەم سڵی لێ بەرد، سەری داخست و درێژەی بە ملۆمۆکەی خۆی دا...وا دیار بوو لە بێدەسەڵاتی ئەو غەریبەیە تێگەیشتبوو.

بە دڵخۆشیەکی زۆرەوە بە شوێن ڕێوییەکەدا کەوتە ڕێ، لە بەیانیەوە هێندە بە سەر ئەو گردە لمیانە دا سەرکەوتبوو و هاتبووە خوارێ ئەژنۆی ژانی دەکرد.

لە تەواوی ماوەی ڕێکردنەکەی دا، هەمیشە پێی وابوو کەمتر لەو ڕێیەی پشت سەری ماوە لە بەر دەمێتی. هەرگیز بیری لە گەڕانەوە نەکرد بۆوە، بەلام لە هەر هەنگاوێکی دا زیاتر گومانی لە بەردەم خۆی دەکرد...

دوور و نزیک بە شوێن ڕێوییەکە دا ڕێی دەکرد، ببوو بە شەو تا دەهات مانگ پڕ ڕەنگتر دەبوو، سیمای بیابان لە ژێر شۆقی مانگ دا تەواو گۆڕا بوو، جار نا جارێکیش شنە بایەکی فێنک خۆی لە روخساری دەسوو.

خۆڵی ناو پێڵاوەکانی لە گەڵ ئارەقەی لاقی دا تەواو ببووە قور، قەیتانەکانی کردەوە و پێڵاوەکانی جێ هێشت. دوای ماوەیەک پانتاییەکی پڕ لە دڕکی زەردی لە بەر دەم خۆی دا دیت، بیری لێرە نەکرد بۆوە. ڕێوییەکە هەروا بە قەڵەمباز بە ناو دڕکەکاندا گوزەری دەکرد. بێ ئەوەیکە بتوانێ، وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە بدۆزێتەوە: ئەو ڕێوییە بۆ کوێ دەچێ؟ ناچار بە شوێنی دا ملی ڕێی گرت. تا ڕێیان دەکرد، پتر لە ناو دڕک و گژ و گیادا ون دەبوون... لە دورەوە قیرەی بۆق دەهات. وەک ئەوەی دەوری ئەستێرێکیان دابێ.

مانگە شەو لە سەر سەری بوو، چەند سەعاتێک لە شەو تێپەر ببوو. قیرەی بۆقەکان تەواو ئارامی پێ بەخشیبوو.

مۆبایلەکەی دەرهێنا، زیاتر لە 10 sms ی بۆ هاتبوو و چەند جار زەنگیان بۆ لێدا بوو... لە بێ شەبەکەیی مۆبایلەکەی تەنیا دەوری سەعاتی دەبینی: یەك و 15 خولەك.

لە نێو گژ و گیا بەرزەکاندا ڕێوییەکەی لێ ونبوو. ئەمجارەیان کەوتە شوێن دەنگی بۆقەکان، تا نزیك تر دەبۆوە هەستی بە فێنکاییەکی زیاتر دەکرد.

دەورانی منداڵی خۆی هاتبۆوە یاد، پەتێکی دەکردە ملی بۆقێکەوە یان مارمێلکەیەکی بە شوێن خۆی دا کێش دەکرد. لە بەر خۆیەوە پێکەنینی بەو دونیا پێچەوانەیەی ئێستا دەهات.

دوای ماوەیەك بە قامیشەڵانێکی تەنك و بەرز گەیشت. دەنگی بۆقەکان لە ناو قامیشەکانەوە دەهات، قامیشەکانی لادەداو خۆی لە بۆقەکان نزیکتر دەکردەوە.

لە زۆر شوێن پێی وابوو جێ پێکانی خاوە یا تەڕە، بەڵام هێشتاش هیچ دیار نەبوو. قامیشەڵانەکە چڕتر دەبۆوە. ئیتر دەنگی بۆقەکان ئەوەندە زۆر و بڵاو بوو نەیدەزانی شوێن کامیان بکەوێ.

هەنگاو بە هەنگاو پێیەکانی پتر قوڕاوی دەبوون، خۆی لەوە خۆش کردبوو هەر ئێستا بگاتە ڕۆخی ڕوبارەکە.

ئەوەندە لە ناکاو هەر دوو پێیەکانی تا ئەژنۆ ڕۆ چوونە ناو لیتەوە، خۆشی باوەری نەدەکرد. سەر تا پێی وا بوو دەبێ لێی ڕەد بێ، بەڵام تا هەنگاوی دەنا زیاتر تێ دەچەقی. ئەوە یەکەم جار بوو کە دەیویست بگەڕێتەوە... ئیتر درەنگ بوو.

کاتێك زانی کەوتۆتە باتلاقەوە، بۆ ماوەیەکی کورت بێ ئەوەی بتوانێ بیر لە ڕزگار بوون بکاتەوە چاوی بڕیبووە مانگ کە گەیشتبووە ئەو سەری ئاسمان.

تا ناو قەدی لە قوڕ چەقیبوو. نەیدەزانی چۆن خۆی بۆ مەرگ ئامادە بکا. لە دڵی خۆی دا دەیگوت: بەشکم ئەمەشیان هەر خەو بێ... تەواوی ژیانی وەك فیلمێکی سەریع بە بەر چاوی دا دەهات و دەچوو:

سەردەمی منداڵی لە ئاواییەکەی ماڵی خاڵی، پۆلی قوتابخانە و ڕقی لە ناوی سیانی خۆی، چەند جارێك کە دایکی بە دزێوە ئەڵقەیەك و ڕەسمی باوکی نیشان دا، ئاخرین دیداری خۆشەویستەکەی لە نەخۆشخانە ئەویش بە سوتاوی و نیوە گیانی...

ئێستا تا ژێر چەنەی لە باتلاقەکە چەقیبوو. پێی خۆش بوو بزانێ سەعات چەندە، کاتێك وەبیری هاتەوە مۆبایلەکەی لە گیرفانی شەڵوارەکەی دایە، پەشیمان بۆوە. نەیدەویست دەستەکانی زوتر لەوەی کە دەبێ، قوڕاوی بێ.

بە ئارامی گوێی بۆ دەنگی سیسرکێك شل کردبوو، تەنیا شتێك کە دەیتوانی بیڵێ:( خۆزگەم بە خۆت) بوو.

تا کات تێدەپەڕی زیاتر خۆی بۆ مەرگ ئامادە دەکرد. بۆ جارێکی تریش چاوی لە مانگ کردوو بە دەستەکانی توند چاوەکانی خۆی گرت.

ڕەنگە دەیویست لەم جیهانە پان و بەرینە بیرەوەرییەکی جوانیش لەگەڵ خۆی دا بەرێتە تاریکستانی ئەو زەلکاوەوە. خەریك بوو دوایین هەناسەکانی هەڵدەکێشا، کەمێك قوڕ چووبووە ناو دەستیەوە نەیدەزانی چۆنی بکاتە دەرەوە... هەستی بە ئازارێکی زۆر و نامۆ دەکرد، ئیتر گەورەترین ئارەزوی ببووە زووتر مردن.

لە ناکاو کە خەبەری بۆوە، هەستی بە قورساییەکی زۆر دەکرد. لە بەر بێ کارەبایی موبریدەکە کاری نەدەکرد و جلەکانی لە ناو ئارەق دا خوسا بوون. دەستی چەپی ئەوەندە لە ژێرخۆی دا نوشتابۆوە، سڕ ببوو. لە تەختەکەی هاتە خوارێ و یەکسەر ڕووی کردە پەنجەرەکە و پەردەی لادا. مانگ بە سەر شارەوە لەنگەری گرتبوو، شەقامێکی چۆڵ و ڕوناك، نیوە شەوێکی بێ دەنگ و ئارام بوو.

زۆری پێ خۆش بوو لە ماڵەوە دەرکەوێ و بە پیاسەوە تا بەرامبەر پەنجەرەی ئەو ژورەی کەوا خۆشەویستەکەی تێیدا بەستەرییە، بچێ. بەڵام هەرچییەکی دەکرد لەبەر وەخەبەر هاتنی زڕ باوکی بە جیرەی دەرگاکان نەیدەوێرا ژورەکەی خۆی جێ بهێڵێ. نەشیدەوێرا بخەوێتەوە، نەوەك دیسانەوەش خەونێکی تر بەرۆکی پێ بگرێ یا ئەو خەونەی بە کۆتایی خۆی بگات.

***

## چەند کورتە چیرۆکێك بۆمناڵان

و: شۆرش محەمەدی

# سێرە

ن: لیئۆناردۆ داوینچی

سێرە بەو کرمەوە کە بە دندوکی گرتبووی گەڕایەوە بۆ هێلانەکەی،بەڵام لە ناو هێلانەدا چاوی بە جوجکەکانی نەکەوت. ئایا لەو سەرەوە کەوتبوونە خوارەوە؟ نا. لە نەبوونی ئەودا کەسێك ئەوانی هەڵگرتبوو. سێرە دەستی بە گەڕان کرد و بەردەوام بە خۆی دەگوت" بێ گومان توانیویانە هەڵفڕن، هەڵفڕیون و دواتریش ون بوون". بەڵام هیچ دەنگێك لە دارستانەوە نەدەهات، هیچ کەسیش وەڵامی ئەوی نەدایەوە.

شەو و ڕۆژ لەم دارەوە بۆ سەر ئەو دارەکە دەفڕی. نەدەخەوت و نەشتێکیشی دەخوارد. گیاوگژو تەنانەت هێلانەی باقی باڵندەکانیش دەگەڕا، تا ئەوەی کە رۆژێك چۆلەکەیەك دەنگی هاوارەکانی ئەوی بیست و وتی:" پێموابێ لە ماڵی گوند نشینێك دا جوجکەکانتم دیوە". سێرە بە هیوایەکی یەکجار زۆر و بە هێزێکی زیاترەوە هەڵفڕی و بەرەو ماڵی گوند نیشینەکە ڕۆیشت. لە سەربان هەڵنیشت، لە هیچ باڵندەیەك خەبەرێك نەبوو. بەرەو حەوشە چوو، ئەوێش هەر خاڵی بوو. بەڵام کاتێك سەری هەڵێنا، لە ژێر پەنجەرەیەك قەفەسێکی بینی کە بە دیوارەوە هەڵیان واسیبوو جوجکەکانی لەودا بە یەخسیری دیت. جوجکەکانیش کە خۆیان بە میلەکانی قەفەسەکەوە چەسپاندبوو، ئەویان دی و داوایان لێکرد لە قەفەسەکە رزگاریان بکات. سێرە بە چنگ و دندووکی هەوڵی دا میلەکانی لاببات، بەڵام لەو کارەدا سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا و بە ناراحەتی و گریانەوە ئەو شوێنەی بە جێ هێشت. بۆ سبەینێکەشی سێرە سەر لە نوێ گەڕایەوە بۆ تەنیشت قەفەسەکە، دووبارە چاوی لە جوجکەکانی کردوو بە دندووکی لە نێوان میلەکانەوە گیایەکی پێدان تا بیجون. گیایەکە گیایەکی ژەهراوی بە ناوی "فرفیون" بوو، جوجکەکانی بە هۆی ژەهری ئەو گیایەوە مردن.

دروشمی سێرە ئەوە بوو:

یان به ئازادی ژیان به سەر بردن یان مردن

***



# "ڕیش"

ن: زەکەریا تامر

پێشەکی:

زەکەریا تامر یەکێك لە نوسەرانی لاوی وڵاتی سوریەیە کە لە ڕێگای خۆراهێنانەوە دەستی داوەتە خوێندن و پەروەردە کردنی توانایی یە درەوشاوەکانی، و خوێندنێکی رەسمی ئەو تۆی نەبووە. چەندین ساڵ شاگردی قفڵ سازی بووە و ئەم جارە دەستی بە نووسینە کردوە.

چەندین کۆمەڵە چیرۆکی کورتی چاپ کراوە ئەویش ناوبانگێکی گەورەی بۆ ئەو دەستەبەر کردوە. تامر وەك یەکێك لە لێهاتوترین ئەندامانی شەپۆلی نوێی چیرۆك نووسین لە ئەدەبیاتی عەرەب دا دێتە ئەژمار. لە هەندێ لە سەر گوزەشتەکانی ئەو دا ئاماژە گەلێك لە سەر روداوە مێژوویی‌یەکان دەبیندرێ کە رەنگدانەوەیەکی نەمادین و کاریگەری لە سەر ئەو مەسەلانە هەبووە. داستانی کورتی ریش ناوە رۆکێکی بەم شێوەیەی هەیە و ماوەی 37 ساڵ لەمەوبەر نووسراوە.

* * * *

مەلەکان لە ئاسمان دور کەوتنەوە. منداڵەکان دەستیان لە کایە کردنی ناو کۆڵان هەڵگرت. جریوە جریوی مەلەکان ناو قەفەس بوو بە قولپێکی هێواش و لەرزانی گریان. وردە وردە لە داروخانەکان لۆکەی پزشکی وەگیر نەدەکەوت. ئاغایان، سوپای تەیموری لەنگ گەیشتونەتە ئێرە.(1) گەماروی شارەکەی ئێمەیان داوە. بەڵام خۆر هیچ شلوێ نەببوو، هەموو رۆژێ بەیانیان دەدرەوشایەوە.

سیمامان هیچ تێکنەچوو. ئێمە،پیاوانی شار، بە بێ دڵەڕاوکێ قاقا پێکەنین و شوکری خودامان کرد کە ریشی داوە بە ئێمە و ئێمەی بێ ریش نەخوڵقاندوە.

کۆبونەوەیەکەمان سازدا تا سەبارەت بە ڕێگاکان و ئامرازەاکانی ڕزگاری خۆمان قسە و باس بکەین. یەکەمین کەس کە قسەی کرد لاوێکی دلێر بوو. کارەکەی فرۆشتنی جل و بەرگی ژنان بوو. ئەو بە شور و شەوقێکی زۆرەوە و بە دەنگێکی بەرز وتی:"باشەڕ بکەین" دەست بەجێ چاولێکردنە گاڵتە جارانەکەی هەموان بەرەو لای ئەو ڕاکێشرا، ئەویش بێ دەنگی هەڵبژارد و ناو چاوانی سوور هەڵگەڕا. ئەو کات پیاوێك کە خاوەنی درێژترین ریشی شاری ئێمە بوو هەستا بە حاڵەتێکی جیدییەوە وتی:

"تەنیا ئەو کەسانەی کە بوونیان نیە دەبێ شەڕ بکەن، تا ئەو جێیەی کە هەڵدەگەڕێتەوە سەر ئێمە، سوپاس بۆ خوا کە هەموان ریشمان هەیە کە وابوو بوونمان هەیە."

دەست بە جێ دەنگی ئافەرین وتنەکان بڵاو بۆوە، و دوای قسە و باسێکی کورت بڕیاردرا کە لێژنەیەکی نوێنەرایەتی دیاری بکرێ و لە گەڵ تەیموری لەنگ دانیشتنیان هەبێت.

(1) تەیموری لەنگ لە ساڵی 51_ 1450 زایینی دا هێرشی کردە سەر وڵاتی سوریا و دەمێشقی داگیر کرد._

سەرۆکی لێژنەی نوێنەرایەتی پیرە پیاوێکی پەککەوتە بوو کە ئەگەر بە پێوە ڕادەوەستا ڕیشی دەگەیشتە ئەژنۆکانی.

شاری ئێمە 7 دەروازەی هەیە. لێژنەی نوێنەرایەتی بە ئاڵایەکی سپییەوە لە یەکێك لە دەروازەکانەوە چوونە دەرەوە. ئەوان بە نێو سەربازانێك کە ژمارەیان زیاتر لە کوللە و ئەستێرەکان بوو تێپەڕ بوون. سەربازەکان خەریکی کوشتنی ئەسپێی سەر جل و بەگەرکانیان بوون و شمشێرەکانیان لەبەر خۆرە تاو دانابوو تا خوێن و قەوزەکەی کە پێیانەوە نووسابوو ویشك ببێتەوە.

لێژنەی نوێنەرایەتی زۆر هەستیارانە و بەشەوکەتەوە بەرەو خێوەتەکانی تەیموری لەنگ چوون روون بۆوە کە تەیموری لەنگ لاوێکە بە چاو گەلێکی منداڵانەوە و نیگایەکی وەك نیگای پیاوە پیرەکان.

سەرۆکی لێژنەی نوێنەرایەتی: ئێمە خوازیاری ئاشتین. شاری ئێمە بە بێ شەڕ کردن لە خزمەت ئێوە دایە. بەڵام ئەو شارە چکۆلە و هەژارە زێر و نەوتی نیە. ژنەکانی ئێمە زۆر لە بزن دەچن و ئێمە خۆشحاڵ دەبین کە لە دەستیان رزگار بین.

تەیموری لەنگ: من لە خوێن رشتن بێزارم و هیچ پێویستیەکیشم بە زێڕ یان ژنی جوان نیە، بەڵام ئاگادار کراوم کە ریش تاشەکانی شاری ئێوە برسین، لەبەر ئەوەی کە ئێوە زۆر شێلگیرانە خەریکی درێژ کردنی ریشەکانتانن. ئەم کارە بە سەرنج دان بە ئەوەی کەمن ژیانی خۆم بە یارمەتی دان بە زوڵم لێکراوان و چەوساوەکان و پەرەپێدانی عەداڵەت لە سەرانسەری دونیا تەرخان کردووە بێ عەداڵەتیەکی گەورەیە. نابێ ئیزن بدەین هیچ مرۆڤێك لە برسان بمرێت. ئەندامانی لێژنەی نوێنەرایەتی سەریان سوڕ مابوو، و چاوێکی سەیریان لە یەکتری کرد.

تەیموری لەنگ: سوپاکەی من تا ئەو کاتەی ئێوە ریشەکانتان نەتاشن و کاتێك کە کار و کاسپی ریش تاشەکانتان پەرە نەستێنێ لە شاری ئێوە ناچنە دەرەوە.

سەرۆکی لێژنەی نوێنەرایەتی: ئەو شتەی کە ئێوە دەتانهەوێ زۆر گرینگە. پێویست بەوە دەکات پێش ئەوەی کە وڵامی کۆتایی مان ئاراستەی ئێوە بکەین بۆ شار بگەڕێینەوە.

تەیموری لەنگ: هەڵبژاردن بە دەست خۆتانە: یان ریشەکانتان بتاشن یان بمرن! بێ دەنگی زاڵ بوو ترسێك کەوتە گیانی ئەندامانی لێژنەی نوێنەرایەتییەوە. لەو کاتە دا ژیان زۆر پڕ بایەخ دەینواند. ئاسمان رەنگی شینی توندی بوو، وە گوڵە سوورەکان زۆر دڵنشین تر لە ناڵەی دەردمەندی عاشقان بوو. یەکەمین گریانی منداڵان چیمەنی سەوزی لە خوێنی مرۆڤدا پەروەردە دەکرد و زاری پڕ لە دەنگی ژنان هەر وەك مانگ بە خەتێکی زیو لە دەوروبەری ئێوارەی دەکوشت. لێژنەی نوێنەرایەتی هێنایانە بەر چاوی خۆیان کە لە بەرامبەر ئاوێنە دا راوەستاون و لە دەم و چاوی خۆیان رامان و بێزاری و ناڕەزایەتی تەواوی لەشیانی داگرتووە. ئەو کات مردن هەر وەك ماسییەکی سور خۆی نواند کە لە ژێر تیشکی خۆر دا ئەدرەوشایەوە. سەرۆکی لێژنەی نوێنەرایەتی کە دەیزانی خەڵکی شاری ئێمە بە دڵ ئاوەڵەییەکی زۆرەوە چاوەڕوانی قسەکانی ئەوانن بە هێمنییەوە وتی:" شاری ئێمە سبەینێ سەبارەت بە داهاتووی خۆیان بڕیار دەدات."

کاتێك کە لێژنەی نوێنەرایەتی گەڕایەوە بۆ شار و قسەکانی تەیموری لەنگیان بۆ ئێمە دوپات کردەوە توڕەیییەك لە نێو هەموان دا پەنگی خوارد و یەکێك لە ئێمە بە دەنگێکی بەرزەوە وتی:" چ بایەخێکی هەیە کە ئێمە زیندوو بمێنینەوە بەڵام ریشەکانمان لەدەست بدەین؟"

ڕۆژی دواتر سوپاکەی تەیموری لەنگ هێرشیان هێنایە سەر شاری ئێمە، دیوارەکانیان لەگەڵ زەوی هاو ڕەنگ کرد، دەروازەکانیان روخاند و پیاوانی شاریان تا دواین کەس کوشت. بەم جۆرە تەیموری لەنگ توانی بەدڵ ڕەقییەوە لە کێوێك لەسەری پیاوانی شار ڕابمێنێ. سیماکانی ئەوان زەرد و خوێناوی بوو، بەڵام بزەیەکیان لە سەر لێو بوو سەر بەرز لەوەی کە هێشتا خاوەنی ریشی خۆیان بوون. وتراوە کە ئەوان لە ڕۆژ ڕەشی و چەرمەسەریش دا ناوچاوانیان تێك نەناوە تا ئەوەی کە تەیموری لەنگ ئەمری بە ریش تاشەکان کرد ریشەکانیان بۆ بتاشێ. بەم جۆرە ئاغایان ، ئێمە شکستمان خوارد و کەسیش کوڕی ماتەمینی بۆ نەگرتین، ڕۆژ ڕەشییەك داوێنی گرتینەوە کە بە هیچ تۆڵە سەندنەوەیەك ناتوانین پاکی بکەینەوە.

***





# تۆڕ

ن: لیئۆناردۆ داوینچی

ئەو رۆژەش کاتێک تۆڕ لە چۆمی گەڕایەوە وەک هەمیشە پڕ بوو لە ماسی. ماسی ریش دار، ماسی قەنات، مارماسی، ماسی زەلکاو، ماسی سپی و مارماسی ناو دەریا. هەموویان رۆیشتن تا سەوتەی ماسیگرەکان پڕ بکەن. لە خوارەوە و لە ژێر ئاوی چۆمی ئەو ماسیانەی کە زیندوو مابوونەوە، توڕە بوون، بەڵام لە ترسان جوڵەیان لێ بڕابوو.

تەواوی ماسیەکانی بنەماڵەیەک ڕەوانەی بازاڕ کرابوون و گروپگەلێکی زۆر لە ماسییە هاورەگەزەکان لە تۆڕدا گرفتار ببوون تا لە تاوەیەکی پڕ لە ڕۆنی گەرم دا ژیانیان کۆتایی پێ بێنن. دەبوایە کارێکیان کردبا، بەڵام چ کارێک؟ چەند ماسییەکی لاوی چۆمی، لە پشت بەردێک خۆیان حەشاردا و سەر قاڵی ڕاوێژ کردن لە گەڵ یەکتر بوون. ئەوان وتیان کە ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندی بە مان و نەمانی ئێمەوە هەیە. هەموو ڕۆژێ ئەم تۆڕە ئەخەنە ناو ئاو و هەموو جارێکیش بۆ شوێن ون کردن دەیبەن بۆ شوێنێکی تر، ئیتر خەریکە چۆمەکە لە ماسی خاڵی دەکات و تا دوایین ماسی راو نەکات دەستبەردار نابێت. منداڵەکانی ئێمە مافی ژیانیان هەیە و ئەگەر ئێمە نامانهەوێ کە بمرین دەبێ کارێک بکەین تا لەو بەڵایە ڕزگارمان بێت. لەو کاتەدا ماسییەکی زەلکاو کە تازە گەیشبوویە وتی: جا دەتوانین چی بکەین؟ ماسییەکانی چۆمەی پێکەوە وەڵامیان دایەوە کە: دەبێ تۆڕەکە لە ناو ببەین.

لە لایەن مارماسیەکی توند ڕەوەوە هەواڵی ئەوبڕیارە قارەمانانەیان گەیاندە هەموو ماسیەکان و ئەوانیان بانگهێشت کرد کە سبەینێ بەیانی لەو زۆنگەدا کە دارییە گەورەکان دەوروبەریان تەنیبوو، کۆببنەوە. سبەینێ بەیانی هەزاران ماسی بە قەبارە و تەمەنی جیاواز لە دەوری یەک کۆبوونەوە تا لە دژی تۆڕ بەرەی شەڕ ڕابگەیەنن.

ماسیەکی قەنات زۆر فێڵباز بوو تا ئەوکات 2 جار گرفتاری تانوپۆی تۆڕ ببوو و هەر 2 جارەکەش خۆی دەرباز کردبوو ، سەرۆکایەتی گروپەکەی وەئەستۆ گرت و بوو بە ڕێبەری عەمەلیاتەکە. ماسی قەنات وتی:" باش ئاگاتان لێبێت، پانتایی تۆڕەکە بە قەدەر چۆمەکەیەوەهەر گرێیەکیش لە ناو تۆڕەکەوە بەستراوە و هەر گرێیەکیش لەتێک سوربیان پێوە بەستووە تا ئەو بکێشێتە قوڵایی ئاوەکەوە.

دەبێ بەسەر 2 گروپ دا دابەش بن: گروپێکتان سوربەکان هەڵدەگرن و تا سەر ئاوەکەی دێنن و گروپەکەی ترتان گرێ دەرەکیەکان دەکەنەوە. مارماسیەکانیش بە ددانیان ئەو تەنافانەی کە تۆڕەکەیان بە هەر دووکسەری چۆکەوە پەیوەند داوە، ئەپچڕێنن و مارماسییەکانی ناو دەریاش ئەچن تا بزانن کە تۆڕەکان لەکام شوێن خراونەتە ناو ئاو."مارماسییەکانی ناودەریا ڕۆیشتن و ئەوانی تر بە سەر 2 گروپدا دابەش بوون و بە درێژای نشێوی چۆمەکە بڵاو بوونەوە. ماسییەکانی چۆمی بۆ ئەو کەسانەی کە ورەیان کەم بوو کۆتایی دڵتەزێنی ژیانی هاورێکانیان وەبیر دەهێنایەوە تا ئەوانیش ورەی هاوکاری کردن لە گەڵ ئەوانەی تر بەدەست بێنن.

ماسی سپی و پیری قەنات ئەوانی هان دەدا کە هەوڵ بدەن نەکەونە داوی تۆڕەکەوە. لە بەر ئەوەی کە ئیتر هیچ کەس ناتوانێ لە کەنارەکانەوە تۆڕ بخاتە ژێر چۆمەکەوە. مارماسیەکانی ناو دەریا لە مەئموریەتەکەی خۆیان گەڕانەوە. تۆڕەکە لە هەزار مەتری ئەوانەوە خرا بۆ ناوئاو . ئەرێ، کە ئەو کات ماسییەکان سەر لە نوێ کۆبوونەوە، ئاپۆرەیەکی گەورەیان پێکهێنا و هەموویان وەشوێن ماسی سپی و پیری قەنات کەوتن. ماسی سپی قەنات وتی: ئاگاتان لێ بێ، جەریانی ئاو ڕەنگە ئێوە بخاتە ناو تۆڕەکەوە، بۆ ئەوەی کە جەریانەکە ئێوە نەکێشێ، باڵە چکۆلەکانتان بجولێنن!

لە سێبەری روونی ژێر ئاودا، تۆڕەکە لە دەرەوە خۆی نواند. بە دیتنی تۆڕەکە توڕەیی ماسیەکان زیاتر بوو هێرشیان دەست پێکرد و ئەو تەنافانەیان کە تۆڕەکەیان بە هەر 2 جەمسەری چۆمەکەوە پەیوەند دابوو پچڕاند و( تۆڕەکەیان لە ژێر ئاوی چۆمەوە هێنایە سەر) گرێ کانیشیان کردەوە. ماسیە توڕەکان بە بێ هەست بە ماندویەتی کردن کاریان دەکرد و هەر کامەیان لایەکی تۆڕەکەیان دەکێشا ئەوەندە کارەکەیان بەباشی بەڕێوەبرد کە بە هۆی هێرشەکەیانەوە تۆڕەکە لێک هەڵوەشاو ئەوان ئازادیەکەیان بە خەبات بەدەست هێنا .

ئەو دەرسەی کە ماسی گر لە ماسیەکان فێر بوو ئەوە بوو،

یەکێتی پێک هێنەری هێزە...

***

# چەند شیعرێکی بیانی

و: م. تەرەغە

سەر چاوە سایتی رووناهی

## شەهیدان

خورە کاستلان(شاعیری کراواتی)

هاورێیانی شەهید
ئەوانەی کە لەئێمەدا دەژین،ئەوانەی کەدڵمان
بەوانەوەبەندە
ئەوانەی کەوەك گوڵ لەگوڵزارا دەڕوێن.
هاورێیانی دلۆڤانم،ئەی ئێوە کە لێواولێوی سرودن
هاورێیانی گیان بەختکردووم،نەمردوون،ئەوان وزەی
زیندووبوونمانن
هەمووجارێ،لەکۆڕی هاورێیان دا،لەکۆڵانی کرێکاران
دا،لەکارگە ولەسپێدەی بەرەبەیان دا
یەك بەیەك دەر دەکەون ورادەبوورن.

## سرودی سەردەمی نوێ

میگچنی(1911–1938)شاعیری ئاڵبانی

ئێمەلاوانی سەردەمی نوێ
دەستی یەك دەگرین وبەرەوئامانج رێ دەپێوین
رێگە تەواو،رێگە تەواو بووە.
لەخەبات داین ئێستائێمە،ئازادی یە،ئاڵای دڵمان
ئێمە لاوانی سەردەمی نوێ
پەروەردەی ئەم خاك و زێدە
پەروەردەی دەرد وئێش وئازار
رەنج دیتووی سوکایەتی و بەکەم زانین
تازەئیتر راپەڕیوین،کۆت و زنجیر ودەم بەستن زاتیان
نەماوە
ئێمە لاوانی سەردەمی نوێ
زادەی ئێش و مێحنەت
ئارمانی گەل خوازی–مرۆڤایەتیمان لەدڵ دایە
مەزنتر لەیاسای رابردووەکانمان
لەپانتای گێرەوکێشەی خوێناوی ئەم جیهانە
سەرکەوتن هی بەش خوراوان و هەژارانە
سەرکەوتن لەوپەڕی شۆڕوشەوقی ودەسهەڵات دا
ئازادی ئەندێشە ورادەربڕین–یش بۆهەمووان.
ئێمە لاوانی سەردەمی نوێ
حازرین بۆخەباتی رزگاری
لەپێناو ئازادی دا
گیانی شیرین دەبەخشین.

***

## بانگەواز

تسوتی وان(شاعیری چینی)

وەرن با ئاگرێکی نەکوژاوە هەڵکەین
لەدڵی شەوی ئەنگوستە چاودا
چونکە پەڕەسێلکەکان خوویان گرتووە
بەئاسمانی شینی شەوانی رەشەمەوە
هەنگەکانیش راهاتون
دەگەڵ باغی گوڵ و شکۆفە کردوی ئاڵ وباڵوو.

***

## گوڵی سوور

(؟)

لەئاستانەی پشکۆتنی گوڵێکی سووردا
لەرۆژانی خەزان گرتووی وەرزەکان دا
لەبێ گەڵایی گوڵان وتەنیامانەوەی گوڵی سوور دا
بیر لەچی دەکەیەوە؟
لەمڕۆ تا سبەینێکی تر
مەودا هەیە.
لەهۆرامانی رۆژەوە تا پشکۆتنی گوڵێکی سوور
مەودا هەیە.
دەکرێ
لەنێوان دوو رۆژ دا
توی گوڵی سوور بچێنین
دەکرێ چاوی زستان ببستین
لەئاستانەی پشکۆتنی گوڵی سووردا.

***

# "تۆرانی زەردەخەنە"

پێشکەشە بە یادی کرێکاری پێشمەرگە، هاوڕێ فەرزاد میلادپور، کە ڕۆژی 2007/9/4 لە شاری سلێمانی تەزووری کارەبا لێیدا و بە هۆیەوە گیانی بەخت کرد.

ن: سەعید ئەمانی

کەسێك نەهات
دوای کۆچی نابەوەختی تۆ
پێکەنین ژیر بکاتەوە.

کەسێك نەهات
دوای تۆرانی
لە لێوی تۆ
زەردەخەنە ئاشت کاتەوە.

کەسێك نەهات
پشتی چەماوەی دار تێلێك
ڕاست کاتەوە
ئەو کاتەی وا
هەگبەی خەمی لە دەستچوونی
بێوادەی تۆ
دایهێنابوو.
تەزووی کارەبای تێلەکان
ڕەوانەی مالآن کاتەوە
لە وەختێکا
بە دیار لاشەی نیوە گیانی
کرێکارێکی کە تۆ بی و
ئاشنایەکی دێرینەوە
ماتەمبارانە
دامابوو.

چون بە گشتی
ناباوەڕانە تاسا بوون
لە خەونیشا هەوالآنت
تاوڵی خەمی بیستنی ئەم هەواڵەیان
لە زەیندا هەڵنەدابوو.

* * *

دەریا ئاسا
دەربیجەی زەینی ساماڵت
چاوەکانت،
جمەی دەهات
لە ژیان دۆستی و
هیوای شیرین بە داهاتوو
بۆیە نەمدی
بۆ ساتێکیش
گەردی خەمی
ناهۆمێدیت لە ڕوو نیشتوو.

* * *

کەسێك ویستی
حیکایەتی
شەونخونی و
کاری وشیاری دەرانەی،
کەسێك ویستی
کۆی سەر بوردەی
تێکۆشانی شێلگیرانە و
پیشمەرگانەی
وەك نەقیمێك
بخاتە سەر
کلکەوانەی ژیانێکی
سەربەرزانە بۆ داهاتووی
بابێ و
لەچاپخانەی شۆڕش

سەدەفی
ئەزموونەکانی بشکێنێ
لە قووڵایی زەینی کامپیوتێرەکاندا
لەسەر بەستێنی لاپەڕەکانی پێشڕەو
مرواری وڵام دەربێنێ.

با سۆراغی هەودای
تیشکی بیر و باوەڕی
لە تان و پۆی ڕووناکایی
جار و بارەی
گڵۆپی ماڵە کورتەباڵاکانی
گوندەکان و
گەڕەکە فەرامۆشکراوەکانی شار بگرن.

با ڕازی شکۆی
بە سەربەرزانەی مردنی
لەو دارتێلەی لە ئامێزیا
لەگەڵ تەزووی کارەبا دا
ئاوێتەی کردن
بپرسن.

* * *

لە دوای کۆچی نابەوەختی
وا هەست دەکەین،
بە ئیلهام لە تیشکی چاوی،
شۆقی دیدەی گڵۆپەکانمان گەشترە
ڕۆشناییان
لەچاو جاران،
گەلێ گەلێ
ڕوو خۆشترە.



## "ئەستێرە بە سێدارەوە"

ن: فەریبا مەرزبان

و: پەیمان

لەگەڵما وەرە
وەرە و بڕوانە ئەم خۆڵ و خاکە
وەرە و مەڵێ
ئەمە سەر زەوی مردوانە
لەگەڵما وەرە خاوەران
بە دیدەی دەروون
پیا بڕاونە و
بە سەڵای بەرز
بڵێ
سەر زەوینی دەلالی خاوەران
پیرۆزترین سەرزەوینی وڵاتی منە.

لەگەڵما وەرە
تا شارێك لە خۆشەویستی و ئەوینی تیا بدۆزیتەوە.

لەگەڵما وەرە و
بڕوانە
ئەم دەستە ساردانە
ئەم سینگە سوورانەو
ئەو دڵە نووستوانەی لە ژێر گڵدا
ڕۆژگاری،
گەرم و گوڕترین دەست
ئەرخەوانی ترین سینگەكان بوو ون و
ڕۆژگاری،
پڕ حەرارەت ترین دڵەكان.

لەگەڵما وەرە و
بێڵە با
نەمامی ئەندێشەكانمانی
كە سەردەمانێك تا چ ڕادەیەك تازە بوون!
تێدا سۆراخ بگرین و
ژیلەمۆیەكی كە ئێستا
لە مجریەكانمان دا هەڵگرتووە
بەسەر ئاوی ڕەوانی خەلیج و خەزەر دا
لە بیرەوەریاندا،
بپڕژێنن.

لەگەڵما بێ
لەگەڵما وەرە خاوەران
وەرە، كارەساتێك لە ئارادا نییە
تاوانێك لە ئارادا نییە
سەرەكان
بە گشتی،
بەرزن لەوێدا
بێ، تا بە چاوی خۆت ببینی لەوێ
ئاسمان نیشتۆتە زەوی و
ئەستێرەكان بە سێدارەوەن.

وەرە، تا بە چاوی خۆت ببینی
دەشتێك لە شقایق،
لە سپێدە و
ئەستێرە،
لە ئامێزی بیاباندا.

وەرە لەگەڵما
لەگەڵما وەرە خاوەران
لە وێندەرێ
بێئەژمارن
سینە گەلێكی سوور،
كە، چاو لە ڕێی تۆن.

لەگەڵما بێ
گەلێك گەردنی هەڵبڕاو
لە فوارەی سووری خوێن
لە چاوەڕوانی
هەنگاوە بەهێزەكانی تۆدان
لەگەڵما بێ
لەگەڵما وەرە خاوەران.

پێشكەشە بە یادی گشت گیانبەخت كردوانی نێو زیندانەكانی كومارئیسلامی.

***

بەبۆنەی کرانەوەی مەدرەسەکان و دەستپێکردنی ساڵی تازەی خوێندن وە بێ ئیمکاناتی و بێبەشبوونی منداڵانی کار و سەر شەقام لە خوێندن کە یەکێك لە سەرەتایی ترین و بنەمایی ترین مافی ئینسانی خۆیانە .

## منالّی سەر شەقام

و: لە فارسییەوە: دەریا

سەر پەنا ؟ نییە
پۆشاك ؟ نییە
دایك ؟ نییە
ناوی دایك؟ .....
من منالّی سەر شەقامم براکەم!
لە کوێیە ئەو قالّییە بالّدارەی بڕیار بوو بە ئاسمانەکاندا بمگێڕیّ؟
یەکشەمەکان ، خەونەکان و ئاواتەکان لە یاد چوونەتەوە !
ئەو منداڵەی کە لە چیرۆکەکانا قارەمانی یارییەکانیان دزی،
ئەوە منم ،ئەوە منم....
گەر دایکم هەبوایە؟
ئەگەریش ناکریّ ....
رەنگە لە شەقامەکان لێوەکانیم بە شیعر خوێندنەوە هێنابایەتە بزە ،

تامی شیری دایك چۆنە؟
دایکان چۆن لایەلایە بۆ کۆرپەکانیان دەخوێنن؟
بۆنی دایك چۆنە؟
چ کەسێك دەیزانیّ؟
کیّ دەتوانیّ وێنەی دایکم بۆ رەسم کا،
لەشەوێکی تاریك , سارد و بەفریدا
کە پەنجەکان دەبوونە سەهۆلّ و دایکێك منداڵەکەی لە یاد کرد؟
دەبا منیش لە پالّ ئەو وێنەیە دا بم!
ئێستا لێم تێدەگەی براکەم ؟

....ئەمانە وەك وێنەیەکی رەنگاڵەیی رووی دیوارێکن
کە پڕن لە گڕوو تینی ژیان!
سەرنجت راناکێشن، براکەم؟!
تۆ، ژێر پردێکی ساردو تاریك و خەمینت بینیوە؟
تا ئێستا , وەك توتکە سەگ،
لە ژێر پردێکا هەستت بە سەرما و سەهۆلّ بەندان کردووە براکەم؟!
تا ئێستا، مەرگی ئەستێرەیەکت بینیوە؟
لێگەریّ براکەم، لێگەریّ .... !!
گەر حەز دەکەی پێلاّوەکانت کە قیمەتی ژیانی منە,
بۆیاخ بکەی ....
وەرە بۆیاخی کەم.
ئەوەندەی بۆیاخ کەم ، وەك ئاوێنە بریقە بداتەوە...
بە چەشنێك ، روخساری دۆست و دوژمن و ...
هەموانی تێدا دیار بێت .
*****
سەرپەنا؟ نییە
پۆشاك ؟ نییە
دایك ؟ نییە
تا ئێستا، لەو پەری نەداریا لە تەنیاییا،
لە ئامێزی باخێکی پڕ لە میوە دا دەستگیر کراوی ؟
بریا جارێك، تەنیا بۆ جارێك باوکم ئەبوو!
بەلاّم باوکیشم نیە لیم دات ، ئەزانی ؟!
کیّ ئەو دەستە پینە کراوانە دەناسێت کە بۆنی خۆشەویستی لێدێت؟
من ، وەیلانی ئەو دەستانەم !
لە رۆژانی جەژنا، باوکان بە دیاری چی بۆمنداڵەکانیان ئەکەن ؟
شتی وام لە یاد نیە !
ئێوە لە جەژنەکانتانا چیتان کەم بووە؟پێم دەلّیی ؟

لە جەژنەکانا هاورێیەتی و دۆستایەتی ، پاك و سەمیمیە.

... وانیە؟

لە پاش جەژنەکانتان،

لە پاش فڕێ دانی شتەکانتان ،

من ئەوان لە سەر شەقامەکان هەڵدەگرمەوە!

تەنانەت مانگ و خۆریش !

ئەگەر باوکێکم ببوایە, کە لێشیم زیاد بوو...

ئەوەتا دیسانەوە مندالْ دەبوومەوە شادیم دەکرد،

هەر ئەو جۆرەی کە ...

... لێگەڕێ براکەم ، لێگەڕێ !

جێژن ، بە من چی

دیاری بە من چی , باوك بە من چی، براکەم ؟

*****

جەناب!

ئێوە خەم و خەیاڵتان هەیە؟

دە پێم بڵێ...

تا ئێستاخەونێکت بینیوەو نەهاتبێتە دیی ؟

بۆمی بگێڕەوە ...

ئەحمەد ، خەونێکی بینیوە ...

لە ژێر پردێکا پێکەوە ئاشنا بووین

لەشەو درەنگانێکدا پێکەوە دەردی دڵمان دەکرد

هیلاك و شەکەت ، بەشەرمەوە دەیگێڕایەوە...

دەیگێڕایەوەو شەرم دەیگرت

تۆ خەونە جوانەکانتم بە کرێ پێ دەدەی ؟

هەتا منیش ، پێڵاوەکانت بێ پارە بۆیاخ بکەم

...خەونەکانت ... خەونەکانت بۆ من ....

بەڵام ، لێگەڕێ براکەم!

سەیر کە ئەو پێڵاوانەت چ جوان بۆیاخ دەبنەوە

تۆ بەم پێڵاوانەوە بە راحەتی پیاسە دەکەی

تۆ !

ناتوانی لێم تێبگەی

با سەر شەقامەکان لێم تێبگەن

تۆ لێم تێمەگە

با رووداوی لاپەرەی رۆژنامەکان لێم تێبگەن

تۆ لێم تێمەگە

با دڵۆپە فرمێسکی بێ ناونیشان لێم تێبگا

تۆ لێم تێمەگە براکەم !

تۆ لێم تێمەگە ...

من بەو پێڵاوانەشەوە کە نیمە

هێشتاش بە شوێن چارەنووسدا وێڵم .

ئەگەریش شەقامەکان داك و باوکیان نیە،

بەڵام چی بکەم ؟

من ، منالّی سەر شەقامەکانم براکەم!

لە هەر داهاتوویەکی نادیاریش دا بم،

من منالّی سەر شەقامەکانم...

من منالّی سەر شەقامەکانم براکەم!

***

تێبینی: ئەم شێعرە بە زمانی تورکی وتراوە



# چند شیعرێکی ڕازان

## ((مەرگی مەشکوك))

لاچن، لاچن،
ئامبولانس منی پێیە.
لەوانەیە بەقاڵی گەڕەکم دیبیٚ و
لە تەریقیا مردبم.
یان، ئەم بەیانیە لە پەلە پەلا و بە ڕاکردن
هەناسە دانم بیر چوبیٚ.
لەوانەیشە دیسانەوە خۆم کوشتبیٚ.

## ((ئادەمیزاد))

ئێسقانی سەگ؟
ئیسقانی چۆلەکە؟
ئێسکلێتی ئادەمیزاد
کاتێك کە دلنیات دەکات،
زیندوو نابێتەوە و،
نابێت بە سەربازێکی سەر سنوور.

## ((یاریچی))

نە (پلە)
نە (مارادۆنا)
کەسیان یاریچی باش نین
ئەزانی چەن سواری ئەخۆین؟
ئەگەر کەسیٚ وەك چگوارا،
تۆپی زەوی خاتە سەر تل.
((تەزبێحی شێعر))

کاتیٚ شێعر دێتە سەر ڕێم
خۆ کچێکی نەشمیلانەی قوتابی نیم
وەریگرم لە قژمی دەم.
یان قلّپی دەمە ناو دلّی جانتاکەمەوە.
کرێکارێکی چەوساوەم، کە ناوێرم وەریبگرم،
ئەلّیم نەبا ئەندازیار بێو، لە ترسا نا و
بە دەم هوژمی پاچەکەمەوە
جەستەی ناسکۆلانەی شێعر لەت لەت بیٚ.
ئەلّێم نەبا وەریگرم و بورکانی بلۆقەکانی ناو دەستم
بیسوتێنیٚ.
چش لەم دنیا ئاوەژووەدا
با من کرێکارێکی بیٚ ناو بم و
شێعریش تەزبێحی سەندەلوسی دەس شاعیرانی گیرفان
پڕی

سەرمایە بیٚ.

## ((ڕۆژنامە))

من بیٚ ڕەحم نیم،
بیٚ سەوادیش نیم.
کە ڕۆژنامە ئەکڕم
ئەگەر هەواڵێکی تازەی، مردێکی تازەی تێدا بێت
بە فرمێسکی تازەترم دەیخوسێنم
هێندە کە لۆچ بێت و
ئیتر بۆ کەس نەخوێندرێتەوە.
ڕازان _ تاران 76

ئەم شێعرانە دیاری هارێیەکی گەلێك ئازیزن، لە ناوەوەی ولات، و بەناوی خازراوەوە ناردونی بۆ پێشەنگ.

***

# نامەیەک لەناخمەوە

ن: شەماڵ

خۆشەویستی دڵی بردووم
کردوومی بەژیلەمۆیەک
کەهەرتاوە بەپزیسکێک
گەش دەبمەوەو
دووبارە وەک خۆم دەسووتێم
ئەم رۆژگارە
بەفر هاوڕێ لەگەڵ باران
منیان بردووتە ناو دنیای
زستانێکی ساردویرەوە
خۆت دەزانی چیت لەمن کرد
تۆ گوڵەکەم
کردوومت بەگەردوونەیەک
بۆدەستی خۆت و
دەمسووڕێنی بەکەیفی خۆ
من وباوەڕ بەعەشقی تۆ
لەگەڵ وەرزی هەتاهەتاییا نەبێ ناژیم
من هیچکاتێک
تێر نەبووم لەو
ماچە خەماویانەی دڵت
من و نەشئەی ڕەنگاڵەیەک
هەتاوێک و
شەوێک ومانگێک...
لافاوێک لەهزری نامۆ
منی غەریب
لەناولاتێکی غەریب دا
لەبۆ غوربەت
غەریب کەوتم
فرمێسکەکان ئەمجارەیان
لەباتی شین
چاوەکانم دەکەنە شاشەو
شاشەی چاوم بێژگە وێنەی
منداڵێکی تەمەن کورتی
حەفتا ساڵان تیانابێنی!
ئەمڕۆ مەیدان
چۆڵ کەوتووە بۆ ئەوانەی
وابێ مێشکترن لەخودی خۆو
وەکوو شێتێک یەکتر دەخۆن
تۆش لەولاوە
پیاڵەی مەستیت لێ سەرناوەو
قاقا بۆخۆت پێم دەکەنی
منیش لێرە لەگەڵ
ئەو پیاوە نامۆوشێتەم وا
دووگوڵ
لەسەر دەستی دەژاکان و
ئەو خەریک بوو
ئاوی دەستی
دەکردە ژێربەردێکەوە
هەتاوەکوو
گوڵ سەردەرکا و
خۆشەویستی ببێت
بەڕەمزی یەکگرتن
لەبۆ بەختەوەری مرۆ
بۆ یەکسانی وبۆپێشکەوتن
ئەرێ وایە
ئەمەیە وەرزی خەمی من

***

# "ژیان ئێوارەیەکی پاییزیە"

ن: هەژیر نیذا

لەگەڵ سەمای درەختەکانا ڕامژێنە
ئەمە دوایین گۆرانییە
با" بە گوێ وشەکانما ئەچرپێنێ
دووایین دیداری ئەم ژوانە
تراژیدیایەکی بەجێماوە
ڕووخانی شاری حەزەکانمانی پێ تاساوە.
* * *

ژیان دووبارە
لە پشت شوشەکانی هەناسەمانەوە "تەم" دەکات
ژیان سەوزە، نارنجیە" سوورە، زەردە
وەرە ئازیز
با پێکەوە تەمی ئەم وەرزە بسرینەوە
با لە گەرووی ئەم هاوارەوە
مستەکانی هەڵپێکراومان هەڵکەین
وەرە بێدەنگی ئەم شەقامە
با بە ئەوین بشکێنین.
کاتێك لە ئاپۆرەی باوەڕمان
مانیفێستی خۆمان دادەڕێژین،
بۆ لەت بوونی ژیا ن
جفەیان دێ و
خۆڵوو دەبێتە پێخری بیرۆکەیان.
* * *

وەرە هاوڕێم
هەنگاوەکانی قورسی لە دایك بوونی وەرزی سەوز
لە کۆڵانە ساردو سڕەکانەوە بەرینەوە لای هەتاو
هەورەکان ڕامالین
لە مەڵبەندی ڕووت، ئێوارە با بردووەکان
بەستەڵەکی خاڵی گیرفانمان پڕ دەکەن
لێومان لە گۆچووی وشەکانەو
هەڵوەریوی ئەم وەرزەمان بۆ کۆ نابێتەوە
* * *

پەنجەرەکان ورد و خاش و
شەقامیش ڕەگی درەختەکانی لە کۆڵ ناوە
ژیان ئێوارەیەکی پاییزیە
لە چاوەکانی منەوە سەوزە
ژیان دایکە
لە بەرە بەیانی خۆشەویستی مناڵێکا ئارام دەگرێ
* * *

ژیان ئەوینە
لە بەرۆکی کچانی شار دراوە
ژیان شان و قۆڵی شەکەتی ڕێبوارانە
تۆزی مێژووی پێوە دیارە
* * *

ژیان خۆرنشینی چاوەکانمە
لە بەرە بەیانی خۆزگەکانەوە هەڵدێت.

***






HELP
ا
ل
ع
ر
ا
ق


PESHANG 15